ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ

# ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی
ژنانی دێمۆکراتی
کوردستانی ئێران

جۆزەردانی ١٣٨٦
ژوئەنی ٢٠٠٧

١٧




ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان
Photo: Hengameh Fahimi AFP

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

ژنان

# پێڕست


- ٥ ساڵ لە تەمەنی پڕ بەرهەم‌و پڕ لە شانازی گۆڤاری ژنان ...... ٢
- پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنان‌و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی لەدایك بوونی بارزانی ...... ٣
- پەیام بۆ کۆڕی ڕێزگرتن‌و یادکرنەوەی ٣ی ڕەشەممەی ١٣٧٧ی هەتاوی سنەو یادی خۆپێشاندانی خوێناویی ساڵی ١٣٨٤ی خەڵکی ماکۆ ...... ٤
- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان ...... ٥
- کۆبوونەوەیەك بۆ یادکردنەوەو ڕێزگرتن لە ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن ...... ٦
- پەیامی یەکیەتیی ژنان بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...... ٩
- پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...... ١٠
- پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی ژنان دێموکراتی کوردستانی ئێران ...... ١٢
- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی شەهیدکرانی پێشەواو هاوڕێیانی ...... ١٣
- مەحکووم کردنی جینایەتێکی گەورەی سەدەی ٢١ ...... ١٣
- بێدەنگی شەرمە لە بەرامبەر ئەو تاوانەدا ...... ١٤
- ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن داوای دژ کردەوە نیشاندان بەرامبەر توندوتیژی بە دژی ژنان دەکا ...... ١٦
- هەڵسەنگاندنی ژنی کوردی دیاسپۆراو ژنی دانیشتووی وڵات ...... ١٧
- پێوەندی نێوان فیمینیزم‌و ناسیونالیزم ...... ٢٠
- فیمینیزمی کوردی‌و ڕۆڵی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...... ٢٤
- کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی حیجاب چرتر دەکاتەوە ...... ٢٥
- ئایا بەردباران کردن تەنیا پێوەندی بە پیاوانەوە هەیە؟؟ ...... ٢٧
- کارنەواڵی بەهاریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...... ٢٩
- کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان ...... ٣١
- چەند هەواڵێکی پێوەندیدار بە ژنانی جیهان‌و ئێران‌و کوردستان ...... ٣٤
- تۆماس هۆبز ...... ٣٧
- لە تووڕە بوون خۆتان بپارێزن ...... ٣٩
- شمشیر ...... ٤١
- شێعرو پەخشان ...... ٤٢
- منداڵەکانتان بۆچوون بۆ باخچەی ساوایان ئامادە بکەن ...... ٤٧
- دەرمانی قەڵەوی ...... ٤٨
- بژیوی بە شیری دایك ...... ٤٩
- کاریگەریی وەرزش‌و جووڵەکانی ئێرۆبیك بۆ تەندروستی ...... ٥١
- خەریکە ئەم کارەساتە ترسێنەرانە بەلای هەمووانەوە ئاسایی دەبێ ...... ٥٢



**ئازادی بۆ ژن**

**بەختیاری بۆ کۆمەڵ**



**گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

(سێ مانگ جارێك دەردەچێ)

**خەزەڵوەری ١٣٨٦، ژوئەنی ٢٠٠٧**

**ژمارە ١٧**

**دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری "ژنان":**

**خەدیجە مەعزوور** — **کوێستان فتووحی**

**عیسمەت نستانی** — **نەسرین حەسەن زادە**

**شنۆ مێهرپەروەر** — **حەلیمە ڕەسوولی**

**"ژنان"** لەسەر ئینتێرنێت:

www.Kurdistanukurd.com

ئیمەیلی گۆڤاری **"ژنان"**:

jnanirojhelat@yahoo.com

ئیمەیلی بەرنامەی **"بۆ بەختیاری کۆمەڵ"**

RDKjnan @yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندیگرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

00964 - 7702103121

نامەو نووسراوەکانتان لە ڕێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و بنکەو نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات، بۆ گۆڤاری "ژنان" بنێرن.

**تایپ‌و مونتاژی ناوەوە: سکاڵا حەکیم زادە** — **دیزاینی بەرگ: ئەیوب شەهابی راد**

# ٥ ساڵ لە تەمەنی پڕبەرهەمو پڕ لە شانازی گۆڤاری ژنان

خەدیجە مەعزوور

مانگی رەشەممەی ساڵی ١٣٨٠، فێورییەی ٢٠٠٢، گۆڤاری"ژنان" لە نێو کۆمەڵێك ژنی بەهەستو ئیمان قایم کە گۆشەیەکی بچووکی سوکانی شۆرش لەنێو دەریای پڕتەلاتمی گەیشتن بە کەنارەکانی سەرکەوتنیان بە دەستەوە گرتبوو، ئارام ئارام پێی نایە گۆڕەپانی چاپەمەنی.

گۆڤاری "ژنان" لە ماوەیەکی کورت لە تەمەنی بوونیدا خۆی سەلماندو بوو بە هاوتەرازی چاپەمەنییەکانی دیکەی ئەمرۆ. ئەگەر زۆرم نەگوتبێ بڕێکیش لەو گۆڤارانەی کەلە خەمو ئازارو ژێر دەستەییو سەرکەوتنی ژنان لە بوارە جوراوجورەکانی هونەرو ئەدەبیاتو ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی دەدوان لە پێشتر بوو. گۆڤاری "ژنان" بەحەق بە لە دایك بوونی خۆی، بە چاوەروانی ئەوانەی بەتەنگ کێشەکانی ژنانەوە بوونو لە پێناو گەیشتن بە مافی یەکسانی ماندوو بوون کۆتایی هێنا.

ئێستا گۆڤاری ژنان پاش تێپەر کردنی ٥ ساڵ لە تەمەنیدا وەك تاقانە گۆڤارێکی کوردی لە کوردستان دا توانیویەتی تا ڕادەیەك کەلێنی بەتاڵی گۆڤارو چاپەمەنێکی کوردی پێوەندیدار بە کێشەی ژنان پڕکاتەوەو ببێتە مینبەرێك بۆ هێنانەگۆڕی کێشەکانی پێوەندیدار بە ژنانو تەنانەت ببێتە ناوەندێك بۆ بڵاو بوونەوەی نووسێنو وەرگێرانو بابەتە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە ژیانی ژنانو منداڵان.

لە سەرەتادا گۆڤاری ژنان وەك گشت چاپەمەنییەکانی دیکە بێکەمو کووڕی نەبوو، لەبەر ئەوەی یەکەم ئەزموونی ژنانی دێموکرات بوو کە دەهاتە سەرگۆڕەپانی عەمەلەوە. ئاشکرایە دەرکردنی گۆڤارێك کە بۆ یەکەم جار تاقی دەکرێتەوە، تووشی هێندێك کێشە دەبێو بە تایبەت لە بواری نێوەرۆكو مونتاژو کارەکانی پێوەندیدار بە چاپەمەنییەوە. گۆڤاری ژنانیش لەم ڕێسایە بەدەر نەبوو گەلێك کەمووکوڕیو هەڵەی تێدا بوو بەڵام بەهەست بە بەرپرسایەتی کردنی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە وردە وردە، ئەم کەموکووریانە بەلانی کەمی گەیشتو هەوڵ دەدرێ تا ئەو جێگایەی بکرێ بێکەموکوڕی بێ تەنانەت گۆڤارێکی بە تەواوی دڵخوازی خەڵك بە گشتیو ژنان بە تایبەتی بێ.

با لە تەمەنی ٥ ساڵەی گۆڤاری ژنان دا، ئەو ئیعترافە بکەین پێمان وابوو دەبێ زیاتر لەسەر هێزی خۆمان وەك ژنان لە نووسینو وەرگێرانو تەنانەت لە باری فەننییەوە وەك کاری دیزاینو تایپو مونتاژی ناوەوەو دەرەوەی گۆڤارەکە حیساب بکەین، دەبێ بڵێین ئەگەر لە بواری فەننی تا رادەیەك پشت ئەستوور بە خۆمانین بەڵام لە بواری نووسینو وەرگێڕان دا ئەو نەخشە سەرکییەمان نیە کە چاوەروان دەکرا. دەبێ بڵێین لەو بوارەدا نەخشی پیاو زیاتر بووە لە نەخشی ژنان، دیارە ئەوەش جێگای خۆشحاڵییە کە پیاوان لەگەڵ ژنان دەستیان داوەتە قەڵەمو لە سەر کێشەی ژن بابەت دەنووسن، لێرەدا پێویستە سوپاس و قەدرزانی پێشکەشیان بکەینو ئاوات بخوازین هاوکاریەکانیان لە بواری نووسینو وەرگێرانەوە هەر بەردەوام بێو هەمیشە لە نووسینو وەرگیرانەکانیان پێشوازی دەکەینو لە سەرچاوی دادەنێین.

بەڵام دەستەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ژنان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ژنانی کوردستان بە تایبەت ژنای نێو ریزەکانی حیزبی دیموکرات دەبێ وەك پیاوان چالاك بنو لەوان زیاتر خەمخۆر بن لە مەیدانی رۆژنامەنووسیداو نەخشی سەرەکی لە نووسینو وەرگێرانو ئەو کارانەی لە فەننی رۆژنامەنگاریدا پێویستن بگێرن. دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری خۆشحاڵو دلگەرم تر دەبێ، ژنانی شارەزا لە بواری نووسینو تێگەیشتوو ئاگا لە بوارەکانی دیکەدا لە پەنا خۆی هەست پێبکاو گۆڤارەکەی خۆیان گۆڤاری "ژنان" بە بابەتو هاوفکریو هاوکاری لە هەر بوارێك دا دەوڵەمەندتر بکەن.

لە تەمەنی ٥ ساڵەی گۆڤاری ژنان دا جارێکی دیکە سوپاسو پێزانینی دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤار پێشکەشی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بە بابەتو رەخنەو پێشنیار ئەو گۆڤارەیان بەسەر کردۆتەوە بۆ هەرچی بێکەموکووڕی کردنی. دووبارە دەستی هاوکاری بۆ لای هەموو ژنانو پیاوان درێژ دەکەین کە بە جۆرێك لە جۆرەکان گۆڤارەکەمان بەسەرکەنەوە.

❊❊❊❊

**ڕێکەوتی ٣ی ڕەشەممەی ١٣٨٥، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠٤ ساڵەی لە دایك بوونی مەلامستەفای بارزانی، سەردانی بارزانیان کردو هەر بەم بۆنەیەوە تاجە گوڵێکیان لە سەرگۆڕی ئەو نەمرە دانا. هەروەها پەیامێکی هاوبەشیشیان پێشکەشی ئامادەبووانی سەرگۆڕی ئەو سەرکردەیە کرد کە ئەوە دەقەکەیەتی:**



ئارەزوو نستانی ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

جەماوەری ئامادە لە سەر مەزاری نەمران لە "بارزان"ی خۆڕاگر!

ئەمرۆ ١٤ ئاداری ساڵی٢٠٠٧ ی زایینی ، ١٠٤ ساڵ بە سەر لە دایکبوونی سەرکردەی ناوداری کورد، ژەنراڵ مستەفا بارزانیی نەمردا تێ دەپەڕێ. بارزانی ئەو شۆڕشگێڕە بە توانا و کۆڵنەدەرە بوو کە زیاتر لە نیو سەدە لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەبات دا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی بە ئەستۆوە گرت. نە بە وادە و بەڵێنییەکانی دوژمنان بە فریو چوو، نە لە بەرامبەر پەلاماری دڕندانەیان دا بە چۆك دا هات. بارزانی ئەو ڕێبەرە نەتەوەییە بوو کە کوردی وەك یەك نەتەوە و کوردستانی وەك یەك نیشتمان چاو لێ دەکرد. هەر بۆیە کاتێك لە ساڵی ١٩٤٥ دا بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە پەرەسەندن، بە خۆی و سەدان کەس لە باشترین و کارکوشتەترین هەواڵەکانیەوە رووی کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر وەك بۆ خۆی فەرموویەتی وەك پێشمەرگەیەك لە کۆماری کوردستان دا خزمەتی کرد.

لە ڕۆژی دامەزرانی دەوڵەتی جمهووری کوردستانەوە، سەرۆك بارزانی لە تەنیشت پێشەوا قازی محەممەد و لە پشتی کۆمارە تازە دامەزراوەکەی کوردستان ڕاوەستاو هەموو توانای خۆی بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە مێژووییەی کورد خستە کار. بۆ ڕێزگرتن لەو دڵسۆزی و قارەمانەتییە بوو کە لە لایەن پێشەوا و کۆماری کوردستانەوە پلەی ژەنراڵیی پێ بەخشرا و وەك یەکێك لە گەورەترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە ساڵانی ٤٦ـ١٩٤٥دا ناوی لە مێژوودا تۆمار کرا.

ئێمە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، دوو ڕێکخراو کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لە سێبەری ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ژەنڕاڵ مستەفا بارزانی دا دامەزراون، شانازی دەکەین کە لەم ڕۆژە مێژووییە دا لە سەر گڵکۆی پیرۆزی ئەو سەرداره نەمرە ئامادەین و دەتوانین بە پێشکەش کردنی تاجە گوڵینە، ئەمەگناسیی خۆمان و ژنان و لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵات بەرامبەر بە ڕۆحی پاکی بارزانی دەربڕین.

پەیمان بێ، پەیمانی ژنان و لاوانی بە وەفا و بە باوەڕ کە هەتا سەرکەوتنی یەکجاری و تا گەیشتن بە دوا قۆناغی ڕزگاری، ڕێگای پێشەوا و بارزانی بەر نەدەین و دەرسەکانی ئەو دوو نەمرە بکەینە چرای ڕووناك کەرەوەی ڕێگای تێکۆشانمان.

سڵاو لە یادی بارزانیی نەمر!

سڵاو لە ئازادی!

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان!

نوێنەرانی
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٠٠٧/٣/١٤

**پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# بۆ کۆڕی ڕێزگرتن و یادکردنەوەی ٣ی ڕەشەممەی ١٣٧٧ هەتاوی سنەو یادی خۆپیشاندانی خوێناویی ساڵی ١٣٨٤ی خەڵکی ماکۆ

**لە لایەن نەسرین حەداد ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.**



هاورێیانی خەباتگێڕو تێکۆشەر!

بەشدارانی ئازیز!

خەڵکی خەباتکارو خۆڕاگری کوردستان!

لاوان، خوێندکاران‌و ڕووناکبیران!

بە سەرنجدان بەخەباتی پڕ هەورازو نشێوی بزووتنەوەی مافخوازی نەتەوەی کورد لەقۆناغ و هەلومەرجە جیاجیاکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەڵی کوردەواری‌و چین‌و توێژە وریاکانی، لە هەر شێوازێکی گونجاوو پێویست و سەردەمیانە، بۆ هێنانە بەرباسی ویست‌و ئامانجەکانیان، بەمیکانیزمێکی نوێ‌و خەباتی نەتەوایەتی‌و بەرحەقی خۆیان کەڵك وەردەگرن‌و بەرەو پێشەوەی دەبەن. بەڵام هەروەك لە سروشتی داگیرکەرانی زاڵ بە سەر کوردستان دا دەردەکەوێ، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی‌و چ لە سەردەمی ئێستای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا، لە هەر پیلان‌و دەرفەتێك گەڕاون بۆ چەواشەکردنی ویست‌و داخوازییەکانی نەتەوەی بندەستی کوردو هەوڵیان داوە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی خەباتی مافخوازی ئەم نەتەوەیە بە لاڕێ دابەرن. بۆیە بەردەوام و دوای قەدەغەکردنی تێکۆشانی ئاشکرای هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لە ڕێگەی قەدەغەکردنی هەر چالاکییەکی سیاسی - فەرهەنگییەوە، ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت لاوان و خوێندکاران وەك دوو بەشی چالاکی کۆمەڵگا، لەشوناسی کوردبوونی خۆیان بشواتەوە، تاکوو بتوانێ لە ڕێگەی پشت گوێ خستنی مافە سەرەتاییەکانی ئەم نەتەوەیەو کزکردنی هەستی ناسیونالیستی پێشکەوتنخوازانە، پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی نەتەوەی کورد بەو شێوەی کە مەبەستیەتی بە ئامانج بگەن. بەڵام ڕووداوی گشتگیری ٣ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٧٧ لەشاری سنەی خۆڕاگر، کۆمەڵێك ڕاستی حاشاهەڵنەگری بۆ ئەم سەردەمەی قۆناغی ڕزگاریخوازی کوردو ئەویندارانی گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەرخست. هەروەك دەزانن، هۆکاری دەسپێکی ئەم نارەزایەتییە جەماوەرییە، دژ بە سەرەڕۆیی‌و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، گیرانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرکردەیەکی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان بوو لە کوردستانی باکوور. بەربڵاوی سەرهەڵدانەکەو یەکگرتوویی خەڵك چ لە شاری سنەو دواتر شارەکانی دیکەی کوردستانیش کۆمەڵێك هێمای جێگەی شانازییان پێوە دیار بوو.

وانەکانی هاوخەباتی‌و هاوخەمیی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و نۆژەنکردنەوەی بیری ناسیونالیزمی مۆدێرنی نەتەوەی کورد، بە دەستی بەهێزی نەوەی نوێ‌و خوێندکاران‌و چالاکانی زاناو وشیار، ئامادە بوون بۆ ئۆرگانیزەکردن‌و مۆدێرن کردنی خەباتی سەردەمیانەو نەتەوەیی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی شکست‌و سەرکەوتنەکانی ڕابردوو، بەشێکن لەو پەیامەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و لە پێشەوەی هەمووان لاوان‌و خوێندکاران‌و ڕووناکبیران لە ڕووداوی ٣ی ڕەشەممەی ٧٧ی شاری سنەو سەرهەڵدان‌و ڕووداوەکانی شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان، کە بە دەنگی بەرزو پێشکەشکردنی خوێن ڕایان گەیاند.

ئێمە وەك یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بەرز نرخاندنی ئەو ئازایەتی‌و بوێرییەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت خەڵکی سنەی قارەمان لە خۆیان نیشان داو، بە بەخشینی قوربانی، سەلماندیان کە ئامادەن هەر وەك ڕابردوو بۆ گەیشتن بە ئازادی لە گوللەش نەکشێنەوە. ئێمەیان بۆ درێژەدان بە خەبات بۆ گەیشتن بە مافە بەرزو پیرۆزو ئینسانییەکان شێلگیرتر کردوە. بەو هیوایەی بە گرێدانی خەباتی شاخ‌و شارو بە کەڵك وەرگرتن لە لێهاتوویی‌و تواناییی‌یە مرۆییەکانی کۆمەڵگای کوردستان‌و ناسینی هەلومەرجی ناوچەیی‌و جیهانی کە لەم قۆناغەدا، بۆ کورد زۆر لە جاران لەبارترە، بتوانین بزووتنەوەی شۆرشگێری‌و مافخوازی خەڵکی کوردستان لە لوتکەی هیواکانی وەسەرخەین.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ٣ی ڕەشەممەی شاری سنەو شەهیدانی ٢٧ی ڕێبەندانی ماکۆو سەرجەم شەهیدانی کوردستان

سڵاو لە خەڵکی ئازاو بوێری شاری سنەی خۆڕاگرو سەرجەم کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣ی ڕەشەممەی ١٣٨٥

### پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# به بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان



له لایەن سکالا حەکیم زاده ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێشکەش کرا.

ژنانی خەباتگێرو مافخوازی جیهان!
ژنانی تێکۆشەرو ئازادیخوازی کوردستان!

به بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران له لایەن گشت، ئەندامانو لایەنگرانیەوە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژه مێژووییه له سەرجەم ژنان له جیهانو ئێران به تایبەت ژنانی کوردستان دەکا.

٨ی مارس ڕۆژێکی پڕشنگداره له مێژووی بزووتنەوه ئازادیخوازیەکانی ژنان له جیهان دا، ٨ی مارس ڕۆژی هاوپەیوەندیو خەباتیو له گۆڕنانی بێعەدالەتیو وەستان له بەرامبەر شەمشەمه کوێرەکانی نامۆ به مافو ئازادیەکانی ژنانه، ئەم ڕۆژه ڕۆژی گرێدانی ئیرادەو تواناو یەک دەنگیو یەک ڕیزی بۆ پچڕانی زنجیری دیلیو هەڵکردنی شنەبای ئازادیو ساڕێژکردنی مافەکانی ژنان له سەرانسەری جیهانه.

**ژنانی خاوەن بیروباوەڕ!**

ساڵی ١٩٠٧ له مێژووی خەباتی ژنان دا شوێنێکی تایبەتو مەزنی هەیه لەو ڕۆژەدا بوو که ژنانی کارگەی جلوبەرگی شاری ئەمریکا بەمەبەستی باشتر کردنی بارودۆخی کارکردنو حەق دەستو بەرەسمی ناسینی مافەکانیان له بواری کۆمەڵایەتی ڕێپێوانیان وەڕێخست که له لایەن پۆلیسەوه کەوتنەبەر پەلاماری پۆلیسو چەندین کەسیان لێکوژرانو چەندین کەسیشیان لێبریندارو به دیل گیران، بەڵام ژنان کۆڵیان نەداو هەموو ساڵێك به داخوازی نوێترەوه دهاتنەوه مەیدانو سوورترو بەردەوام تر له جاران له سەر ویستو داخوازیەکانیان پێیان دادەگرت.

پێشنیارکردنی ڕۆژی ٨ی مارس له دووهەمین کۆنگرەی نێونەتەوەی ژنان له لایەن خاتوو "کلارا زتکین" ژنه سوسیالیستی ئەڵمانیەوه کراو ساڵێك له دوای ئەو پێشنیاره لەلایەن ئینترناسیونالی دووهەم به ڕەسمی ڕۆژی ٨ی مارس وەك ڕۆژی ژن له جیهان دیاری کرا هەر بۆیه له سەرانسەری گۆی زەوی لەم ڕۆژەدا ژنان به پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری پەیوەندیدار به مەسەلەکانی ژنان وەڕێخستو ڕێپێوانی یادی ئەم ڕۆژه بەرزو پیرۆزه ڕادەگرنو یادی دەکەنەوه، به خۆشیەوه بزووتنەوەکانی ژنان له سەردەمی ئەمڕۆدا ڕێکخراوترو یەکگرتووترنو زیاتر له جاران هەنگاوی موسبەتو بوێریان هاویشتووەو دەهاوێژنو زۆر دەسکەوتی بەنرخیان وەدەست هێناوه. بەڵام مخابن سەرەڕای زۆری هەوڵەکان کێشەی ژنان له جیهان دا به چارەسەر نەکراوی ماوەتەوەو ڕۆژ نیه له گۆشەو کەناری ئەم جیهانه توندوتیژی رووحیو جەستەیی دژ به ژنان نەکرێو به خراپترین شێوه ماملەیان لەگەڵدا نەکرێ، که ئەوەش بۆته هۆی راکێشانی سەرنجی کۆڕو کۆمەڵو کەسایەتیەکانی لایەنگری بۆ هەڵوێسته کردنو چارەسەری ئەو کێشەیه. دیاره ئەو توندوتیژییانه له وڵاتانی پێشکەوتووش دا خۆ دەنوێنن، بەڵام یاساو حکومەتو بنیاتو دامەزراوەکان لەو وڵاتانەدا به پێچەوانەی وڵاتانی دواکەوتوو حکوم دەکرێ بەڵام له وڵاتانی دواکەوتوودا بۆته عورفێكو ئاساییه. له وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراوی ئێرانی ئەمڕۆش دا ژنان وەك باقی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ له سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیان بێبەش کراونو له ژێر سێبەری نیزامی ویلایەتی فقیەدا تووشی چەندین نەهامەتی وەك سەنگسار، حیجابی زۆرەملی، ماملە کردن به ژنانو کچانی کەم تەمەن، موعتاد کردنی مرۆڤ به مادده بێهۆشکەرەکان، چەوسانەوه له ژێر یاسای دژه ژن بەند به بەندی دژی مافو ئازادیەکانی مرۆڤ به گشتیو ژنان به تایبەتیو بگره سەدان نەهامەتیتر که به گرتنەبەری ڕێوشوێنی جۆراوجۆر هەوڵی گەڕاندنەوەی هەرچی زیاتری ژنان بۆ کونجی ماڵو دوور خستنەوەیان له کاروباره سیاسیو ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیەکان بۆ سەپاندنی پۆشینی جلو بەرگی سەرەتاییترین مافی هەر مرۆڤێکه، بەڵام به خۆشیەوه ژنانی ئێران له بەرامبەر ئەو هەموو زەبروزەنگو زوڵمەی که لێیان دەکرێ بێدەنگ نەبوونو به هەرشێوەیەك بۆیان لوابێ له مەیدان دابوون، به تایبەت ژنانی ماندوویی نەناسی کوردستان که هەمیشه له ڕیزی هەره پێشەوەی بزووتنەوه ئازادیخوازیەکان دابوون، و له دووبەرەدا خەباتیان کردوه له بەرەیەك بۆ دیفاع له موجودیەتی گەلو له بەرەیەکی دیکه بۆ داکۆکیکردن له مافه ڕەواو بەرحەقەکانی خۆیان.

هەر بۆ یه یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژه مێژووییه پەیمانو بەڵێن لەگەڵ ژنانی کوردستانو جیهان نوێ دەکاتەوه بۆ داکۆکیکردن له هەر چەشنه مافی ڕەواو بەحەقی ژنان هەوڵ دەداو خەباتی سەرجەم ژنان له جیهان گرێ دەداو پشتیوانی له خەباتو داخوازیەکانیان بۆ وەدیهێنانی مافه ڕەواکانی ژنان له جیهان به تایبەت له ئێرانو کوردستان دەکا.

پیرۆزبێ ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانی جیهان.

یەکگرتووبێ خەباتی ژنانی جیهان بۆ داکۆکیکردن له مافه ڕەواو بەرحەقەکانیان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٨ی مارس ٢٠٠٧
١٧ی ڕەشەممەی ١٣٨٥

**کۆبوونەوەیەك بۆ یاد کرنەوەی ڕێزگرتن لە ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن**

**خەدیجە مەعزوور:**

# ئێمە ژنانی نێو شۆرش دەبێ دژی سستیو خوپێنەگەیاندن ئینقلاب بکەینو جێ پەنجەمان لەسەر مەسەلە گرینگەکانی کوردستان دیار بێ




خاتوو خەدیجە مەعزوور لە سەرەتای قسەکانیدا پیرۆزبایی ڕۆژی ٨ی مارسی بە هەموو ژنانی بەشداری کۆبوونەوەو گشت ژنانی جیهانو ئێرانو کوردستان کردو کوتی:

ئەمرۆ ٨ی مارس ڕۆژ نێونەتەوەیی ژنە، لێرە کۆبوونەوە تا ڕێز لەم ڕۆژە پیرۆزە بگرینو یادێك لە ژنانی ئەو سەردەم بکەینەوە. لە بۆنەکانی رابردوودا لە سەر فەلسەفەی بوونی ئەم ڕۆژە وەك ٨ی مارس، زۆر دواوینو لە ئازایەتیو بوێری ژنانی نزیك یەك سەدە لەوەپێش قسەمان کردوەو ڕێزمان گرتوون کە ئەو ژنانە بەچ نرخێكو بەچ باوەڕێك وەك کێو لە بەرامبەر پۆلیسو ئەو کەسانەی لە کاتی کارکردنی ژنان دا بێ عەدالەتیان دەنواندو مافەکانیان لە کارگەکان دا پێشێل دەکردن،ڕاوەستانو داکۆکیان لە داوا ڕەواکانیان کردو چۆن وردەوردە توانیان بە قوربانیدان خۆیانو مافەکانیان بە دەسەڵاتداران بسەلمێنن. سەدەیەك لەوەپێش ژنان پشتیوانێکیان شك نەدەبرد، قانون شوێنێکی شیاوی بە ژنان ڕەوا نەدەدی، چاپەمەنیو ڕاگەیاندن دیفاعی لە ژن نەدەکرد، مافی مرۆڤ دیاردەیەکی وون بوو. لە ڕاستیدا هەموو هەڵسووکەوتەکان بە دژی ژن بوون، هەڵوێستەکان لە قازانجو بەرژەوەندی ژن دا نەبوو، ژن هەر هەنگاوێکی بۆ هێنانەگۆڕی کێشەکانی هەڵێناباوە تووشی بێحورمەتی، ئەشکەنجەو کوژران دەبوو. لە کاتێکی وادا ژنان هەر مەترسییەکیان بەهەر نرخێك قبووڵ کرد، بەڵام ئاکامەکەی دڵخواز نەبوو. ژنان ئەوەندە ئیعتماد بەنەفسیان پەیدا کرد کە لە هەر وڵاتێکی ڕۆژئاواییدا بەهەر حەرەکەتێك کە دەیان کرد دەبوون بە خاوەن دەسکەوت، توانیان مافی دەنگدان بەدەست بێنن، خوێندن مسۆگەر بکەن، تەنانەت توانیان لە روسیە حکوومەتی بەهێزی تزار وێرای نیوەکەی دیکە بروخێننو لە هێندێك وڵاتی دیکە هێندێ مافی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن.

خاتوو خەدیجە مەعزوور گوتی: ئێستا سەدەی بیستو یەکەو لە ئاکامی خەباتو بەربەرەکانی ژنانی نزیك سەدەیەك لەوەپێش ژنان ئەمرۆ لە چ ئاستێکی پێشکەوتندانو بوون بەخاوەنی چ دەسکەوتێك؟

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەگەر بڵێین لە ئاکامی هەوڵو هیممەتو بەربەرەکانی ژنان لە سەدەی رابردوودا بەشێك لە مافەکانیان چەسپاندو وەدەیان هێنا. هەروەك بە ئاشکرا دەبینین ژنانی ڕۆژئاوا بێ ئەوەی هەست بە جیاوازی بکەن هاوشانی پیاوان لە دامودەزگا سەرکیو بریاردەرەکان دا بەشدارنو خاوەنی دەنگو مافی خۆیانن. ئەگەر هێندێك جار حوزووری بەکردەوەیان لە دەزگا سەرەکیو گرینگەکان دا بە کەمی دەبینین ئەوە بەو مانایە نیە ژن ئیزنی پێنادرێ بەشداری لە شوێنە کلیدییەکان دا بکا، بە پێچەوانەوە. ڕەنگ بێ بە هۆی جۆراوجۆر دەسەڵات بە دەستەوە گرتنی بۆ گرینگ نەبێو بۆی هەوڵ نەدا، گرینگ ئەوەیە ژنی ڕۆژئاوایی لە قانوون دا جێگای شیاوی دراوەتیو قانون پشتی دەگرێو



حیمایەتی لێ دەکاو لە بەرامبەردا بەربەست پێکهێنەرانی سەر ڕێگای سزا دەدا. دیارە ئەوانە هەمووی بەو مانایە نیە کە ژنی ڕۆژئاوایی گیروگرفتی نیەو تووشی توندوتیژی نابێو زۆر راحەت دەژی. نا زۆرجار ئەوانیش وەك ژنانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکەونە بەر پەلاماری پیاو لێیان دەدرێو ئەشکەنجە دەکرێنو تەنانەت دەکوژرێن، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ فەرهەنگی پیاوسالاری لە نێو پیاوانی ڕۆژئاواش دا هەر هەیەو ڕۆژ نیە قوربانی نەستێنێ.

خاتوو خەدیجە مەعزوور لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا رووی لە ژنانی بەشداری کۆبوونەوە کردو گوتی: پێویستە ئێمە وەك ژنانی ئەندام لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خۆمان پرسیار بکەین کە ئێمە ژنان لە سەدەی ٢١دا چۆن هەڵسووکەوتمان لەگەڵ دەکرێو چەندە لە ئامانجەکانمان نزیك بووینەتەوە؟ یا ئێمە ژنان چەندە خۆمان پێگەیاندوەو بووینەتە جێگای هومێدی ژنانی کوردستان؟ لێرەدا لە پێش دا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە لە سەدەی ٢١ سەدەی پێشکەوتنو گەشەی دێموکراسی، هەر ئەوەندە بەسە لاپەڕەکانی چاپەمەنی هەڵ دەینەوە و چاومان بە گۆشەیەك لە جینایەتەکانی ئاشکراو شاراوەی دژی ژنان نەکەوێ، ڕۆژ نیە ژنان لە پشت دەرگا داخراوەکانی ماڵەوەو نێو دامودەزگاکانو نێو شەقامو کۆڵانەکان ئەشکەنجە نەدرێنو نەکوژرێن، بەشێك لە ژنان لە وەحشەتو نائەمنیدا دەژینو لە بواری ئابووریەوە لە ژێر هێڵی سفردا ژیان بەسەر دەبەن، ڕۆژ نیە لە ئێرانو کوردستان دا بە گشتی بە سەدان ژن لە بەر بوونی گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو ئابووری خۆ نەکوژنو بە لارێدا نەکێشرێن و تووشی فەحشا نەبنو لە دامودەزگاکان ڕێژیم دا بێعەداڵەتیو کەمتەرخەمیان لەگەڵ نەکرێ. هەموو ئەم وەزعە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ژنان جێگایەکی شیاوو ئینسانیان لە نێو قانوون دا نیەو قانوون نە تەنیا پشتیوانی لە ژنان ناکا، بەڵکوو بە گونجاندنی هێندێك بەندی کۆنەپەرستانە لە قانوون دا، توندوتیژیو بێحورمەتی بە دژی ژنان لە هەموو بوارەکان دا پەرە پێداوە. باسی فەرهەنگو نەریتی پیاوسالاریش ناکرێ کە بنبڕکردنو کز کردنی هەموو ئەو کێشانە فیداکاری دەوێ.

خوشکانی بەڕێز!

ئەگەر لەسەر یاد بن لە کۆبوونەوەی پارەکەی ٨ی مارس دا، بە ڕوونیو شەفافیەوە ئاماژەمان بە ڕۆڵی ئێوە ژنانی نێو شۆرش کردو کوتمان ئەو خەباتە ئەگەر هەیەو سەر بڵێندەو قایم لە بەرامبەر ڕێژیمێکی غەدداردا ڕاوەستاوەو گەلێك دەسکەوتی فەرهەنگیو سیاسیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتی بە نرخی دەست کەوتوە، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ژنانی بەورەو فیداکاری نێو شۆرش کە پاڵپشتو هاندەری کۆڵنەدەری هاوسەرەکانیان بوون بۆ بە ئاکام گەیاندنی شۆڕش.

بەڵام ئایا هەر ئەوەندە بەسە کە پاڵپشت بینو ئینرژی بدەین بە کەسانی دیکە؟ یا باشترە ببین بەهێزێکی ماددیو بە کردەوە شانبەشانی پیاوانی شورش دەورمان هەبێ لە ئاڵوگۆڕەکان دا؟ زۆرجار باسمان لە ئامادە کردنو خۆپێگەیاندن کردوە. ئەگەر ئێمە نوێنەری ژنانی نێو خۆی وڵات دەکەین، دەوری سەرەکی لە دروست کردنو وەجووڵەخستنو ڕێکخستنی هێزی ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا دەکەوێتە سەر ئەستۆی ڕێکخراوێکی مەسئوولی وەك یەکیەتیی ژنان، بێجگە لەوە بۆ مافەکانمان هەوڵ دەدەین، دەبێ بۆ بردنەسەری وشیاری سیاسیو نەتەوەیش هەوڵ بدەین. لەبەر ئەوەی هەر ئێستا شعوورو هەستی نەتەوەیی لە جۆش دایەو پێویستی بە

هێزێکی پتەوو ئامادەو پێشەنگ هەیە.

مخابن ئێمە لەو ئاستەدا نەمان توانیوە بەو جۆرەی کە شایستەو پێویستە خۆمانو ڕێکخراوەکەمان لە نێو ڕووناکبیرانو نوخبەکانی ژنان کە لەو بوارانەدا تێدەکۆشن ببینینەوە، بۆ گەیشتن بەو ئاستەش پێویستیمان بە خۆپێگەیاندن بە زانستی سەردەم هەیە. بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا کە حیزبی دێموکرات دوو لەت

**ئەگەر ئێمە نوێنەریی ژنانی نێوخۆی وڵات دەکەین، دەوری سەرەکی لە دروست کردنو وەجووڵەخستن و ڕێکخستنی هێزی ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا دەکەوتە سەر ئەستۆی ڕێکخراوێکی مەسئوولی وەك یەکیەتیی ژنان، بێجگە لەوە بۆ مافەکانمان هەوڵ دەدەین، دەبێ بۆر بردنەسەری وشیاری سیاسیو نەتەوویش هەوڵ بدەین. لەبەر ئەوەی ئێستا شعوورو هەستی نەتەوەیی لە جۆش دایەو پێویستی بە هێزێکی پتەوو ئامادەو پێشەنگ هەیە**

بووەو زیاتر پێویستی بە کادری لێهاتووو موجەرەبی ژن هەیە. دەبێ هەموو تواناو ئینێرژیمان بکار ببەینو نیشان بدەین کە یەکیەتیی ژنان زۆر مەسئوولانەو دڵسۆزانە بە ئەرکەکانی هەڵدەستێو زیاتر هەوڵ دەداو وەك هێزێکی سەرەکیو بە ئەزموون، دەسەلمێنێ کە بە مەسئوولیەتو بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە بزووتنەوەو لەو بوارەدا وەك هاوشانەکەی قسەی یەکەم دەکاو وەك ئەو لە مەیدانی خەبات دا بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی گەلی کوردو ماف زەوتکەرانی ژن دەکەین. کەوایە ئێمە دەبێ تەشکیلاتێکی وا بەهێزو بە چەکی زانستو تێگەیشتن لە کوردستانی ئێران دا پێك بێنین، بتوانێ ماهییەتی ڕێژیم بگۆڕێ یا لە بنەڕەت را تەئسیری لە سەر ڕوخانی یا بە چۆك داهێنانی هەبێ. ئەو ڕێژیمەی کە حاشا لە نەتەوەیەکی خاوەن خاكو فەرهەنگو ٨ میلیۆن کەسییەکەی دەکاو وەك کالایەك دەڕوانێتە ژنو لە وڵات دا بە مەوجوودێکی دەرەجە دوو سەیری دەکا. دەبێ ئێمە ژنانی کورد وا سازمان بدەین کە لانی کەم لە هەڵبژاردنەکانو لابردنی دەسەڵاتەکانو ئاڵوگۆڕە گرینگەکان دا نەخشی بەرچاویان هەبێ .

ژنانی بەرپرس!

دیسان با دووپاتی بکەینەوەو بڵێین ئێمە ژنانی نێو شۆڕش دەبێ ئینقلاب بکەین دژی سستیو خۆپێنەگەیاندن، دژی فەرهەنگی ڕزیوو دزێوی نێو کۆمەڵ، دەبێ بۆ گۆڕینی ماددە قانوونییەکانی دژی ژنان پێشەنگ بین، شوێندانەر بین لەسەر مەسەلە گرینگەکان کە ژنان دەگرێتەوە. هەمووما ئاگادارین ژنان لە بواری مافو حووقووقەوە تا ڕادەی کۆیلەیی حیسابیان بۆ کراوە. ژنان نابێ بترسنو خۆیان بە تەنیا هەست پێبکەن لەم سەردەمەدا ژنان، بیروڕای گشتیو ڕاگەیاندن، ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکانو بەتایبەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیان لە پشتە.

با لەو ڕۆژەدا نەتەنیا لەگەڵ ژنانی کوردستان وئەحزابو سازمانەکان زۆر پێداگرانە دیفاع لە مافەکانمان بکەین، بەڵکوو هاودەنگ بین لەگەڵ ژنانی قارەکانی ئەفریقاو ئەمریکاو ئاسیاو ئەمریکای لاتین بۆ لە نێوبردنی بێعەداڵەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دا، هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژی جیهانی ژن لە بەر ئەوە زۆر دیارو گرینگەو ڕەمزی وەفاداری ژنانە، چونکە بێوەبەرچاوگرتنی ڕوانگەکانی سیاسیو ئیدئۆلۆژی جۆراوجۆر لە خەبات دا بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان هەوڵ دەدەنو دیفاع لە مافی یەك دەکەن. هەر ئەم مەبەستە بۆتە هۆی ئەوە هەموو ژنان لە ڕۆژی ٨ی مارس دا بە ئیدئولۆژی جۆراوجۆر بێنە مەیدانو کێشەکانی خۆیان بێنەگۆر.

با لەم ڕۆژە مێژووییەدا بەڵێن دووبارە بکەینەوە، خۆمان بەو شێوەیەی کە سەردەم دەیهەوێ پێبگەیەنینو لە بوارە گرینگەکانی سیاسیو فەرهەنگی، ئابووریو کۆمەڵایەتیدا قسەی یەکەم بکەینو جێگای بەتاڵی مۆرەی ژن لە کۆمەڵەکەمان کوردستان دا پڕکەینەوەو پشت ئەستوور بە هێزی تێگەیشتنی خۆمان بین.

**دیسانەکە ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن پیرۆزبێ.**

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بە بۆنەی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

ژنانی کۆڵنەدەری کوردستان!

ئامادەبووانی هێژا!

٢٤ی رەشەمەی ئەمساڵ ٦١ ساڵ دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکەم رێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستان تێدەپەرێ.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، بە هەوڵو هیمەتی پێشەوای مەزنو تێکۆشانی شێرە ژنانی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێك دا پێك هات کە کۆمەڵگای ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی لە باری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو سیاسی لەو پەڕی دواکەوتوویی دا بوو.

فەرهەنگی سوننەتی دواکەوتووانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەیەك بوو کە ژنان زیاتر لە هەموو چینو توێژەکانی تری کۆمەڵ دەچەوسێندرانەوەو زوڵمیان لێ دەکرا. بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەرگا داخراوەکان لەبەردەم هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی.

دامەزرانی رێکخراوی تایبەت بە ژنان لەو سەردەمەدا دەسکەوتێکی گرینگ بۆ ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران بوو، ژنان بۆ یەکەم جار توانیان داخوازییەکانی خۆیان بێننە گۆڕێو لە تەشەکولی تایبەت  دا بۆ ئامانجەکانیان خەبات بکەن

هاندانی ژنانو هێنانیان بۆنێو تێکۆشانی سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوە بۆ پێشکەوتوویی فکریو دووربینی رێبەرایەتی کۆمارو لە سەرووی هەموویان پێشەوای نەمرن کە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێ کردو بەو رەچە شکێنەی کە پێشەوا زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستا کردی، نەریتێکی پیرۆزی بۆ رێرەوانی خۆیو خەڵکی کوردستان بەجێ هێشت. هەربۆیە جێی خۆیەتی لەم مناسبەتە پیرۆزەدا سەری رێزو وەفا بۆ دامەزرێنەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو لە سەرەوەی هەموویانەوە پێشەوای نەمرو مەرحوومی مینا خانمی قازی یەکەم بەپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دانوێنین.

بەرێزان!

لە کاتێك دا یادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە، کە جیهان بە گشتیو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی بە قۆناغێکی نوێ دا تێ دەپەرێو پایەکانی دیکتاتۆرریەت رۆژ لە دوای رۆژ وەلەرزین دەکەونو دەروخێنو فەرهەنگی دێموکراسی لە جیهان سەقامگیر دەبێو شنە بای ئازادی لە ئاسمانی گەلانی ژێر دەست هەڵی کردوە، چینو توێژەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی تینوی ئازادی، هیوادار بە داهاتوویەکی روون کردوە.

بزووتنەوەکانی ژنانیش لە شکلو شێوەی جیا جیادا بۆ داکۆکی کردن لە مافە رەواکانیانو دەستەبەرکردنی زیاتری مافی ژنان یەکگرتوترو چالاکتر بوونو بەردەوامن لە تێکۆشان. بەڵام مەخابن سەرەڕای هەوڵی رێکخراوەکانو کەسایەتییەکانی لایەنگری مافو ئازادییەکانی ژنان، ئێستاش لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان ژنان زوڵمیان لێ دەکرێو دەچەوسێندرێنەوە، ئەو زولمو زۆریو چەوساندنەوەیە زیاتر لە وڵاتانی دێکتاتۆر لێ دراوودا خۆ دەنوێنن.

لە وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکەی ئێرانیش، ژنان زیاتر لە هەموو کۆمەڵگاکانی تری جیهان زوڵمیان لێ دەکرێو لە سەرەتایترین مافی ئینسانی خۆیان بێ بەشن. جێگیر کردنی رێساو یاسای بە ناو ئیسلامی کە ناتەباییەکی زۆریان لەگەڵ شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام دا هەیە، سەپاندنی حیجابی زۆرە ملێ، بەربەست کردن لە پۆشینو هەڵبژرادنی رەنگو شێوەی جلوبەرگ، کە سەرەتایترین مافی هەر مرۆڤێکە، هەوڵدان بۆ گەراندنەوەی هەرچی زیاتری ژنان بۆماڵ بە شێوازی جۆراوجۆر، موعتاد کردن بە مادە بێهۆکەرەکانو هەزاران مەینەتی دیکە کە نیزامی ویلایەتی فەقیه بە سەر ژنانی ئێرانی دا سەپاندوە.

بەڵام بە خۆشیەوە ژنانی وەزاڵەهاتووی ئێران، بە تایبەت ژنانی کوردستان لە بەرامبەر ئەو بێ عەداڵەتیانە دا بێ دەنگ نەبوونو سەرەڕای زەبرو زەنگی دەسەڵاتبەدەستانی بەهەر شێوەیەکی بۆیان گونجاو بێ، داکۆکیان لە لە مافەکانی خۆیان کردوە.

هەوڵدانی ژنان بۆ گڕانکاری لە یاسای ئێران دا بەتایبەت لەو ماوەیەداو موقاوەمەتو خۆڕاگری ژنان لە رۆژی ٨ی مارسی ئەمساڵ، کە بووە هۆی گرتنی دەیان ژنو ئەشکەنجە کردنیان بە تایبەت لە کوردستان، نمونەی زیندووە ئەم خۆڕاگرییەی ژنانی ئێرانو کوردستانە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەم بۆنە پیرۆزەدا داوا لە ژنانی ئێران بە گشتیو ژنانی کوردستان بە تایبەتی دەکا کە لە بەرامبەر هەر چەشنە زوڵمو زۆرییەکی



عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانیدێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنەپەرستانە دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەنو دیفاع لە مافو ئازادییەکانیان بکەنو تا دەستەبەر بوونی مافەکانیان لە خەبات نەوەستن. ژنانی کورد کە هەمیشە پێشەنگی هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی بوون، لە پاڵ داخوازیی لە مافەکانیان، چارەنووسی گەلەکەیان لە بیر نەکەنو بۆ رزگاری گەل تێبکۆشن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی رەوایان دەکاو پەیمانو بەڵێن لە گەڵ ژنانی کوردستان نوێ دەکاتەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزو ئینسانییەکانی ژنان، بە پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە تێکۆشان ناوەستێو بەردەوامە لە خەبات.

لەم موناسیبەتە پیرۆزەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سوپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا کە پاڵپشتو رێنوێنی یەکیەتیی ژنان بووەو بەڵێنو پەیمان نوێ دەکاتەوە تا وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبو گەل، وەك پشتیوانێکی بەهێزو وەفاداری حیزب لە هیچ چەشنە فیداکاریو لە خۆ بوردووییەك درێغی ناکا.

پیرۆز بێ ٢٤ی رەشەممە، شەستویەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە شەهیدانی کوردستانو لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدان قازی، قاسملووو شەرەفکەندی

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٤ی رەشەممەی ١٣٨٥ هەتاوی

**پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# بە بۆنەی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

## لەلایەن بەڕێز کاک عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبیدێموکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**ژنانی تێکۆشەرو ئازادیخوازی کوردستان!**

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە بۆنەی شەستو یەکەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایی بە ژنانی کوردستان بە گشتیو بەتایبەتی ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکێش دەکەم. ئەگەر درەنگیش بووبێ حەز دەکەم بە بۆنەی هەشتی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانیشەوە پیرۆزباییەکی گەرمتان پێشکێش بکەم.

شەستو یەک ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا ڕێبەرانو دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بە وردبینیو هەڵسەنگاندنی ژیرانەی هەلومەرجی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان کە بەدەست نەخوێندەواریو دابو نەریتی عەشیرەییەوە دەیناڵاند، بە مەبەستی وریا کردنەوەو بردنەسەری پلەی تێگەیشتوویی ژنانو ڕێکخستنی ریزەکانیان هانی ژنانی پێشکەوتووو تێکۆشەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستانیان داو پشتیان گرتن تا یەکیەتییەک بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانیان پێک بێنن.

شەستو یەک ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵگای کوردەواری لە پێکهاتەیەکی عەشیرەییو سوننەتی دا دەژیاو وەک ئێستا نەبوو کە پێکهێنانو ڕێکخستنی ناوەندێک بۆ دیفاعو داکۆکیکردن لە مافی ژنان کارێکی ئاسان بێ، هەر بۆیە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە ئەو بڕیارە لە لایەن ڕێبەرانی کۆمارەوە بڕیارێکی مەزنو هەنگاوێکی بە نرخ بووەو بە یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی کۆماری کوردستان دادەنرێ. بەڵام بەداخەوە لەگەڵ جوانە مەرگ بوونی کۆماری کوردستان هیواو ئاواتەکانی ژنانیش جوانە مەرگ بوون، ڕەنگە ئەگەر کۆماری کوردستان تێک نەڕووخابا وەزعییەتی ئێستای ژنانی کوردستان بە چەندین قۆناغ لە پێشتر بوایە.

بەڵام بە خۆشیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی تێکۆشەرانی دیموکرات زۆری نەخایاند خۆی گرتەوەو ژنانی دێموکراتیش شان بەشانی خەباتگێڕانی دێموکرات ئەو ڕەچەیە کە کۆماری کوردستان بۆ ژنانی شکاند بوو، درێژەیان پێداو لەسەر ڕێبازەکەی سوور بوونو بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان پێ داگرتوو جەسوورتر بوون.

ژنانی خەباتکارو دێموکرات!

لەکۆنەوە هەتا سەردەمی ئێستا لە لایەن زانایانو



مافپەروەرانەوە لە ڕوانگەی جیاوازەوە باس لە چەوسانەوەو زوڵمو زۆر دەرحەق بە ژنان کراوە. لەو نێوەدا هێندێک پەنجە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر ڕادەکێشنو هێندێکی دیکە سەرچاوەی بێبەشیی ژنان بۆ جیاوازیی چینایەتی دەگێڕنەوە. بەهەر حاڵ بێبەش کردنی ژنان هۆیەکی کاریگەر بووە بۆ پێشنەکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. چونکە لە بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی دا لە تواناو وزەو بەهرەی ژنان کەلک وەرنەگیراوە. ئەمڕۆکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو مەجالە بۆ ژن ڕەخساوە کە پێبەپێی پیاوان لە ئیدارەی وڵات دا بەشدارین دەرکەوتوە کە ژنان چەندە بە توانانو چەندە کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا هەیە. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی دواکەوتوودا کە وڵاتەکەی ئێمە تێیدا یەکێکە لەوان بەهۆی دەسەڵاتدارانی بیرتەسکی بەرچاو تەنگ هیچ مەجالێک بە ژن نەدراوەو ژنانی ئێران بە گشتیو ژنانی کوردستان بە تایبەتی لە هەلومەرجێکی زۆر ناڵەبار دا تەحەممولی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن کە دژ بە ژنان دارێژراونو بە هۆی ئەو قانوونانە نەک پێشی ئەوە دەگرن کە ژنان لە پێشکەوتنی وڵات دا مشارکەت بکەن بەڵکوو لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بێبەشیان دەکەن.

**ژنانی ئازاو ئازاد!**

لە حاڵێک دا یادی شەستو یەک ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان واتە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەینەوە کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی بە

هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، ئابووری‌و فەرهەنگی دا تێپەر دەبێ. لەو نێوەدا وەزعییەتی ژیان‌و بەڕێچوونی خەڵکی ئێران بە گشتی‌و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بەرەو خراپتر بوون دەڕواو دیکتاتۆری‌و پاوانخوازیی ئاخوندەکانی دەسەڵاتدار تێ دەکۆشێ لە هەموو کاتێك زیاتر پەل‌وپۆ باوێ بە مەبەستی زیاتر مانەوەی خۆی لە سەر دەسەڵات. ئەگەر سەرکوتی خەڵکی ئێران بە گشتی بۆ داسەپاندنی زیاتری دەسەڵاتی ڕەشی خۆیەتی سەرکوتی ژنان‌و بەرتەسککردنەوەی مافەکانیان ریشەی لە بۆچوونی کۆنەپەرستانەی ڕێژیم دایە. هەر بۆیە قورسایی ئەو سیستمە لە سەر شانی ژنان بە نیسبەت پیاوان چەند بەرابەر قورسترە. ئەوەتا قانوونەکانی ئێران کە لە ئەندیشەی تەسکی دەسەڵاتداران هەڵقوڵاون، پڕن لە نابەرابەری‌و نایەکسانی، ئەو حەقەی بۆ پیاو دیاری کراوە بۆ ژن نیە، ئەوی بۆ پیاو ڕەوایە بۆ ژن ناڕەوایەو تەواوی برگەو بەندەکانی یاسای کۆماری ئیسلامی دژایەتی لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هەیە کە لە بەندی ٣ی ئەو بەیاننامەیەدا هاتوە: مافی ژیان، ئازادی، ئەمنییەتی شەخسی بۆ هەموو کەسەو دەبێ ئەو مافانە لەلایەن قانوونەوە پشتیوانیان لێ بکرێ. بەڵام "قانون مدنی"ی ئێران کە ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانە لە نێو کۆمەڵگادا، لەلایەك پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ ڕێك دەخاو لەلایەکی دیکە پێوەندی تاکەکان و دەسەڵات دەست نیشان دەکات پڕە لە دژایەتی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو هەر بە پێی برگەو مادەکانی ئەو قانوونە ژیان‌و ئازادی‌و ئەمنییەتی شەخسی پێشێل دەکرێ.

بەو حاڵەش ژنانی ئازادو تێگەیشتووی ئێران بە گشتی‌و ژنانی کوردستان بەتایبەتی لە هەوڵو تێکۆشان ڕانەوەستاون‌و هەر ئەو کۆڵنەدانەی ژنان بۆتە هۆی ئەوە کە لە زۆر بواردا بوونی خۆیان دەربخەن. ئەوە لە لایەك‌و لە لایەکی دیکە مەسەلەی نەتەوایەتی کە بۆ ژنانی کوردستان مەسەلەیەکی گرینگو چارەنووس سازە، بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لە دوو دەهەی ڕابردوودا گۆڕانی خێراو چاوەڕوان نەکراوی بەسەر دا هاتوە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە چۆتە دەرێ کە کوردیان بەسەر دا دابەش کراوەو ئیدی داگیرکەرانی کوردستان چیدیکە لە ژێر ناوو بیانووی جۆراوجۆر ناتوانن نکووڵی لە بوونی کوردو کوردستان بکەن، بە تایبەت کورد لە باشووری کوردستان ئێستا لە چەقی ئاڵوگۆڕەکان دا جێی گرتوەو بە تێپەڕکردنی چەندین قۆناغی سەختو دژوار ئێستا بەشێکە لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتەو شەریکە لە ئیدارە کردنی عێراق دا.

ئاڵوگۆڕە جیهانی‌یەکان کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر سیستمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچە بووە، بوونە هۆی خولقاندنی ئارادەیەکی بەرچاو ئازادی‌و دێموکراسی کە ژنانیش توانیویانە لەو مەیدانەدا چالاك بن‌و مەسەلەکەیان نەتەنیا لە ناوچەکەدا بەڵکوو لە سەرانسەری جیهان دا بە گەرمی باسی لێوە دەکرێ‌و ژنانی جیهان بە نیسبەت پێشکەوتوویی وڵاتەکەیان بە مافەڕەواکانی خۆیان گەیشتوون‌و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر نەخش‌و ڕۆڵی ژنان لە وەئەستۆ گرتنی ئەرك‌و بەرپرسایەتیی ئیدارە کردنی وڵاتان دا خۆ نیشان دەدا.

لەو موناسەبەتەدا حەز دەکەم ئیشارە بە بڕواو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەڕ ئازادی‌یەکانی ژنان‌و مافەکانیان لە کۆمەڵ دا بکەم. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانی‌یەوە باوەڕی وابووە کە کۆمەڵگا لە دووبەشی سەرەکی واتە ژنان‌و پیاوان پێك دێ‌و هەردوولا مافی بەرامبەریان هەیەو ناتوانرێ ماف لە هیچ لایەك بە قازانجی ئەوی دیکە زەوت بکرێ. ئەو بۆچوونە تەنیا لە قسەدا نەبووە بەڵکە هاتۆتە نێو بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی حیزب‌و کاتێك لە بەرنامەی حیزب دا باس لە مافەکانی دانیشتوانی کوردستان دەکرێ لە بەندێك دا بە ڕوونی دەڵێت: "ژن‌و پیاو لە نێو کۆمەڵ‌و خێزان دا مافی وەك یەکیان هەیەو بۆ کاری وەك یەك مووچەی وەك یەك وەردەگرن". حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هێڵە گشتی‌یەکاندا وەك باوەڕێك هێناویەتی کە لە ماوەی ڕابردوودا ژن لە بەڕێوەبردنی کاری حیزبی دا نەخشی کەمی پێ دراوەو ئەگەر پێی درابێ کەم‌و ناتەواوەو بۆ چارەسەری ئەم کەموکورتییە بە پێویستی دەزانین کە مکانیزمێك دابنرێ‌و پیادە بکرێ کە بەشداریی ژنان لە ڕەدە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەری دا مسۆگەر بکاو بەردەوامیش پەرەی پێ بدا. بەو مەبەستە کە لە وزەو توانای زیاتری ژنان بۆ پێشخستنی جووڵانەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلك وەربگیرێ‌و هەروەها ژنان بتوانن لە مەودایەکی بەرین تردا دیفاع لە مافەکانی خۆیان بکەن.

لە کۆتایی دا لەگەڵ دووپات کردنەوەی پیرۆزبایی ٢٤ی ڕەشەممە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات هیواداری دەردەبڕین کە ژنان هەروا بە وزەو تێکۆشەر بن لە ڕێی ئامانجەکانی گەل‌و دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆیان، کە لەو ڕێگایەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان یارو پشتیوانیانە.

- سڵاو لەو ژنانە کە شان بەشانی پیاوان خەباتیان کرد بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی.
- سڵاو لەو ژنانە کە بوونە مۆمی ئازادی‌و خۆیان‌و ژیانیان سووتاند هەتا گەل‌و نیشتمان لە ڕووناکی دا بژی.
- سڵاو لە ئازایەتی‌و خۆڕاگری هەموو ئەو ژنانە کە لە ماوەی ٦١ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئازارو مەینەتی‌یەکانی حیزبی دێموکرات ژیاون‌و لە کاتی تەنگانەدا پێشمەرگە بوون‌و لە کاتی ئاسایی دا دایك‌و دڵسۆزی پێشمەرگە بوون.

پەیامی یەکیەتیی لاوان لە ڕێورەسمی ٢٤ی ڕەشەممەدا

# ٢٤ی ڕەشەممە، ڕۆژێکی مێژوویی لە دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد دا

بەشداربووانی بەڕێز لەم ڕێورەسمەدا!

ژنان و کچانی تێکۆشەر و خەباتگێڕی کوردستان!

بە بۆنەی شەستویەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ژنان و کچانی شۆڕشگێڕ و مافخوازی کوردستان دەکەین کە لە ٦١ ساڵی ڕابردوو دا لە لایەک بەشداریی چالاکیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا هەبووە و لە لایەکی دیکەش بۆ دەستەبەر کردنی مافە ئینسانییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشاون.

دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستانو بە بیری ژیری پێشەوا دەسکەوتێکی مەزن بوو بۆ ژنانی کورد و شانازییەکی گەورەیە کە لاپەڕەکانی مێژوو تۆماریان کردوە.

خۆشەویستان: بە داخەوە لە ئێرانی بەڵا لێدراو دا کچان و ژنان لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێ بەشن و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕاکردن و خۆکوژی و زوڵم و چەوسانەوە دەرهەق بە ژنان لە پەرەسەندن دایە. سیسەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زاڵ بە سەر وڵات و بنەماڵە دا لە هیچ چەشنە پێشێلکارییەک بۆ سەر سنووری ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ژنان خۆی نەپاراستوە.

بە چاوخشاندنێک بە سەر وەزعی گشتیی کۆمەڵگا دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمڕۆ ئاستی تێگەیشتوویی ژنانی کورد بەرز بۆتەوە و بەشێکی بەرچاوی خوێندکارانی زانکۆکان لە کچان پێکهاتوون و هێزێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هتدیان پێکهێناوە. بە لە بەرچاو گرتنی ئەو پوتانسیەلە بەهێزە، لە لایەک هیوادارین بە سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بزووتنەوەی ژنان لە پێناو خەبات دژی پیاوسالاری و لە لایەکی دیکەش ئەرکی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخستن و بەکار هێنانی ئەو پوتانسیەلە قورستر دەبێ.



مەنسوور سمار جێگری سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وێڕای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مێژووییە، بە ئاواتی لاچوونی کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئازادیی ژنانین. بەو هیوایە کە ژنانی کورد لە ژێر سێبەری حکوومەتێکی ئازاد و دێمۆکراتیک دا بە ماف و ئازادییەکانی خۆیان بگەن.

پیرۆز بێ شەستویەکەمین ساڵیادی لە دایکبوونی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٨٥ی هەتاوی

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی شەهید کرانی پێشەوای نەمرو هاوڕێیانی

ژنانی خەباتگێری کوردستان!

خوشكو برایانی ئازیز!

میوانە بەڕێزەکان!

لە شەستەمین سالرۆژی شەهید کرانی پێشەوای گەورەی کورد قازی محەمەدی نەمرو هاوڕێیانی داو بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستان سڵاوی ئەمەگناسیو وەفاداری بۆ گیانی پاکی ئەو رێبەرە هەڵکەوتوویەو رێبەرانی شەهیدمان قاسملوو شەڕەفکەندیو هەموو شەهیدانی کوردستان دەنێرین، بەو هیوایە ڕێگایان پڕ رێبوار بێو ئاواتەکانیان وەدی بێ.

پێشەوای مەزن لە تێکۆشانی پڕبەرهەمی خۆیدا زۆر شانازی گەورەی بۆ گەلەکەی خوڵقاندو لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان دا زۆر دیاردەی نوێو پێشکەوتووانەی داهێنا. نەمامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بە دەستی بە توانای پێشەوای نەمر نێژرا کە ئەمڕۆ بە هەزاران ژنی تێکۆشەری کورد لە سێبەریدا کۆبوونەوە.



نەسرین حەسەن زادە ئەندامی موشاوێری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان

بۆیە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران یادگاری دەورانی سەرکۆماری پێشەوا قازی محەمەد هەروا بە ئامانجو بیرو باوەڕەکەی وەفادارە.

یەکیەتیی ژنان بیری پێشەواو رێبەرانی دیکەی گەلەکەمان کە دیفاع لە مافەکانی ژنانیان لە خەباتی سیاسیی خۆیان جیا نەکردۆتەوە دەکا بە دەسمایە لە خەبات لە پێناوی رزگاریی لە چەوسانەوەو پێشێلکردنی مافەکانی ژنان دا.

جارێکی دیکە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەمەدو شەهیدانی کوردستان.

سەرکەوێ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەمەد.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی
کوردستانی ئێران
١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ی هەتاوی

# مەحکووم کردنی جینایەتێکی گەورەی سەدەی ٢١

**داکۆکیکەرانی مافەکانی مرۆڤ!**

**لایەنگرانی مافەکانی ژنان!**

لە سەردەمی ئەمرۆدا کە رۆژ لە دوای رۆژ هەوڵدان بۆ داکۆکیکردنو دەستەبەرکردنی مافە رەواو بەرحەقەکانی ژنان زیاتر پەرە دەستێنیو ژنان لە سەرانسەری دنیا لە مەیدانی خەباتو تێکۆشان دا بۆ مافەکانیان بێوچان تێدەکۆشن، لە بەرامبەردا بە داخەوە رۆژ نیە لە سەرانسەری گۆی زەوی لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان، ژنان لە ژێر ناوی شەڕەف پارێزیو لە سۆنگەی داب‌ونەریتە دواکەوتووانەکان نەبنە قوربانیو بە دڕندانەترین شێوە نەکوژرێن. لە کۆمەڵگای کوردیش دا لە سایەی ئەو نەریتە دزێوانەدا رۆژ نیە ژنان نەکەونە بەر دڕندانەترین ئەشکەنجەو نەبنە قوربانی هەواو هەوەسی ئەو کەسانەی کە ناتوانن لەگەڵ سەردەمی نوێ خۆ بگونجێنن. تازەترین نموونەی ئەم جۆرە رەفتارە دزێوانە دەرهەق بە ژن بریتییە لە کوشتنی دڕندانەی کچێکی گەنجی ئێزیدی بە ناوی "دوعا" کە هەر لە مرۆڤەکانی قروونی وەستا دەوەشێتەوە. ماوەیەك لەمەوبەر لە مەیدانی شارەدێی (بەعشیقە) لە بەرچاوی خەڵك لە لایەن کۆمەڵێك خەڵکی کۆنەپارێزو دژە ژنەوە کچێکی گەنج بە تاوانی خۆشەویستی بەردەباران کراو گیانی لێ ئەستێندرا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم کردەوە دڕندانەو نامرۆڤانەیە زۆر بە توندی مەحکووم دەکەینو داوا لە رێکخراوە مرۆڤ دۆستاکانو رێکخراوەکانی ژنانو سەرجەم کەسایەتییە ئینساندۆستەکانی جیهان بەگشتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا هاوکات لەگەڵ بەدواداچوونو گرتنو سزادانی بکەرانو ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە گەورەیە، کەم تەرخەمی نەکەنو ئەوان بەسزای شیاوی جینایەتی خۆیان بگەیەنن. بۆ ئەوەی ئیزن نەدرێ چیدی حکوومەتو ئازادیی کوردستان کە بە خوێنی هەزاران ژنو پیاو وەبەرهاتوەو بەم چەشنە دیاردە کۆنەپەرستانەیە خەوشدار بکرێو رێگا نەدرێ ژنان بە هۆی سروشتیترینو جوانترین کردار کە خۆشەویستییە، بکوژرێنو ببنە دەستەچیلەی ئاگری هەوەسی کۆنەپەرستانو ئاوا بێبەزێیانەو نامرادانە سەر بنێنەوە.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

٢٠٠٧/٤/٣٠

# "بێدەنگی شەرمە لە بەرامبەر ئەو تاوانەدا "(*)

کوێستان فتوحی

لە کولتووری پیاوسالاریو مەزهەبیدا، ئازادیی ژن وەك سەرچاوەی فەسادو بێئەخلاقیو وەك هۆکاری لە مەترسی کەوتنی شەرەفی پیاوان سەیر دەکرێ! بەهاو ڕێزو ئێعتباری کۆمەڵو پاراستنی شەرەفو ناموسی پیاوانی کۆمەڵێك کە ئەو کولتووره بە سەریدا زاڵە، لە سەر بناغەی کۆیلەیی ژنان دامەزراوە.

لە کوردستان رۆژ نیە ژنێك نەبێتە خۆراکی ئاگر یان لەلایەن پیاوانی بە ناو ناموس پارێزەوە نەکوژرێ. تازەترین جینایەت کە ویژدانی هەر مرۆڤێکی بەویژدانی هەژاند، کوژرانی کچێکی ئیزەدیی ١٧ ساڵە بە ناوی "دوعا" ئەویش بە تاوانی جوانترین بەهای مرۆڤایەتی واتە خۆشەویستی بوو. گرنگ نیە ئەو کۆمەڵە بە ناو مرۆڤە کە ئەم جینایەتەیان خوڵقاندوە کێنو لە چ ئایینو مەزهەبو نەتەوەیەکن. گرنگ ئەوەیە لە کوردستانو لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا ئەم کارەساتەیان ئەنجام داوە. ئەو هەرێمەی ١٦ ساڵە بەرپرسانو دەسەڵاتدارانی، وەك مەکۆی ئازادیو دێموکراسیخوازیو دادپەروەری ناوی دەبەن.

ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیەو خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش شانازیی پێوە دەکەن، بەری رەنجی هەزاران هەزار تێکۆشەرو شەهیدی ئەم ئاوو خاکەیە کە ئەم بەشە لە نەتەوەکەیان لە چنگی دوژمنێکی دڵڕەش رزگار کرد. دیارە ئەوە تەنیا پیاوان نەبوون ئەم خەباتەیان کردوە، بەڵکوو ژنانیش کەمتر لە پیاوان رەنجیان نەداوە. بەڵام ئەمەیە پاداشی رەنجی ئەوان؟ کوژرانو سەربڕانو خۆسووتاندن!

دەسەڵاتی کوردستان ئەرکی سەر شانیەتی مافی ژیانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە سەر بە هەر چینو توێژو ئایینو رەنگێك بێ بپارێزێ. بەڵام لە بەرامبەر ئەم هەموو کوشتارەی ژنان دا بۆچی وا بێدەنگو دەستەوەستانە؟

باسی دێموکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، دادپەروەریو سەروەریی یاسا لە کوردستان بۆتە بنێشتەخۆشکەی میدیاو راگەیەنە گشتییەکان. بەڵام ئایا پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ ئەوەیە کە بە بەردو بلوکو شەق لە بەرچاوی خەڵك گیانی مرۆڤێکی بێتاوان



بستێنن؟! دیارە یا یاسایەك نیە بۆ پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ یا ئەم کچە ١٧ ساڵەیە مرۆڤ نەبووە کە وا کەسانێك دەتوانن بێترس لەبەرچاوی خەڵك بەم شێوەیە مرۆڤێك شەلاڵی خوێن بکەنو گیانی لێبستێنن؟! "دوعا" چی کردبوو جگە لە خۆشەویستی، کە وا کۆمەڵێك پیاو بەوپەڕی دڵڕەقیو وەحشیگەری کوشتیان؟ نیشتمانەکەی فرۆشت بوو؟ ماڵی میللەتەکەی بە تالان بردبوو؟ ویژدانی خۆی خستبوە ژێر پێو دەستدرێژیی کردبووە سەر مافو ئازادی کەسانی دیکە؟ ئاخر ئەمانە بەدرەوشتین، نەك خۆشەویستیو ئەویندارى. کوشتنی "دوعا" نموونەیەکی بچووکە لەو هەموو جینایەتانەی دژی ژنان کە لە کوردستان روو دەدەن. تەنیا جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوە دایە کەسێك یا کەسانێك بە موبایل جا بە هەر مەبەستێك بووبێ وێنەی رووداوەکەیان گرتووەو بڵاویان کردۆتەوە. ئەگینا ساڵانە لە کوردستان بەدەیان نموونەی ئاوا روو دەدەنو کەسیش پێنازانێ. هەر بۆ وێنە بڕوانە ئەم سەردێڕانەی رۆژنامەو سایتە کوردییەکان:

— تەرمی ژنێك لە نزیك کۆمەڵگەی بەحرەکە دۆزرایەوە

— تەرمی ژنێك بە منداڵێکەوە لە دەشتاییەکانی هەولێر دۆزرایەوە

— تەرمی ژنێك لە کۆیە (حەمامۆك) دۆزرایەوە

- کچێك لە گوندی ئالانە خۆی سووتاند

- لە ناحیەی سەرکەپکانی سەر بە قەزای رانیە کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

- لە شارۆچکەی حاجیاوا ژنێکی تەمەن ٣١ ساڵ خۆی سووتاند

— لە نزیك عەنکاوە تەرمی ژنێك دۆزرایەوە

- لە کۆیە کچێك لە داخی براکەی خۆی سووتاند

- .....

ئەوانە بەشێکی کەم لە سەردێڕی ئەو هەواڵانەن کە رۆژنامەو سایتە کوردییەکان تەنیا لە ماوەی چەند رۆژدا لە بارەی ژن کوژی لە کوردستان دا بڵاویان کردوونەتەوە.

بەڵام ئەم هەواڵە خەمهێنەرانە تا ئێستا چەندە سەرنجی دەسەڵاتدارانی

←

کوردستانیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە؟ بڵێی ئەوان بە بیستنی ئەم هەواڵانە چ هەستێکیان لەلا دروست بووبێ‌و بەرامبەر بەم دیاردە ترسناکە کە لە کوردستان لە حاڵی پەرەسەندن دایە، بیریان لە چ چارەسەرێک کردبێتەوە؟!

ئەم هەواڵانە چ پەیامێکیان بۆ کۆمەڵگەی کوردستان پێیەو ئەی دەسەڵاتدارانی کوردستان چ وەڵامێکیان لەم پێوەندی‌یەدا هەیە؟

تاوانی ئەم هەموو کوژران‌و سووکایەتی پێکران‌و خۆسووتاندنەی ژنان ناکرێ هەمووی بخەینە ئەستۆی دەسەڵاتداران. بەڵام ئەوان بەرپرسیارن لە بەرامبەر چارەنووسی ئەم نیوەیە لە کۆمەڵەکەیان. بەرپرسیارن لە مانەوەی ئەو کولتوورە نائینسانی‌یەی کە بۆتە هۆی کوشتنی ژنان‌و خۆسووتاندنیان. راستە ئەم کولتوورو بەها دژی مرۆیی‌یەی لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵەکەمان دا زاڵن‌و، ژیانی ژنانی بە جۆرێک تاریک‌و بێ‌هیوا کردوە کە مەرگیان پێ باشترە لە ژیان، هەروا بە هاسانی ناگۆڕێن. بەڵام لە کوردستان لە ماوەی ئەو ١٦ ساڵەدا چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر ئەو کولتوورەدا هاتوە؟ بە زۆر بەشوودان، چەند هاوسەری‌و کێشەو گرفتەکانی پێوەندیدار بەم مەسەلەیەوە، توندوتیژیی بنەماڵەیی، سووکایەتی‌و بێ‌حورمەتی‌و لەسەر یەک پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافە ئینسانی‌یەکانی ژنان لە لایەن بنەماڵەو کۆمەڵەوەو بە تایبەت هەستکردنی ژنان بە نەبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی‌و..... ئەگەر ٢٠ ساڵ لەمەوبەر هەبووە ـ کە بڕوا ناکەم لە ئێستا زیاتر بووبێ ـ لەبەر بوونی خەمێکی دیکە، کەس بیری لە چارەسەری ئەم کێشانە نەدەکردوە، بەڵام ئێستا چی؟

چ شوورەیی‌یەکی گەورەیە کوشتنی بێ‌پەروایانەی کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە سەر خۆشەویستی. ئەم شوورەیی‌یە تەنیا ئەوانە ناگرێتەوە کە ئەم کارەساتەیان خوڵقاندوە، بەڵکوو هەموو، دەزگا حکوومی‌و ناحکوومی‌یەکان‌و هەموو کەسایەتی‌و مرۆڤێکی کوردستان دەگرێتەوە کە لێی بێدەنگ دەبن. ١٦ ساڵە چی کراوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی؟ بە تەنیا ئاوەدانکردنەوە کەڵکی چیە ئەگەر لە ماڵەکان دا ئارامی‌و ئەمنییەت نەبێ؟ ئەگەر فەرهەنگێکی شارستانی‌و دادپەروەر لە کۆمەڵدا زاڵ نەبێ؟

ئەم هەموو خۆسووتاندنەی ژنان لە کوردستان ئاکامی ئەو راستی‌یە تاڵەیە کە ئەوان هیچ هیوایەکیان بە داهاتووی خۆیان نیەو دەیانەوێ بەم شێوەیە نەفرەت‌و تووڕەیی خۆیان لە کۆمەڵگایەک دەرببڕن کە هیچ رێزێک بۆ هەست‌و ئارەزووەکانیان دانانێ.

هەموومان تاوانبارین لە روودانی ئەو کارەساتانەدا. لەپێش دا بە خودی ژنان دەڵێم بە تایبەتی ئەو ژنانەی دڵ‌و ئازایەتیی ئەوەیان هەیە بەرەوپیلی مردن بچن‌و جەستەی خۆیان بکەنە خۆراکی ئاگر. بۆچی لە جیاتی خۆکوژی هەوڵ نادەن لە شەرێک دا بەشداری بکەن کە ئاکامەکەی گۆڕینی ئەم کولتوورە دژە ژن، دواکەوتووانەو نائینسانی‌یە بێ؟ بۆچی بەگژ ئەو کولتوورەو پارێزەرانی‌دا ناچنەوەو ئەوانە بەچۆکدا ناهێنن کە بوونەتە هۆی خوڵقاندنی دۆزەخێک بۆ ژنان تا بەم شێوەیە بۆخۆتان بۆ هەموو ئەوانەی خوازیاری دنیایەکی بێ‌چەوسانەوەن، هیوا و گەشبینی بخوڵقێنن.

پێویستە کۆمەڵگای کوردستان بە هەموو کەسایەتی‌و رێکخراوو حیزب‌و میدیاکانی‌یەوە لە سەر ئەم کردەوە پڕشوورەیی‌یانە هەڵوێست بگرێ‌و مەحکوومی بکا، بۆ ئەوەی چی دیکە کارەساتی وا روونەداتەوە. دەسەڵاتیش لەسەریەتی زۆر بەجیددی کار بکا بۆ نەهێشتنی ئەو فەرهەنگە نادروست‌و ناحەزەو سزای توندی ئەو جینایەتکارانە بدا کە ئاوا بە ئاسانی گیان لە مرۆڤەکان دەستێنن. بێدەنگی لەم جۆرە کارەساتانە هێندەی دیکە ژنان تووشی ناهومێدی دەکا و روخساری دەسەڵات‌و کۆمەڵی کوردستانیش لە ناو دنیای شارستانی‌دا خەوشدار دەکا.



**دەسەڵاتیش لەسەریەتی زۆر بەجیددی کار بکا بۆ نەهێشتنی ئەو فەرهەنگە نادروست‌و ناحەزەو سزای توندی ئەو جینایەتکارانە بدا کە ئاوا بە ئاسانی گیان لە مرۆڤەکان دەستێنن.**

نەفرەت لە بکوژانی خۆشەویستی.

بانەمەڕی ١٣٨٦ ئاوریلی ٢٠٠٧

(*) سەردێڕی ئەم وتارە لەو چەند دێڕە وەرگیراوە کە سایتی "کوردستان نێت" لە گەڵ فیلمی کوشتنی "دوعا"ی ١٧ ساڵە لە کۆمەڵگەی "بەعشیقە" بڵاوی کردۆتەوە.

****

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن داوای دژکردەوە نیشاندان بەرامبەرتوندوتیژی بە دژی ژنان دەکا

# کوشتنی بەناوی پارێزگاری لە ناموس لە عێراق دا رابگرن!

وەرگێرانی: ب. هانا

"دوعا خالید ئەسوەد لە ٧ی ئاوریلی ٢٠٠٧ لە باکووری عێراق بەردباران کرا" (حەوتوونامەی ) ئاوێنە

"ڕەنگە ژمارەیەک لە ئێوە فیلمی بەردباران کردنی دوعا ئەسوەد، کیژی لاوی یەزیدیتان سەبارەت بە خۆشەویستیی کوڕێکی سوننی لە ئینتێرنێت دا دیوە. دیمەنێکی یەکجار دڵتەزێن بوو بەڵام بەداخەوە زۆر لە ژنانی دیکە، ڕۆژانە لە کەشو هەوایەکی تێکەڵ بە هەڕەشەو وەحشەت دا دەژین."

لە قسەکانی "ایرانە خان" سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لە کاتی ناساندنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراو لە ساڵی ٢٠٠٧دا

لە ٧ی ئاوریلی ٢٠٠٧ کچێکی لاوی ١٧ ساڵە لە شاری بەعشیقەی نزیک موسڵ بە تاوانی ناموسی لە بەرچاوی خەڵک بەردباران کرد. دوعا خالید ئەسوەد خەڵکی گوندی بەعزانو یەک لە کەمایەتیی غەیرە موسڵمانی ئیزەدی بوو لەگەڵ کوڕێکی سوننی مەزهەب، پێوەندیی ئەویندارانەی هەبووو بۆ ماوەی شەوێک ماڵی خۆیان بەجێ دێڵێ.

بەرواڵەت، ناوبراو چوو بووە سەر ئایینی ئیسلام، بەڵام زۆر لە ڕاپۆرتەکان ئەم قسەیە وەدرۆ دەخەنەوە. کاتێک ئەو پەنای بردبووە ماڵی یەکێک لە ڕێبەرانی ئیزەدییەکان لە بەعشیقە، چەندن کەس هێرشیان بردە سەر ماڵی ناوبراوو بە ڕاکێشان لە ماڵەکە دەیهێننە دەر. زیاتر لە ٨ـ٩کەس لە خزمانی لەبەر چاوی سەدان کەس، بەردبارانی دەکەنو ژمارەیەکیش فیلم لە ڕووداوەکە هەڵ دەگرنەوە.

ڕاپۆرتەکان دەری دەخەن کە هێزە ئەمنییەتی‌یەکانیش لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادە بوون بەڵام نەیانتوانی پێشی بەردبارانی دوعا بگرن یا تاوانبارەکان بگرن.

هەر ئێستا عێراق لە قۆناغێکی نوێ لە توندوتیژی دانوقم بووە. لە کاتی هێرشی هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، ژنان بە هۆی باندە جینایەتکارەکانو تاقمەکانی "موخالیفی دەوڵەتو هێزەکانی هاوپەیمان، دەڕفێندرێنو دەکەونە بەر دەستدرێژی. ڕاپۆرتەکان دەری دەخەن کە ئاماری قەتڵە ناموسی‌یەکان بە هۆی خزمانەوە بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستان چوارچێوەیەکی فراوانی بە خۆوە گرتوە. یاسای عێراق یا ڕێگە بەم جۆرە جینایەتانە دەدا، یا سزای کەم بۆ ئەنجامدەران دادەنێ.

لەگەڵ ئەوەی ساڵەکانی ٢٠٠٠و٢٠٠٢، کاربەدەستانی کورد هێندێک ڕیفۆرمیان لە قانوون دا کرد بەلام بەوحاڵەش قەتڵە ناموسی‌یەکان هەوا درێژەیان هەیە. حکومەتی ئیقلیمی کوردستان لە یەکەمی مانگی مای‌دا ڕایگەیاند کە تا ئێستا ٤٠ کەس لە ئەنجامدانی تاوانی قەتڵی ناموسی لە ناوچەی کوردستان دا، مەحکووم کراونو پەروەندەی ٢٤ کەسی دیکەش لە گۆڕێ دایە.

سەرەڕای داخوازی پەیتاپەیتاو گوشاری ناوچەییو نێونەتەوەیی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ حکومەتی عێراق هەتا ئێستا نەیتوانیوە هەنگاوێک بە مەبەستی چاکسازی لەم یاسایەی ئێستادا هەڵ بگرێو قەتڵە ناموسی‌یەکان وەک تاوانی جیدیو چاوپۆشی لێنەکراوە، بناسێنێو ئەوانەی دەکرێن بە ئامانجی ئەم جۆرە تاوانانە، پشتیوانییان لێبکا.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لە نامەی سەرئاوالای ٢٧ی ئاوریلی خۆی‌دا، بەردبارانکردنی دوعا ئەسوەد خالیدی مەحکووم کردو داوای لە کاربەدەستە عێراقی‌یەکان کرد بەرێوەبەرانی ئەم تاوانە بسپێرنە دەست عەداڵەت. حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ٣ پارێزگای باکووری عێراقی لە کۆنترۆڵ دایە، لە بەیاننامەیەک دا کە لە یەکی مانگی مای بڵاوی کردەوە ڕایگەیاند ئەو شوێنەی تاوانەکەی لێ بەرێوەچوو لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندی دایە. هەروەها داوای سزا درانی بکوژان هەتا ئێستا لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دژ کردەوەیەک پێشان نەدراوە. لە ٨ی مانگی مای ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لە نامەیەک دا بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتی، داوای ڕاگەیەندرانی ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوەی کردو لێی‌ویستن کە بەرێوەبەرانی ئەم جینایەتە لێپرسینەوەیان لە گەڵدا بکرێ. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن هەروەها داوای چاکسازیو گۆڕان لە یاسای مەدەنیی عێراقی دا کردوە تا لەم یاسایەدا کوشتنی لە ژێر ناوی ناموس دا وەک تاوان سەیری بکرێ.

بەپێی دوایین زانیارییەکان، تا ئێستا چوار کەس بە تاوانی کوشتن دوعا گیراون کە ئامۆزاکەی، یەکێکیانە، ئەوان لە بەندیخانەی فەیسەلییەی مووسڵ دان. لانی کەم ٢ کەسی دیکە یەک لەوان خاڵی دوعا، پۆلیس بەدواوەیانە کە بیانگرێ.

وا دێتە بەرچاو کە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە، لە ٢٢ی ئاوریل لە نێوان بەعشیقەو مووسڵ، ٢٣ کرێکار یەزیدی بە دەستی هێزە چەکدارە سوونی‌یەکان کوژراون. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن هەروەها داواکارە بەرێوەبەرانی ئەم تاوانەش سزا بدرێن.

**دژ کردەوە پێشان بدەن!**

تکایە لە ڕێگای باڵوێزخانە یا نوێنەرایەتیی حکومەتی عێراق لە وڵاتانی خۆتان، بۆ ئەم ئادرەسە ئەم دەقەی خوارەوە بنێرن.

Prime Minister
Nuri kamil al- Maliki
Baghdad
Republic Of Iraq
:salutation
salutation: Your Excellency

دەقی داواکە:

**سەرۆک وەزیری بەڕێز!**

بێزاریی یەکجار زۆری خۆم لە بارەی دیمەنی دڵتەزێنو ویژدانهەژێنی بەردباران کردنی دوعا خالید ئەسوەد کە لە ٧ی ئاوریلی ٢٠٠٧ لە شارۆچکەی بەعشیقە ڕووی دا، ڕادەگەیەنم. ئەم دیمەنە دڵتەزینە، گۆشەیەک لە ترسو وەحشەتی ڕۆژانەی ژنان نیشان دەدا. سەرەڕای ئەم ڕووداوەو لەگەڵ هەموو گوشارەکانی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، کوشتنی ناموسی لە عێراق دا، وەک تاوانێکی بنەرەتی چاوی لێ ناکرێ. من هەم لە ئێوە هەم لە حکومەتی عێراق شێلگیرانە داواکارم بە مەبەستی لە ناساندنی قەتڵە ناموسی‌یەکان وەک تاوانێکی جیددی هەنگاوی بەکردەوە بنرێو کەسانێکیش کە هەڕەشەی ئەمجۆرە کوشتنەیان لەسەرە پشتیوانییان لێ بکەن

لەگەڵ ڕێزم دا.

***

# هەڵسەنگاندنی ژنی کوردی دیاسپۆراو ژنی دانیشتووی وڵات

گوڵاڵە شەرەفکەندی



**ئەم وتارە خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی لە سیمینارێك دا کە یەکیەتیی ژنان لە رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٠ بە بۆنەی ٨ی مارس لە سوئید پێکیان هێنابوو. پێشکەشی کردوە.**

خەباتی ژنی کورد بە دائیم کەوتۆتە ژێر تەئسیری موبارزاتی میللی، سیاسیو حیزبیو لە بەراورد لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوایەتی، کێشەو گرفتی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان هیچ کات لە ئاستێکی بەرزدا نەبووە.

یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەو گرفتە ئەوەیە کە سازمانو رێکخراوی سەربەخۆ بۆ وەدەستهێنانی مافی ژن لە کوردستان وجوودی نەبووە، بەڵکوو تەنیا هێزەکانی سیاسی بەرپرسانی ئەو ئەرکەشیان بە ئەستۆوە بووە. لەبەر ئەوەی بە دائیم مەسائیلی گرینگتر لە پێڕەوپرۆگرامی ئەوان دا جێگرتوە، فرسەتێك بۆ رێفۆرمەکانی کۆمەڵایەتیو دابینکردنی مافی ژنان نەماوەتەوە. ئەگەر کاریکیشیان لەو بوارەدا کردبێ قۆناغی شیعاری تێنەپەڕاندووە.

دیارە بوونی ئەو ئەحزابە سیاسیانە فرسەتێکی بە کەڵك بووە بۆوەی ژنانیش بتوانن نەخشێکی نوێ جیا لە رۆڵی سوننەتی پێشوویان لە کۆمەڵگادا وەستۆ بگرن. ژنانیش مەجالیان بووە لە رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەییو پاراستنی نیشتمان دا گیانباز بنو راست لەو نوختەیە دابووە کە ژیانی دیاسپۆراش دەستی پێکردوە. واتە ژنی کورد بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگاداو رزگاری نیشتمان دەستی بە خەبات کردو تێکەڵ بە رێکخراوەکانی سیاسی بووو هاوڕێ لەگەڵ ئەوان لە وڵاتی خۆی دوور کەوتەوەو تووشی هەندەرانو ژیانی ئاوارەیی بوو. دەکرێ بڵێین ژنی کوردی دیاسپۆرا ئەو ژنەیە کە لەگەڵ ئەحزابی سیاسی پەرەوازەی هەندەران بووەو دوور لە وڵاتی دایك رێگای روشدی خۆی گرتۆتەبەر. واژەی دیاسپۆرا بۆ یەکەم جار سەبارەت بە جوولەکەکانی دوور لە وڵاتی دایکیان بەکار هێنراو لەگەڵ وشەی تاراوگە یەك مانا دەدەن.

من لێرەدا دەخوازم هەڵسەنگاندنێکی کورت لە نێوان ژنی کوردو ژنی دیاسپۆرا یاکوو تاراوگە بکەم. بە واتایەك، بۆچی موقایسەو هەڵسەنگاندن، چ هەڵسەنگاندنێكو هەڵسەنگاندنی چ کەسانێك.

هۆکارو دەلیلی ئەو هەڵسەنگاندنە ئەوەیە کە ژنی کورد ساڵانێکی زۆری دوور لە نیشتمانەکەی گوزەراندووەو ئەزموونێکی فرەی لە تاراوگە وەدەست هێناوە، بەو پێیە هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە دەتوانێ نەخشی رێبەری هەبێ. ژنی تاراوگە هەڵبەت جاروبار بۆ ژنانی ناوخۆی وڵات نەناسراوەو لە تێگەیشتنی قسەو باسەکانی تووشی گرفت دەبنو پێچەوانەشی روو دەدا. وەك ئەوەی هەردووکیان بە یەك زمان قسە دەکەن بەڵام لە یەکتر تێناگەنو لە باری فکرییەوە بە فەرسەخ لێك دوورن. کەی و چ زمانێكو لە کوێ ئەو رووداوە قەماوەو بۆچیو لە پێناو چیدا بابەتگەلێکن کە ئامانجی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حازری منە. ئەو نەسڵو وەچەیەی کە قەرارە بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن، ئەو وەچەیە کە بە ناوی نەسڵی سووتاو دەیناسن. بە واتایەك هەمان نەسڵی ئینقلاب کە لە باری

←

تەمەنیەوە ٥٠ ـ ٣٠ ساڵێك دەبێ‌و بەشێکیان لە داخڵی وڵات دا دەسووتێن‌و خەبات دەکەن‌و بەشێکیشیان لە دەرەوە هاوار دەکەن ئێزن بدەن کورتە باسێك ژنی کوردی دیاسپۆرا پێناسە بکەین. ژنی دیاسپۆرا ژنە موهاجیرێکە کە ڕیی کەوتۆتە ناو کۆمەڵگای بێگانەو پرۆسەی ئەکاڵچرێیشنی دەست پێکردوە. ئەکاڵچرێیشن، کاتێك ڕوو دەدا کە دوو دەستە یا گروپی خاوەن فەرهەنگی جیاواز بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ساڵی ١٩٨٠ بێری لە بارەوە گوتوویەتی ئەو پرۆسەیە سێ قۆناغی ئەسڵی تێپەڕ دەکا. قۆناغی یەکەم دەبێتە تەماسی ژنی موهاجیر لەگەڵ فەرهەنگی خانەخوێ واتە ئەو کۆمەڵگا نوێیەی تێیدا دەژی. قۆناغی دووهەم کێشەی فەرهەنگی دایك لەگەڵ فەرهەنگی خانەخوێیە. سێهەم قۆناغیش، هەڵبژاردنی سیاسەت لە پێوەندی لەگەڵ ڕادەی وەرگرتنی فەرهەنگی خانەوێیە.دیارە ڕادەی وەرگێرانی فەرهەنگی خانەخوێ بە دوو هۆکارو عامیل بەستراوەتەوە. یەکیان سیاسەتەکانی ئەو کۆمەڵگایەو دووهەمیش ڕادەی پابەندی ژنی موهاجیر بە فەرهەنگی دایکە. کارناس بێری Beery ساڵی ٢٠٠٢ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو پرسو گرفتە لە ئەنجام دا بەو چوار حاڵەتە کۆتایی دێ.

١ـ ئاسیمیلاسیۆن Assimilation

٢ـ سیپاراسیۆن Separation

٣ـ مارگینالیزاسیۆن Marginalization

٤ـ ئینتێگراسیۆن Integration

حاڵەتی یەکەم کە تاك یاکوو بڵێین ژن وەفاداری خۆی بە فەرهەنگی دایك لە دەست دەداو بە تەواوەتی گیرۆدەی فەرهەنگی خانەخوێ دەبێ، دەکرێ بڵێین خۆی هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو فەرهەنگە نوێیە دەکا.

لە حاڵەتی دووهەم دا ڕەنگە کەسەکە لەو پێوەندی‌یەدا توانایی‌و خواستی وەرگرتنی تەواو یاکوو بەشێکی فەرهەنگی نوێ هەڵدەبژێرێ‌و هەمان سیپاراسیۆن‌و جیایی دێتە ئاراوە.

حاڵەتی سێهەم ئەوەیە کە ئەو شەخسە بە کوردی خۆمان لە هەر دوو دینان دەبێ، حەول دەدا نوختە پۆزتیڤەکانی کۆمەڵگای نوێ وەرگرێ، بەڵام فەرهەنگی خۆی لەو نێوەدا لە بیر دەچێتەوە. لە ئەنجام دا نە فەرهەنگی خانەخوێی وەرگرتبێ‌و هی دایکیشی لە دەست داوە. ئەوەش دەکرێ بڵێم ونبوونی ئەو تاکە یا ژنەیە لە باری پێناسەوە.

باشترین حاڵەت دەبێتە هەمان ئینتێگراسیۆن، شەخس بالانس‌و توازون‌و لە نێوان خاڵەکانی پۆزتیڤی فەرهەنگی دایك‌و کۆمەڵگای خانەخوێ ڕادەگرێ‌و تێکەڵاوی خاڵەکانی پۆزتیڤی هەر دوو کۆمەڵگای پێشووو تازە فەرهەنگێکی نوێ دەخولقێنێ.

ژنی سەرکەوتووی تاراوگە ئەو کەسە کە توانیویەتی لە وەرگرتنی ئەوەی پێی دەڵێین ئینتێگراسیۆن سەرکەوتوو بووبێ، واتە جێگایەکی لە ناو کۆمەڵگای نوێدا دۆزیبێتەوەو لە ئوسوولەکانی پۆزتیڤی وڵاتی خانەخوێ تێگەیبێ‌و لە هەمان کات دا خاڵەکانی پۆزتیڤی فەرهەنگی دایکیشی پاراستبێ‌و لە خۆیدا بەکاریان بێنێ‌و لە تێکەڵاوی ئەو دوو لایەنە هەم وەك ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگای نوێ بێ‌و هەمیش ئەندامێکی وەفاداری جامیعەی دایك بێ. هەڵبەت ئەوروکە لە کۆمەڵگای سوئێدی‌دا باسی نوێتر وەك مولتی کاڵچراسیم هاتۆتە گۆڕێ کە ئەو پرسەی تەواو گۆڕیوە.

ئایا تەواوی ژنانی دیاسپۆرا کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، خاوەن تایبەتمەندی‌یەکانی حاڵەتی چوارەم هەن؟ ئایا بە حوکمی ئەوەی لە دەرەوە دەژین، خۆی تەزمینی هەموو شتێك دەکا؟ ئایا ژیان لە تاراوگە ، نەخشی ڕێبەری بە ژن دەبەخشێ؟

**ژنی سەرکەوتووی تاراوگە ئەو کەسە کە توانیویەتی لە وەرگرتنی ئەوەی پێی دەڵێین ئینتێگراسیۆن سەرکەوتوو بووبێ، واتە جێگایەکی لە ناو کۆمەڵگای نوێدا دۆزیبێتەوەو لە ئوسوولەکانی پۆزتیڤی وڵاتی خانەخوێ تێگەیبێ‌و لە هەمان کات دا خاڵەکانی پۆزتیڤی فەرهەنگی دایکیشی پاراستبێ**

ژنی کوردی دیاسپۆرا ئەو کەسایەتی‌یەیە کە لە کۆمەڵگایەك دا دەژی، فەرهەنگو یاساکان هەر هەموویان بۆ پاراستنی مافی ئەو لە جێدان. هەڵبەت ڕادەی دەست پێڕاگەیشتنی ژن بە فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی بە میزانی تێکەڵاوی بنەماڵەکەی لەو جامیعەیەدا بەستراوەتەوەو گەلێك فاکتەر لەو بارەوە کارتێکەریان هەیە.

بەڵام ژنی کوردی ناوخۆی وڵات چی، ئەو چی کردوە، ئایا هەمان ئەو ژنەیە کە ٢٨ ساڵ لەمەوبەر لە کوردستان بەجێمان هێشت. ئەو ژنە لە کوێیە؟ ئەو ولە کۆمەڵگایەك دا دەژی کە نە حیمایەتی بنەماڵەی هەیەو نە پشتیوانی فەرهەنگو کۆمەڵگاکەی. بۆیە بە تەنیا بەربەرەکانی لەگەڵ تەواوی سوونەتەکانی پیاوسالار دەکاو سەرباری ئەوەش یاسا ئیسلامی‌یەکان تا ڕادەیەکی زۆر سەبارەت بە مافی ژنان بێ تەفاوەت‌و بێ ئێعتنان.

ئەو ژنە چ دەکات‌و لە کوێیە، ئایا زەمان بۆ ئەو هەر ئەو کاتەیە کە پێشتر بوو واتە هەمان کاتە کە ئێمە جێمان هێشت. ئەو خۆی چی کردوە؟ بە پێی ئاماری بانکی جیهانی لە ساڵی ١٩٨٠دا یەک لە سێی ژنانی ١٥ تا ٢٥ ساڵە لە ئێران دا بێسەواد بوونە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠دا کەمتر لە یەك دەیەمی ژنانی نەخوێندەوار گوزاریش کراون. ئەو ئامارە بۆ تەواوی جەماوەری ژنانی ئێرانی لە ٦٠ لە سەدی ساڵی ١٩٨٠ گەیشتۆتە ٣٠ لە سەدە ساڵی ٢٠٠٠ بە پێی راپۆرتێك کە لە گۆڤاری ژنان دا بڵاوبۆتەوە لە مانگی جولای ٢٠٠١، رادەی کەسانێکی توانیویانە بچنە دانیشگاکانی ئێران٦٠ لە سەدیان ژن بوونە، پرسیاری من لێردا ئەوەیە دەرسەدێکی ئەوتۆ ژن لێرە لە وڵاتی سوئێد ساڵانە واریدی زانستگاکان دەبن؟

بە پێی ئاماری بانکی جیهانی ژنانی سەرقاڵ بە کار لە ساڵی ١٩٨٦دا ٢٠ لە سەد بووە، لە حاڵێك دا لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەو رێژەیە گەیشتۆتە ٢٧ لە سەد رێژەی بەرز بوونەوەی نفووس‌و جەمعییەت یاکوو میزانی تێعدادی منالان لە بنەماڵەکان دا ٦/٥ لە ساڵی ١٩٨٥دا بووە، ئەوەش بە نۆرەی خۆی گەیشتۆتە ٢ منال لە ساڵی ٢٠٠دا، ئایا ئەوانە بەڵگەیەك بۆ بەرەو پێش چوون نین؟

**خۆسووتاندن بەردەوامە، گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ، تەوژم پتر لە پێشوو خۆ دەنوێنێ، بەو حاڵەش رێژەی ژنانی خوازیاری ئاگاداری لە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی لە کۆمەڵگادا کەم نین.**

هەرچەند کوردستان یەکێك لە ناوچەکانی مەحرومی ئێرانە بەڵام ژنی کورد لەو رەوتەدا بێبەهرە نەبووە. رادەی خوێندەواری ئەویش چۆتە سەرو میزانی زانستی سەبارەت بە کۆنترۆڵی نفووس‌و سلامەتی بنەماڵە جیاوازی بە خۆوە بینیوە. دیارە ئەو ئامارە هێشتا رەزایەت بەخش نیە، بەڵام نیشانەی ئاڵوگۆڕێکە کە بە ئەنجام گەیشتوە. ئەو ئاڵوگۆڕە لە کۆمەڵگایەك دا هاتوونە کایەوە کە یاساکانی دژی کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵەوەیە‌و لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی دامەزراون کە هیچ چەشنە مافێکی یەکسانی بۆ ژن لەبەرچاو ناگرن.

لە کۆتایی‌یەکانی ١٩٨٨دا ئێرانی خاوەن ئابووری مەییوو دیفاعی رووی لە گەشە کردن کرد. دوای مەرگی خومەینی ئیقتیسادی ئازادی ئێران دەرگای بۆ بازاڕەکانی جیهانی کردەوەو بووە هۆی زیاد بوونی کارو فرسەتێکی موناسیب بۆ حزووری ژنان لەو بازاڕەدا. لەو پرۆسەیەدا، ژنان توانیان بێنە دەرەوەی ماڵ، داخوازی‌یەکانیان باس بکەن‌و لەسەر وەدەستهێنانی جێگایەکی شایستەتر پێداگرن‌و لە مەیدانی خەبات‌و بەربەرەکانی‌دا قاڵ بنەوەو لە کۆمەڵگایەك دا کە هیچ جێگایەکی بە ژن رەوا نەدەدی بتوانن بێدەنگ نەبن‌و هاوار بۆ مافی خۆیان بکەن.

ئەو برە مافەی ئیمرۆ هەیانەو رەنگە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ حقووقی ئێمەی دیاسپۆرا لە ئاستێکی بەرز نەبێ، بەڵام بەرهەمی رەنج‌و تێکۆشانی خۆیان بووە، نەك یاساکانی کۆمەڵگا دابینی کرد بن. لە ناو ئەو ژنانەدا لایەنی جۆراوجۆری فیکری لە گۆڕێدان‌و بەپێی پلەی تێگەیشتوویی بنەماڵەکانیان دەکەونە بەر زەخت‌و زۆری جیاواز. خۆسووتاندن بەردەوامە، گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ، تەوژم پتر لە پێشوو خۆ دەنوێنێ، بەو حاڵەش رێژەی ژنانی خوازیاری ئاگاداری لە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی لە کۆمەڵگادا کەم نین. ئەوانەی کار دەکەن‌و بیری خەباتگێڕیان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە مەیدانی بە کردەوەدا هاتۆتە گۆڕێ دەبێ بڵێم گەلێکن. ئەگەر هەڵسەنگاندنێك لەو نێوەدا بەینی تێکۆشانی ئابووری ژنانی کوردی تاراوگە لەگەڵ ژنانی ناوەوەی وڵات بکەین، داخوا خەبات‌و بەرخۆدانی کامیان بەوەج ترەو بۆچی؟

راستە ئەو لە کۆمەڵگایەك دا دەژی کە مافی لەبار بردنی منالی نیە، ناچار کراوە گوێ لە مست بێ‌و تەمکین بکا، نابێ چێژ لە ژیانی هاوبەش بەرێ، بەڵام ئایا ئەو دیاردە ناحەزانە بوونەتە هۆکاری نەفامی ئەو؟ یاکوو ئێمە ژنانی تاراوگە خۆمان بە خاوەنی تەواو عەیاری خەباتی سیاسی ئەوان دەزانین کە رەنگە زۆر جار ئێمە مانان بابەتگەلێك بێنینە بەر باس بە هەزاران فەرسەخ دوور لە خواستەکانی ئەوان بێ. رەنگە لە نێوان ئەو تێکۆشانەی ئێمە ناوی خەباتی سیاسی لەسەر دادەنێین لەگەڵ ئەو ستراتیژی‌یەی ژنی ناوخۆی وڵات بەدوایدا دەگەڕێ، جیاوازی هەبێ‌و ئەوەی ئێمە دەی‌خوازین رەنگە خواستی ئەو نەبێ. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ لێك تێگەیشتن چارە چیە، بزانین دروشمەکانی ئێمە بۆ ئەو کارسازە، ئایا بایەخی عەمەلیان لە کۆمەڵگای ئەودا هەیە یاکوو دەبێ جارێکیتر لەسەر بنەمای فکری جامیعەکەی ئەو دووبارە بنووسرێنەوە.

****

# پێوەندی نێوان فێمێنیزم و ناسیۆنالیزم

**ئـەم نووسـراوەیە وتارێکـە کـە بـەڕێز ئەحمەد عـەزیزی رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٠ لـە سـیمینارێك دا پێشکەشـی کـردوە کـە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێـران لـە وڵاتـی سـۆئێد بـە بۆنـەی ٨ی مـــارس رۆژی جیهـــانی ژنانـــەوە پێکیان هێنا بوو.**



## فێمێنیزم باس لە چی دەکا؟

فێمێنیزم باس لەو رەوتە لە چالاکی دەکا کە بۆ یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوان لە سەدەی رابردوەوە هەتا ئێستا لە ئارادا بووە. ئەمەش بەو مانایە نیە کە هەوڵو چالاکی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و تەنانەت سیاسیی ژنان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنیا سنووردارە بەم دەورەیەو پێشتر هیچ چەشنە هەوڵدانێك بۆ داکۆکی لە ژنان لە ئارادا نەبوو بێ. سنووردارکردنی باسی فێمێنیزم لەم دەورەیەدا لەبەر ئەوەیە کە خەباتی ژنان بۆ یەکسانی لە ئاستی پیاوان لە رۆژئاوا لە بنەماڵە، کۆمەڵ و سیاسەت لەم دەورەیەدا رەوتێکی بەرچاو ئامانجدار بەخۆوە دەگرێ. شۆڕشی فەرانسە ئەگەرچی وەك سەرەتایەك بۆ زۆر گۆڕانکاری سیاسیو رۆشنگەری دادەنرێ، بەڵام ئەم شۆڕشە نەیتوانی ژنان بێنێتە نێو گۆڕەپانی خەبات بۆ لابردنی گوشار لە سەر خۆیانو گەیشتن بە مافەکانیان. کاریگەرییەکانی ئەم شۆڕشەو بەرەو پێشچونی کۆمەڵایەتی، هوشیاری رووناکبیری و سیاسی لە سەر بارودۆخی ژنان دواتر خۆی نیشان دا. پرۆسەی چالاکی ژنان لە پێناو یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە راستیدا لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم را دەست پێدەکا. ئەم پرۆسەیە ئەگەرچی پڕ بووە لە قۆناغی سەرهەڵدانو دامرکان، بەڵام هەر بەردەوام بووە. لەو باسانەدا کە سەبارەت بە رەوتی فێمێنیستی لە رۆژئاوادا هاتوونە ئاراوە ئەم پرۆسەیە بە سێ دەورە دابەش دەکرێ. دەورەی یەکەم هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکا و هەتا ٦٠ەکانی سەدەی رابڕدوو واتە سەدەی بیستەم درێژەی دەبێ. تایبەتمەندی و خواستی سەرەکی چالاکانی ئەم دەورەیە بریتییە لە دابینکردنی مافی یاسایی ژنان لە گەڵ پیاوان وەك مافی دەنگدان. جەوهەری ئەم خواستە ئەوەیە کە ژنیش وەك پیاو مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنە سیاسی و دێموکراتییەکان دا هەبێ. ئەم خواستە لەو کاتەدا دێتە ئاراوە کە دێموکراسی پەرە دەگرێو دەسەڵات لە تاکی وەك شاو گروپی خاوەن زەویزار و سەرمایەو کلیساکانەوە بەرەبەرە دەگوێزرێتەوە بەرەو پارلمانەکان و رێگا بۆ دەنگی تاقمو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ وەك ژنان ئاواڵە دەبێ. بەشدارای ژنان لە هەڵبژاردنی پارلەمانی لە ئینگلستان لە ١٩١٨، لە سوئێد لە ١٩٢١ و دواتر لە وڵاتانی دیکە بەڕێوە دەچێ.

دەورەی دووهەم لە چالاکی بۆ یەکسانی لە کۆتایی ٦٠ تەکانەوە هەتا ٩٠ دەکانی سەدەی رابردوو دەگرێتە خۆ. ئەم دەورەیە بەوە پێناسە دەکرێ کە ژنان لە هەوڵی چوونەدەر لە ماڵو هاتن بۆ نێو بازاری کارن. لە پێناو هەبوونی مەودای ئەم کارەش دا چالاکانی ژن داوای ئیمکان بۆ راگەیشتن بە منداڵ لە کاتی کاردا، وەك هەبوونی باخچەی ساوایان دێننەگۆڕێ. مووچەی وەك یەك کە ئێستاش بەردەوامە لەم قۆناخەدا دەست پێدەکا.

دەوری سێهەم لە کۆتایی ٩٠ ەکانەوە دەست پێدەکا و هەتا ئێستا بەردەوامە. لەم دەورەیە دا رەهەندی دیکە تێکەڵ بە خواستی چالاکی بۆ یەکسانی دەکرێ. باس لە ژن وەك سۆبژێکتو هەڵوێستگرتن لە ئاست کەڵکوەرگرتن لە جەستەی ژن وەك تابلۆی سەرنجڕاکێش لە پێناو بازرکانی پیاوان لە مێدیا و ریکلام دەبێتە خاڵێکی جێگای باسی فێمێنیستەکان. لەم پرۆسەیەدا نە تەنیا مەسەلەی یەکسانی لە بواری مووچەی کار بەڵکوو باری هزری و یەکسانی لە ستاتۆو کاراکتری ژن وەك پیاو لە هەموو مەیدانەکانی ژیان دا هاتۆتە بەر باس . یەکێك لەو مەیدانانە مەیدانی سێکس و یەکسانی لە هەڵسوکەوت لە ئاست مەسەلەی هاوجنسگەڕایە. لەم قۆناخەدا کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکانی کچ و ژنانی گەنج هاتوونەتە مەیدانو تێکەڵ بە چالاکانی فێمێنیستی بوون.

کەڵکوەرگرتن لە چەمکی فێمێنیزم بۆ پێناسە کردنی لایەنە فکری و پرینسیپە گشتییەکانی ئەم رەوتە لە چالاکی سیاسی و رۆشنگەری ژنان و تەنانەت پیاوانی لایەنگری ئەم رەوتەیە لە پێناو پێکهێنانی

یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دا.

## چەمکی فێمینیزم و روانگەی جیاواز

لە نیوەی دووهەمی سەدەی‌نۆزدەهەم دا هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی چالاکی ژنان بۆ وەرگرتنی مافی یاسایی باسی فکری و سیاسی لەسەر مەسەلەی مافی ژنان دێتە ئاراوە. لیبراڵەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی رەوتی فێمینیستی‌دا باس لە مافی ژنان و لۆژیکبوونی کەڵك وەرگرتن لە تواناکانی ژنان لە بواری کار و لە نێو کۆمەڵدا دەکەن. کەچی لە هەمان کات دا لیبراڵەکان داکۆکی لەوەش دەکەن کە ژنان کە بوون بە خاوەن منداڵ پێویستە وەك ژنی ماڵدار لە ماڵەوە بن. دیارە لە نێو لیبراڵەکان دا بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چالاکی فێمینیستی و هەوڵدان بۆ کسانیی ژن و پیاو هەیە. بە گشتی لیبراڵەکان لەو بڕوایەدان کە خەبات بۆ یەکسانی دەشێ لە رێگای هێمنانەی یاساییەوە بەرێوە بچێ. کەچی فێمینیستە رادیکاڵەکان بە پێچەوانەوە بڕوایان بە خەباتێکی چڕو توند بۆ گەیشتن بە یەکسانی ژن لەگەڵ پیاودا هەیە. سوسیالیست و کۆمینیستەکانیش بەردەوام لەو بڕوایەدان کە ریشەی نابەرارییی ژن و پیاو لە نابەراری رەگەزی و چینایەتیدایە. هەر بۆیە لەسەر ئەوە پێ‌دادەگرن کە بۆ بەدی هێنانی یەکسانی ژن و پیاو پێویستە جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵدا لە نێو بچێ.

بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە جیاوازی بایولۆژی لە نێوان ژن و پیاودا ئەویش باسێکە کە لە نێو بەشێك لە فێمینیستەکان دا لە ئارادایە. بەشێك لە فێمینیستەکان بڕوایان بە جیاوازی بایولۆژی هەیە بەڵام لە هەمانکات دا پێیان وایە جیاوازی بایولۆژی نابێ ببێتە هۆکار بۆ ملکەچکردن لە ئاستی بایی‌دانانی جیاواز لە نێو ژن و پیاو دا. لە روانگەی فێمینیستەرادیکاڵەکانەوە باس لە جیاوازی بایولۆژی لە راستی‌دا بۆ پاساودانەوەی مل راکێشان بۆ هەبوونی جیاوازی‌یە لە توانامەندی نێوان ژن و پیاو دا. بە تێڕوانینێکی ورد لە روانگە جیاوازەکان لەم باسانەدا دەردەکەوێ کە فێمینیزم هەتا ئێستاش نەی‌توانیوە وێنایەکی کۆنکرێت لەم تاریفە بدا و هەڵگری بنەمایەکی فکری و رێبازێکی داڕێژراو بێ نەتەنیا وەك ئایدۆلۆژیەك بەڵکوو تەنانەت وەك زۆر دیسکۆرسی دیکەی سیاسی تاریفکرا باس ناکرێ ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە فێمینیزم وەك چەمکێك دژوارە گشت لایەنەکانی فکری و رەهەندە جیاوازەکانی ئەو چالاکی‌یانە بگرێتە خۆ کە لە پێناو یەکسانی لە کۆمەڵگا جیاوازەکان لە ئارادان. گرفتی رێگا چارەو چۆنیەتی پراکتیزەکردنی تاریف لەم دیسکۆرسە لە روانگەی جۆر بە جۆری ئایدۆلۆژی و سیاسی‌یەوە ئەم دیسکۆرسەی ئاڵۆز کردوە. ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە پرسی یەکسانیی ژن و پیاو پێویستی بە گۆڕان لە هزری مرۆڤە، گۆڕان لەو سیستمە نابەرابەری‌یە لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئاست ژن و پیاو دا ریشەیەکی قووڵ و لە مێژینەی هەیە.

دابونەریتی کە لە خزمەت نۆرمالیز کردنی ئەم نابەرابەری‌یەدا بۆتە کۆسپی سەر رێگای تێگەیشتنێکی هاودەنگ. چالاکی بۆ هێنانەدی یەکسانی بوارێکی بەر فراوان بە پانتایی گشت جیهان دەگرێتە بەر. ئەمەش لە خۆی دا هۆکارێکی دیکەیە لە سەر رێگای هەبوونی تاریفێکی کۆنکریت لەم چەمکە، چونکە رادەی نابەرابەریی نێوان ژن و پیاوو ئیمکانی هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو نابەرابەریە بە پێی جیاوازی کۆمەڵایەتی و کولتووری‌و سیاسی‌یەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکان دا خوێندنەوەی جیاوازی لەسەر دەکرێ. لەم بارەیەوە گرفت و ئاڵۆزی‌یە کە لە روانگەی جیاواز دایە سەبارەت بە خوێندنەوەی هۆکارەکانی وەك ئۆبژێکتبوون یان سۆبژێکتبوونی ژن وەك تاکی نێو کۆمەڵ لە ئاست پیاودا، خوێندنەوەی وردی ئەو کۆد و نورمە کۆمەڵایەتی‌یانە کە بەردەوام بە شێك لە مرۆڤیان بە پاساوی ژن بوون سیستمی پاتریاڵدا وەك تاکی روایەتکراو لە ملکی پیاو دا راگرتوە و بەردەوام خۆیان بەرهەم هێناوەتەوە. ئابستراك بوونی ئەم چەمکە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێکی زۆر لە ژنان و پیاوانی چالاك لە بواری یەکسانی ژنان و پیاوان دا نایانەوێ خۆیان وەك فێمینیست پێناسە بکەن. سەرەڕای جیاوازی روانگەکان، هەموو فێمینیستەکان لە سەر ئەو هاودەنگن کە ژن لە ژێر فشاری کولتوور و دەسەڵاتی پیاو سالاری دا دەژی و ئەم نابەرابەری‌یە و ناتەبای‌یە لە تەك هەموو ئاکار، پرینسیپ و یاساو مرۆڤەکان دا هەیە و دەبێ چارە سەر بکرێ. ئەمە خاڵێکە کە هەموو فێمینیستەکان لە سەری کۆکن. ژن دەبێ لەوەێ کە هەتا ئێستا لە ژێر گوشاری عەقڵیەتی پاتریاڵی‌دا بووە بێتە دەرێ. کولتوور و سیستمی دەسەڵات لە گشت مەیدانەکان‌و ئەو نورمە کۆمەڵایەتی‌یانەی ژنی وەك ئۆبژێکت لە ئیختیاری پیاو دا پێناسە کردوە دەبێ نەمێنن. ئەمە رەوتێکە کە داوێنی هەموو کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە یان بەرەبەرە دەیگرێ.

## فێمینیزمی کورد و رەوتی ئێستای ناسیۆنالیزمی کورد

لەم ساڵانەی دوایی‌دا رەوتی چالاکی ژنان و فێمینیستی کورد لە پێناو یەکسانی لەگەڵ پیاوان هاوکات لەگەڵ رەوتی بزووتنەوەی کورد پەرەی سەندوە. چالاکانی ژن هەم لە تاراوگەو هەم لە نێوخۆی وڵات لە نێو پرۆسەی دێموکراتی خوازی و بنیادی کۆمەڵگای مەدەنی رۆڵی خۆی زۆر لە رابردوو بەرجەستەتر کردووە. تایبەتمەندیەکی ئەم رەوتە ئەوەیە کە چالاکی ژن بە شێوەیەکی خۆڕست‌و لە دەرەوەی پارتە سیاسیەکانەوە سەری هەڵداوە. لە راستی‌دا یەکێك لە گرفتەکانی پارتە سیاسی‌یەکانی کورد کەم بەها دانان یان بێ باوەڕی ئەم پارتانەیە بە رۆڵی ژنان.هۆکاری ئەمەش تێگەیشتنی کۆن‌و پیاو سالارانەی ئەم پارتانەیە لە پرسی ژن‌و رێگای چارەی ئەم پرسە. کولتووری پیاو سالاری هەم لە نێو ئەندامان و هەم لە پرۆگرام‌و پراکتیکی چالاکی سیاسی‌و سیستمی تەشکیلاتی ئەم رێکخراوە سیاسی‌یانەدا دیاریەکی بەر چاوە.

لە پرۆگرامی پارتە سیاسی‌یەکانی ئێمەدا ئەوندەی باس لە رێگاوبان و ئاوەدانی کراوە ئەوەندە باس لە مەسەلەی ژنان کە نیوەی کۆمەڵە و داوێنگیری سیستمێکی نامرۆڤانەن نەکراوە. باس لە بریندار بوونی کاروانچی‌یەکی پیاو دەکرێ‌و لە سەری

←

دەنووسرێ کەچی پیاوانی خاوەن بڕیاردەر و نووسەر خۆ لە باس لە سەر ئەو هەموو تراژدیای خۆسوتاندن یان بە پەتکراوی راکێشانی کچان بە دوای ماشێن دا کە لە لایەن باوك یان پیاوی دیکەی بنەماڵەدا تەنیا بە تاوانی سەرپێچی لە ئەمری پیاو سالارانە بەڕێوە دەچن، خۆ دەبوێرن.

هۆکاری لاوازی فێمینیزمی کورد هەر پارتە سیاسیەکان ناگرێتەوە بەڵکوو لە بنەڕەت دا فێمینیزمی کورد لە دەرەوەی پارتە سیاسیەکانیش نەیتوانیوە بۆ خۆی خۆی پێناس بکا. سەرەتایی بوون و پەرتەوازەیی چالاکی ژنان نەیتوانیوە وێنایەکی یەك گرتوو بە رەوتی فێمینیزمی کورد بدا. لە راستیدا فێمینیزمی کورد چەمکێکی تاریف نەکراو و ئابستراکتە. ئەگەر دەورەکانی فێمینیزمی رۆژئاوا کە لە سەرەتای ئەم نووسراوەدا ئاماژەی پێدا بە پێوانە بۆ رەوتی فێمینیزمی کوردیش دابین دەکرێ بڵێین کە فێمینیزمی کورد هێشتا لە قۆناخی یەکەم دەرباز نەبووە.

واتە هێشتا خەبات دەکا بۆ ئەوەی لە باری یاسایەوە وەك پیاو مافی یەکسانی هەبێ. باسی ژن باسێکی جیدییە لە بزووتنەوەی کورددا. بەستەڵەکی سەر رێگای ئەم باسە لە پێوەندی لەگەڵ رەوتی ناسیۆنالیزمی کورد لەوە دایە کە ئەم بزووتنەوەیە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ بزووتنەوەیەکی پیاو سالارانەیە. پیاو لە هەرەمی دەسەلات دایە، بڕیاردەر و سیاسەت دارێژەرە، تەحلیلگەرە، بەرنامە دەنووسێ، شۆڕشگێرو قارەمانی عەمەلیات ئەوە. ژن رۆڵی بەرهەمهێنەرو هاسانکاری ئەم مەیدانەی بۆ پیاوان هەیە. بە رێکەوت نیە چالاکی ژنان لە پەراوێزی حیزبە سیاسیەکانەوە لە دایك دەبێ. لە بەرنامەی حیزبەکان دا بە ناسیۆنالیستو چەپەوە ئاماژە بە پرسی ژنانو یەکسانی ژنو پیاو لە دوا رۆژ لە کۆمەڵو لە بنەماڵەدا کراوە بەڵام ئەمە بە باوەڕ نیەو لە هەڵوێست و هەڵسووکەوتی ئەم پارتانەدا نیشان نەدراوە.

ئەو ریتۆریکەی کە سیاسەتوانانی کورد سەبارەت بە فیداکاری ژنانو ئازابوون لەوەی قارەمانیان پەروەردە کردوە بۆ بزووتنەوەی کورد لە راستیدا بۆ پاساودانەوەی راگرتنی دەسەڵاتی پیاو بووە. ئەم تاریفە بۆ ئەوەیە کە ئەم ژنانە توانیویانە بە باشی وەفاداری خۆیان بە پیاوانی خۆیان لە رێگای پاراستنی کولتووری باوی پیاوسالاری لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەکەدا بپارێزن. بە واتایەکی دیکە ئەم ژنانە توانیویانە کلتوورو نورمی کۆمەڵایەتیو بنەماڵەیی باو بە ناوی بەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردو لە ژێر هەستی کوردایەتیدا رابگرن . ئەگینا ئەم تاریفە هیچ دەسەڵاتو ستاتۆیەکی بۆ ئەم ژنانە نەخولقاندوە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەم ژنە قارەمانانە لە کوێی رەوتی چالاکی ژنان دا قەراریان گرتوەو مەگەر ئەوە چالاکانو خوێندکارانی نێو خۆو دەرەوەی حیزبەکان نین کە جلەوی رەوتی فێمینیستیان بە دەستەوەیە؟

## ناسیۆنالیزمی کوردوخوێندنەوەیەکی نوێ !

ئەگەر باس لە سەر لەنوێ خوێندنەوەی چەمکە سیاسییەکان لە سەردەمی پۆست ستروکتۆرالیزم و پۆست مۆدێرنیزم دەکرێ گەرەکە ئێمەش ئاوڕێکی جیدی لە نێوەرۆکی چەمکی ناسیۆنالیزمی بدەینەوە. تایبەتمەندییەکی سەرەکی سەردەمی ئێستا خستنە ژێر پرسیاری ئەو دیسکۆرس و چەمکە سیاسییانەیە کە هەتا ئێستا باو بوونو پێڕەو کراون. یەکێك لەو چەمکانە چەمکی ناسیۆنالیزمە. ئەو خوێندنەوەیەی هەتا ئێستا لە نێوەرۆکی ناسیۆنالیزم کراوە خوێندنەوەیەکی کۆنو تەئسیر وەرگرتوو بووە لە روانگەی مارکسیستی. مەبەست لە روانگەی زاڵ لەم پێناسەکردنەدا هەوڵدان بووە بۆ راگرتنی هژموونی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات. گرفتو فەقری ناسیۆنالیزمی کورد لەم بارەوە نەبوونی تاریفێکی شەفاف لە دەسەڵاتی نەتەوەی کورد بووە. ئێمە زۆرتر بە رەواڵەت بیرمان لە گەیشتن بە دەسەڵات بووە هەتا بیرکردنەوە لە چۆنیەتیو نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە. بە واتایەکی دیکە کورد زۆرتر بیری لە رووخاندنی دەسەڵاتی مەوجوود بووە هەتا چۆنیەتی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی نوێ. غافڵ لەوەی کە دەسەڵات سەندەلیەك نیە کە کەسی دانیشتووی لە سەر لابەریو کەسێکی دیکەی لە سەر دابنێی، واتە گۆڕانێکی فیزیکی بەڕێوە بچێ. ئەم گۆڕانە پێویستە نێوەرۆکێکی هەبێ. ئێمە لە هەوڵدان بۆ دەسەڵات دا دەبێ تاریفی خۆمان لە دەسەڵات هەبێ. ئێمە دەمانەوێ سیستمی دەسەڵات واتە رایەڵکەی مەوجوودی دەسەڵات بە گشت لقوپۆپەکانیەوە بگۆڕینو دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و کوردی لە جێیدا بنێین.

ئەو تیۆرییە داسەپاوەی کە ناسیۆنالیزمی کورد ناتوانێ هەڵ گرێ رەوتی خەبات بۆ یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوان دا بێ کارتێکەریەکی نیگاتیڤی هەتا ئێستا لەسەر بزووتنەوەی کورد هەبووە. ئەم گوێڕایەڵییەی کارتێکەرێکی ئەوتۆی لە سەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد داناو کە ئەم بزووتنەوەیە لە رابردوودا خۆ لە پرسی ژن و زۆر گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی لێ بە خاوەن ناکا. ئەم تیۆرە ئەگەر لە دەورانێك دا برەوی هەبووە یان توانیویەتی بەسەر سیاسەتوانان و رووناکبیرانی سیاسی کورد دا داسەپێو سیمایەکی لۆژیك بە خۆوە بگرێ دەکرێ هەنووکە بکەوێتە ژێر پرسیار. پێویستی ئاوڕدانەوەو تەنانەت رەتکردنەوەی ئەم تیۆرە دەکرێ پشت ئەستوور بێ بەم چەند ئارگۆمێنتە:

**یەکەم**: ئەم تاریفە داسەپاوی دەورانی زاڵ بوونی ئایدۆلۆژیە کە هەتا ئێستاش هەر ماوەتەوە. بە تایبەت ئایدۆلۆژی مارکسیستی کە گۆرانی کۆمەڵایەتی و پرسی یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوانی لە پاوانی خۆیدا دادەنا. بیریارانی ئەم ئایدۆلۆژیە نەیان ویستووە رەوایەت بدەن بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد کە وەك ئالترناتیفێك لە ئاست رەوتی سوسیالیست دا نێوەرۆکێکی چڕتری کۆمەڵایەتیو سیاسی لە ئاجندای خۆی دا دەبینێ. پرسیار لێرەدا ئەمەیە، ئێستا کە گۆڕان بە سەر هەژموونی ئایدۆلۆژیەکان بە تایبەت ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستی و سوسیالیستیدا هاتووەو ئەم ئایدۆلۆژیە لە کۆمەڵگای کوردستان دا لەو ئاستەدا نیە کە وڵامدەری خواستی فێمینیزمی کورد بێ بۆ نابێ ناسیۆنالیزمی کورد بۆ گۆڕان لە روانگەو پرۆگرامی خۆیدا ئەم پرسیارە بکاتە پرسی

←

**بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد نابێ لە پاوانی پیاوان دا بمێنێ بەڵکوو پێویستە ئەم بزووتنەوەیە گۆڕەپانی واقعی هەموو چالاکانی ژن و پیاوی کورد بێ**

خۆی.

**دووهەم**: دیارە مەسەلەی ژن بواریکی جیهانی هەیە بەڵام لە هەمان کات دا لە هەر کۆمەڵگایەک دا ئاست و تایبەتمەندی خۆشی هەیە. ئێستا کە پرسی سەرەکی کۆمەڵگای کورد پرسی نەتەوەییە و رەوتێکی یەکسانیش لە ئارادایە هیچ لۆژیکێکی تێدا نیە کە بزووتنەوەی کورد رەوتی فێمینیستی کورد ئاوێتەی خۆی ناکا.

**سێهەم**: دەبێ ئەو راستییە قەبووڵ بکرێ کە هەبوونی رەوتی فێمینیستی کورد لە دەرەوەی بازنەی حیزبەکان تا رادەیەکی زۆر نیشانەی بێ وڵامی نێوەرۆکی بەرنامەی ئەم حیزبانە نیسبەت بە خواستەکانی یەکسان خوازییە.بۆ وڵامدانەوە بەم رەوتە روو لە گەشەیە دەکرێ بزووتنەوەی کورد رەوتی فێمینیستی کوردیش بگرێتە خۆ. ئەمە بە سوودی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دەبێ.

**چوارەم** : کۆمەڵگای ئێمەی کورد کە ناسیۆنالیزمی کورد هەوڵی گۆڕینی دەدا لە چاو رابردوو ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتوە. کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەر وەک ئەزموونی باشووری کوردستان نیشانی داوە، پێویستی بە نیهادینەکردنی سیاسەت، بنیاد نانی کۆمەڵگای مەدەنی و پرۆسەی دێموکراتیزە کردن هەیە. ئەم رەوتە سەرکەوتوو نابێ کە ئەگەر خەبات بۆ یەکسانی لە پەراوێزدا بمێنێتەوەو خواستەکانی خۆی تێدا نەبینێتەوە. دەبێ ئەم راستیەمان لەبیر نەچێ کە بەشێکی هەرە زۆر لە چالاکانەی ئێستای کۆمەڵگای مەدەنی ژنانن. ناسیۆنالیزمی کورد کە خوازیاری دروستکردنی ئەم کۆمەڵگایەیە پێویستە لەم چالاکانەی بواری داکۆکی لە مافی ژنان پشتیوانی بکا. چونکە ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەم وەک مرۆڤی کورد بەشێك لە هێز (نەك پشتیوانە)ی بزووتنەوەی نەتەوایەتین و لە هەمانکات دا چالاکی مەدەنی خەبات بۆ یەکسانی لە دژی دەسەڵاتی حاکم دا.

ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد بە رابەرایەتی پیاوی کورد ئەم هێزە نەخوێنێتەوە تووشی دوو هەڵەی جیددی دەبێ. یەکەم ئەوە کە خۆی لەم هێزە بێبەری دەکا و روانگەی پیاو سالارانەو هەژموونی خۆی بەسەر بزووتنەوەکەدا دەپارێزێ. دووهەم لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا فێمینیزمی کورد ناچار دەبێ بەشێك لە توانای خۆی رووی لە بەربەرەکانی پیاو سالاریانەی نێو بزووتنەوەکە بێ. کەم نین ئەم هەوڵ و هەڵوێستەو نووسراوانەی کە لەلایەن فێمینیستانی کوردەوە لەم دوایانە دا لە دژی پارتە سیاسییەکان هاتوونە ئاراوە. ئیدامەی ئەم دوو بەرەکیە دەبێتە هۆکاری پێکهاتنی کێشەیەکی گەورە لە نێوان دەسەڵاتی کوردیو بەشێکی زۆر لە جەماوەر لە بەرەی رەوتی فێمینیستییدا.

**پووختەی باسەکە:**

ئاوڕدانەوە لە نێوەرۆکی دیسکۆرسو چەمکە سیاسییەکان یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ئێستایە. لەم پێوەندییەدا ئاوڕدانەوە لە چەمکی ناسیۆنالیزم بە تایبەت ناسیۆنالیزمی کورد لە بزووتنەوەی کورددا زۆر گرینگە. لەم ئاوڕدانەوەیەدا پێویستە بیر لە ئاوێتە کردنی رەوتی روو لە گەشەی چالاکی ژنان و لایەنگرانی مافی یەکسانی لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا بکرێ. گرفتی نابەرابەری ژن و پیاو گرفتی تەنیا ژنان نیە بەڵکو گرفتی پیاوان و گرفتی ناسیۆنالیزمی کوردیشە. ناسیۆنالیزمی کورد پێویستی بە دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردن لە کۆمەڵدایە. رەوتی چالاکی ژنان لە نێو جەرگی بنیاتنانی ئەم کۆمەڵگایەدا روو لە بەرەو پێش چوونە. پارتی سیاسی کورد بۆ نزیك بوونەوە لەو رەوتەو ئاوێتە کردنی بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی پێویستە ئاوڕی جیددی لەم رەوتە بداتەوەو پێشوازی لێ بکا. لەم ئاوڕدانەوەیەدا دەبێ خۆ لەو نۆرمو سیستەمە پیاوسالاریانە دەرباز بکا کە هەتا ئێستا بە سەر بزووتنەوەی سیاسی کورد دا زاڵ بووە. مەسەلەی ژن پێویستە بە شەفافی سەر لە نوێ لە پرۆگرامی حیزبەکان دا بنووسرێتەوە. هەوڵدان بۆ پیادە کردنی بەرنامەیەکی نوێ پێویستە بەشێك لە چالاکی رۆژانەی ئەم حیزبە سیاسیانە بێ. حیزبی سیاسی چۆن مەرجی وەك باوەڕ بە پرێنسیپەکانی دێموکراسیو بڕوا بە فرە نەتەوەیی و خاڵی لەم جۆرە بۆ هاوکاری و هاوبیری لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا دادەنێ پێویستە هەرواش بڕوا بە مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو لە مامەڵە لەگەڵ ئەم لایەنانەدا بە مەرج دابنێ. پرسی ژن و جێگیرکردنی یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات لە کوردستان دا لەوە ناچێ بە گەیشتنی کورد بە دەسەڵاتی نەتەوەیی بە تەواوی بە ئەنجام بگا. لەگەڵ ئەوەی کە چالاکی ژنان ناشێ لە چوارچێوەی پارتە سیاسیەکان دا قەتیس بێ، دەکرێ بەشێکی گرینگ لەم خەباتە هاوتەریب لەگەڵ رەوتی نەتەوە خوازی لەگەڵ پارتە سیاسیەکان دا بەڕێوە بچێ. بە مەرجێك چالاکی فێمینیستیو رووناکبیری سیاسی داکۆکیکەر لە یەکسانی ژنو پیاوی کورد لە پارتی سیاسی دا رەخنەگرو وتەبێژی دەردەکانی خەڵك بە تایبەت پرسی ژن بێ. فێمینیزمی کورد ناچارە لەبەر رەوشی تایبەتی پرسی نەتەوەیی هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ گۆڕان لە دەسەڵاتی زاڵی پیاوسالارانە لە کۆمەڵگادا خۆ بە خاوەنی پرسی نەتەوەیی و یەکسانی لە دەسەڵاتی سیاسی وبڕیاردان لە نێو پارتە سیاسیەکانیش دا بزانێ. دابینکردنی یەکسانی لە کوردستان دا بەشێکی گرینگ لە ئەرکی ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتخوازو عادڵانەی کوردە. بزووتنەوەی سیاسیو نەتەوەیی کورد نابێ لە پاوانی پیاوان دا بمێنێ بەڵکوو پێویستە ئەم بزووتنەوەیە گۆڕەپانی واقعی هەموو چالاکانی ژنو پیاوی کورد بێ.

****

# فیمینیزمی کوردیو ڕۆڵی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیئێران

سامان فەقێ نەبی

بزاڤی فیمینیزم خۆی تەنیا لە چوارچێوەی مافی بەشداریو خۆ کاندید کردنی ژنان لە گۆرەپانی سیاسەت دا نابینێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە چ لە ڕوانگەی لیبرالیو چ لە دیدی سوسیالیستی، پتر تەرکیز دەخاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی - ئابووری ژیانی ژنان. لە زۆر وڵاتی ناوچەدا، ژنان گەرچی توانیویانە لە پۆستە گرینگەکانی دەسەڵاتی سیاسی وڵات دا، ڕۆڵی ئەکتیڤ بگێڕن، وەکوو خاتوو "بینەزیر بۆتۆ" لە پاکستان، یان خاتوو "تانسۆ چیلەر" لە تورکیا، بەڵام ئەم مەسەلەیە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی ژنان لە بواری کۆمەڵایەتیو ئابوریدا، لەم وڵاتانە گۆرانێکی ئەوتۆی بەسەردا بێ.

ئەزموونی بێئاکامی بەشداریی ژنان لە سیاسەت لە وڵاتانی ناوچەو هەروەها بێکاریگەری ئەم بەشدارییە لە گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو ئابووری ژنان، چەند لایەنێکی جێگەی بایەخ بۆ ژنانی خەباتکارو فیمینیستی کورد ئاشکرا دەکا.

خەباتکارانی بواری فیمینیزم لە کوردستان، پێویستە چوارچێوەیەکی ڕوونو دیاریکراو بۆ چالاکی دابرێژنو بە خوێندنەوەیەکی وردو زانستییانە، گشت لایەنەکانی ستەمی ڕەگەزیو هۆکارەکانی بخەنە بەرباسو لێکۆڵینەوە.

خاڵێکی گرینگ لەو چوارچێوەیەدا ئەمەیە کە کۆپی بەرداری (copy) لە ویستو ئامانجەکانی بزاڤی فیمینیزم لە ڕۆژئاوا، هیچ چەشنە یارمەتییەك بە فیمینیزمی کوردی ناگەیەنێ. وڵاتانی ڕۆژئاوایی چەند سەدەیەکە پرۆسەی دەوڵەت نەتەوەیان تێپەر کردوەو هەنووکە مۆدێرنیتە هەموو کونو قوژبنێکی ژیانی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتی شارۆمەندانی ئەم وڵاتانەی تەنیوە، بەڵام بە پێچەوانە، کۆمەڵگای کوردی ئێستاکەش لە سەردەمی خێڵیو عەشیرەتیو نەریتیدا دەژیو کۆتو بەندی ئایین، عەشیرەت، باوکسالاریو.... بەسەریدا زاڵە. بۆ سەلماندنی واقعی تاڵی ژیانی ژنان لە چوار پارچەی کوردستان، پێویستە چاوێکی خێرا بە هەواڵەکانی تایبەت بە پێشێلکردنی مافی ژنان بخشێنین.

لە باشووری کوردستان کوشتنی ژنان بە بیانووی نامووس، شەرەفو... ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە زیاد بووندایە. لە زۆر شوێن کچانو ژنان تەنیا بە هۆکاری پیاسەیەك لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لە لایەن بنەماڵەو عەشیرەتەوە، دەکوژرێن. لە باکووری کوردستان، بارودۆخەکە لە باشوور خراپتر،و هەر بۆ وێنە لە شارێکی بچووك وەکوو باتمان تەنیا لە ماوەی ساڵێکدا پتر لە ٢٠٠ ژن بە هۆکاری ستەمی ڕەگەزی لە ناوچوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێژەی خۆکوژیو خۆسووتاندنو هەروەها کوشتنی ژنان بە تاوانی کردەوەی دژی ئەخلاقی! بەردەوام لە زیاد بووندایە.

هەروەها بە پێچەوانەی ژنانی ڕۆژئاوایی، ژنانی کورد لە کوردستان لە دەرەجەی یەکەم دا، بەهۆی ستەمی نەتەوەیی ئازار دەچێژن، بەڵام ئەمە ناتوانێ ببێتە پاساوێك بۆ ئەوەی کە جۆرەکانیتری ستەمو چەوسانەوە پشت گوێ بخرێو خەبات لە پێناو سرینەوەی ئەم چەشنە ستەمانە کەم ڕەنگ بکرێتەوە.

سرینەوەی ستەمی ڕەگەزی، مەرجی سەرەکی بەشداریکردنی نیوەی کۆمەڵ لە خەباتی نەتەوەیییەو بەهیچ شێوەیەك نابێ، خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافو ئازادییەکانی ژنانی کورد بە بیانووی خەباتی نەتەوایەتی بخرێتە پەراوێزەوە.

مادام کە ژنی کورد ناچار بکرێ کە تەنیا لە بازنەی تەسکی کاروباری خێزان دا بسورێتەوە، نابێ چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ کە لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا ڕۆلی کاراو ئەکتیف وەئەستۆ بگرێ. کۆمەڵگای کوردی بەهۆی داخراو بوونو کارتێکەری نیگەتیڤی کولتووری عەرەب، بۆتە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییە کە ژن وەك ڕەگەزی دووهەم سەیر بکا. لێرەدا بە حەق ئەم ڕستەیەی "سیمۆن دوبوار" وەڕاست دەگەرێ کە " ژن بە ژنێتی لە دایك نابێ، بەڵکوو ئەوە کۆمەڵگایە کە دەیکاتە ژن". خەباتکارانی فیمینیست لە کوردستان دەبێ کەشوهەوایەك پێك بێنن کە چیتر ژنی کورد بەو دۆخەی کە ئێستا تێیدا دەژی، قەناعەت نەکا. فیمینیزمی کوردی پێویستە ئەم ڕاستییە بۆ ژنانی کورد شرۆڤە بکا کە بایەخەکانی مۆدێرن تەنیا بۆ پیاوان نیەو کەسایەتی ژنی کورد، نابێ لە چوارچێوەی چاوەڕوانی پیاودا پێناسە بکرێ.

تا ئەو کاتەی فیمینیزم خۆی وەکوو پاشکۆی بزووتنەوەی نەتەوەیی بناسێنێ، سەرکەوتن بە خۆیەوە نابینێ. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە بزووتنەوەی میللی کورد، هەنووکە لە ژێر ڕکێفی عەقڵییەتو بیرۆکەیەکی پیاوسالاردا دەسوورێتەوە.

لێردا پێویستە بە لە بەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرێ، "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، بە شێوازێکی ڕوون، چوارچێوەی تێکۆشانی خۆی لە هەردوو بواری ڕزگاری نەتەوەییو دابینکردنی مافی ژنانی کورد، دیاری بکاو گۆرینی ئەو واقیعە تاڵەی کە ژنانی کورد، پێیەوە دەستەویەخەن، فیدای هێندێك سەرکەوتنی کاتیو کورت ماوەی بزاڤی نەتەوەیی نەکا. ژنانی شۆرشگێری دێموکرات، لە توانایان دایە کە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ژنانی فیمینیست لە ڕۆژئاواو بە لێکدانەوەی واقیعەکانی کۆمەڵگای کوردی، بە شێوەیەکی لۆژیکی، بزاڤی فیمینیزمی کوردی کانالیزە بکەنو چیتر لە بەرامبەر کۆسپو تەگەرەکانی سەر ئەم ڕێگایە، پاشەکشە نەکەن.

کاتی ئەوە هاتوە کە ژنی کورد، چیتر خۆی وەکوو ئۆبژە (مفعول)یەکی جنسی سەیر نەکا، بەڵکوو لە ژیانی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتیدا، وەکوو سوژە (فاعل)یەکی کاراو خاوەن شوناس، هەبوونی خۆی بچەسپێنێ.

بێگومان بزاڤێك کە هەڵقوڵاوی ویستە سروشتییەکانی ژنانی نەبێ، بە ڕێبازێکی ساختە (مەسنووعی) دەژمێردرێ بۆیە ئامانجەکانی "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، دەبێ لە بازنەی ویستە سروشتیەکانی ژنانی کورد بسورێتەوە. کۆکردنەوەی وزەو پۆتانسیەلی ژنانی کورد بە دەوری بیرۆکەیەکی پیاوسالارانەو نەریتی، بەلاریدا بردنی بزاڤی فیمینیزم لە کوردستانە.

سەردەمی ئێستا، قۆناغی شەری گوتارەکانەو ئەگەر "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە سەر گوتارێکی گشتگیرو گونجاو پێداگری بکا، هێندێك دژ کردەوەی خێڵەکیو سواو ناتوانێ، ڕێبازەکەی تووشی مەترسی بکا.

****

## کۆماری ئیسلامی ئێران

# هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی حیجاب چڕتر دەکاتەوە

شنۆ مێهرپەروەر




**ژنانی ئێران لە ژێر زەبرو زەنگی هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی**

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکەمین هەنگاوێك کە پاش هاتنە سەر کاری هەڵیگرت سەرکوتکردنی ژنان بوو. ئەم رێژیمە کە لە بیست و دووی رێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی بە بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی گەلانی ئێران هاتە سەرکار و دەسەڵاتی گرتە دەست، هەر کە ساوا و کەم تەمەن بوو ددانی لە ژنان تیژ کردەوە و درووشمی "یا روسەری یا توسەری" بەرزکردەوە. بە بەردەوامیش لە راگەیاندنەکانیاندا باسی لەبەرچاوگرتنی حورمەتی ئەخلاق و سوونەتە ئایینییەکان سەبارەت بە مەسەلەی حیجاب دەکا.ئەو پێوانانەی کە بۆ ژنێکی باش لە بەرچاویانە ، دەبێ دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا ،ژنێکی ماڵدار و بەحەیا و دەست رەنگین، سەبوور و داوێن پاك بێ . بۆ بەشداری پێیکردنی ئەو توێژە کارا و چالاکەی کۆمەڵ لە ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا قەت هاندەر نەبوون ئەگەر لە بوارێکیشدا سەرکەوتنێك وەدەست هاتبێ ئەوە ئازایەتی و بوێری خودی ژنان بووە ، ئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا زۆرترین رێژەی کچان لە قۆناغەکانی خوێندن بە تایبەتی لە زانکۆکاندا بەرچاودەکەوێ کە تەنانەت بۆ کاربەدەستانی رێژیمیش بووە بە پرسیارێکی گرینگ. لە یاسای مەدەنی و بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا بە روونی هەڵاواردن و جیاوازیدانان بەدیی دەکرێ و مافی ئەم توێژەی کۆمەڵ بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ .ژنان لەم وڵاتەدا ناتوانن ببن بە سەرۆك کۆمار، چوونکە ئەم پۆستە وەك لە یاسای بنەڕەتیدا هاتووە، تەنیا بۆ پیاوانی سیاسی وڵاتە و ژن لە پیاو جیا کراوەتەوە. لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەك کە بە سەر تەمەنی ئەم رێژیمەدا تێپەڕ دەبێ، ژنان وەك نیوەی کۆمەڵ وێڕای باقی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ چەوساوەتەوە و مافەکانی پێشێل کراوە و ئازار و ئەزییەت و ئەشکەنجە دراوە. تاوێك بە بیانووێك مانۆر دەدەن، ئەوتا ساڵی نوێی هەتاوییان بە مانۆڕێك بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ بە ناو فەسادە کۆمەڵایەتییەکان و لە سەرووی هەمووانەوە بێحیجابی ژنان لە شاری تاران دەست پێکردووە . لە پێشدا لە تاران و پاشان بەرەبەرە شارەکانی دیکەی ئێرانی گرتەوە. بە قسەی وتە بێژی پۆلیسی کۆماری ئیسلامی لەو رێکەوتەوە تا ئێستا زیاتر لە ٣٢٤٢ کەس بە بیانووی وەبەرچاوگرتنی رێوشوێنە ئیسلامییەکان دەنگ دراون .

لە پێناو بەرێوەنەچوونی گەلاڵەی بردنەسەری ئەمنییەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، جێگری فەرماندەی ئینتزامیی شاری تاران هەواڵی چالاکیی ئەو شوێنانەی راگەیاند کە ژنە مانکێنەکان بە دانی مووچە لە ئاستی شاردا بلاوە پێدەکەن . بە پێی قسەی ئەو وتەبێژە لە تاراندا شوێنیوا هەیە کە ژنان دەڕۆنە ئەوێ و وەك مانکێن دێنە دەرەوە و پاش گەڕان لە نێو شاردا دیسان دەگەڕێنەوە ئەو جێگایە و پارە وەردەگرن و راشیگەیاند تا دوو مانگی دیکە گەلاڵەی هەڵسووکەوت لە گەڵ کوڕانیش بۆ نارێك پۆشی دەست پێدەکا.

ئایەتوڵلا محەممەد فازل لەنکەرانی لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ ئیسماعیلی ئەحمەدی موقەدەم فەرماندەی هێزی ئینتزامی پشتیوانیی لە گەلاڵەی خەبات دژی بێحیجابی هێزی ئینتزامی کردو

←

ئەوی بە قازانجی کۆمەڵگا و شۆڕش دانا. ئەم مەرجەعەی تەقلید رایگەیاند کە ئەمر بە چاکە دەبێ لە کۆمەڵگادا پەرەبستێنێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر واز لە کۆمەڵگا بێنی فەساد و خراپە کاری هەمووی دادەگرێ و وەکوو هەموو عیبادەتە ئیسلامییەکانی دیکە ئەمر بە چاکە و دووری لە خراپەی بە گرینگ و پەسند هەڵسەنگاند و باسی لەوە کرد کە لە خەبات دژی بێحیجابیدا نابێ لە هیچ هێز و دەسەلاتێك بترسێ و دەبێ گشتگیر بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەم مەرجەعە تەقلیدە باسی لەوە کرد کە لەم خەباتەدا نابێ لە توونـد و تیـژی کەلك وەرگرین , بەڵکوو دەبێ بە شێوەیەك هەنگاوهەڵگرین کە خەڵك ئەم مەسەلەیە باش وەرگرن و پێشوازی لێکەن و بە پێچەوانەشەوە هەڵسووکەوتی خراپ و نابەجێی بەرپرسان لە گەڵ خەڵك بۆتە هۆی ئەوەیکە کە خەڵك لە ئایین و مەزهەب خراپ بڕوانن و بەلاڕێدا بڕۆن ، فازڵی لەنکەرانی لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە حزووری زیاتری هێزی ئینتزامی بۆ دابین کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لە کۆمەڵگادا کرد.

هاوکات لە گەڵ دەستپێکردنی گەلاڵەی بێحیجابی ، لە لایەن ئەنجومەنی فەرهەنگی گشتییەوە دەستوورولعەمەلی جۆراوجۆریان بە مەبەستی یەکدەستکردنی خەبات دژی بێحیجابی بە هەموو رێکخراو و ئیدارە پێوەندیدارەکانی دەوڵەتەوە راگەیاندووە. بە پێی ناو و نێوەرۆکی ئەم گەلاڵەیە هەموو نیهاد و رێکخراوەکان بەرپرسیار کراون بۆ هەڵبژاردنی فەرمانبەرانیان بە پێی ئەم یاسایە هەڵسوکەوت بکەن .

بۆ نموونە یەکێك لە خاڵەکانی ئەم گەلاڵەیە ئەوەیە کە هەموو ئیدارەکان قەنەفە و مووبلەکانیان دەبێ بە پێی پاراستنی سنووری شەرعیی نێوان فەرمانبەرە ژن و پیاوەکان دابرێژێن و مێعماریی"Open"بە کارنەهێنن ، چونکە ئەم مێعمارییە دەبێتە هۆی لە بەرچاونەگرتنی سنووری شەرعیی نێوان فەرمانبەرەکان. گرینگیەکەش لێرەدایە کە باسی کارناسانە بوونی ئەم گەلاڵەیە دەکەن و دەڵێن کە بەرهەمی چەندین مانگ کارە و موتالەعەی زۆری لە سەر کراوە. ئەویش نموونەیەکی دیکە لە یاسا سەیر و سەمەرەکانیان کە بەراستی شەرم لە باس کردنی دەکەی .

بەو ئاکامە دەگەین کە بە بوونی کۆماری ئیسلامی نە ماف و ئازادییەکانی ژنان لە چوارچێوەی ئەو رێژیمەدا دابین دەبێ و نە گەلانی ئێران ئاسوودەیی و بەختیاری بە خۆیانەوە دەبینن. رۆژ بە رۆژ دەبێ چاوەڕێی گەلاڵە و پڕۆژە و یاسای نوێی تایبەت بە ژن و پیاو بین، چونکە لە ئێرانی ئێستا دا تەنیا ئەوە ژنان نین کە دەچەوسێنەوە و مافەکانیان زەوت و پێشێل دەکرێ ، بەڵکوو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە فەزاییەکی پڕ لە وەحشەت و ترس و تۆقاندا ژیان تێپەڕ دەکەن , دەبێ هەموو وێکڕا قۆڵ بۆ گۆڕینی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕتیی و بونیادی هەڵماڵن و چیدیکە ئەو هەمووە بێحورمەتی و بێرێزییە بە خۆیان قەبووڵ نەکەن . بە هیوای ئەو رۆژەی کە لەمە زیاتر هاورەگەزەکانم لە مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانیان بێبەش نەکرێن .

****











# ئایا بەردباران کردن تەنیا پێوەندی به پیاوانەوه هەیە ؟؟

ئا: شنۆ

لە هەموو دنیادا ژنان بەرپرسایەتی بەردبارانکران، لێدانو ئازارو ئەزییەت، هەڵسووکەوتی خراپو بێحورمەتی، دەستدرێژیکردنە سەر، کەڵکی خراپ لێوەرگرتنی جەستەیی، سووتاندنو تێزاب رشتن بە سەریدا، کەم ئەندام بوونیو وەك هاوسەر لە باری دەروونییەوە وێران بوونی لە ئەستۆ دەگرن. ئێمە قەبووڵمان کردووە کە ئەمانە هەر هەمووی مەسەلەی ژنانن.

کاتێك کە ئەم یاسایانە پیاوانەنو قین لە دڵانە لە سەر بەرێوەچوونی توندوتیژی دژی ژنان پێداگری، دەکەن. بۆچی ژنان ئەم ئەرکە دەخەنە سەرشانی خۆیان ؟

بۆچی ئێمە ئەو هەمووە درندەیی، بێبەزەییو خوێن مژییە بە مەسەلەو بابەتی ژنانە دەزانینو وەك بڵێی پیاوان هیچ رۆڵو بەرپرسایەتییەکیان لە ئەستۆ نییە؟

بۆچی ئێمە وا بیردەکەینەوە کە ئەوە ئەرکی سەر شانی ئێمەیە چالاك بینو هەوڵ بدەین ئەو دنیایەی کە لە سەرپەرەپێدانو چاوپۆشی کردن، رەوایی دانو تەنانەت بە یاسایی کردنی کوشتن، کەڵکی خراپ وەرگرتنو لە نێو بردنی ژنان پێدادەگرێتەوە، بگۆرین ؟

بۆچی ئەم مەسەلەیە تەنیا پێوەندی بە ژنانەوە هەبێ ؟

پیاوان رۆڵی سەرەکیان لە بەردبارانکردن (سنگسار)، کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی نامووس، توندوتیژیو دەستدرێژی کردنە سەر هاوسەر، هاوسەری پێشوویان هاوبەشی ژیانو کچانو خوشکانی خۆیان هەیە .

لە دیسامبری ساڵی ٢٠٠٦ ی زایینی ٩ ژن لە ئێراندا، چاوەرێی بەردبارنکردن بە تاوانی زنای "محصنە" (ئەو ژنەی کە مێردی هەیە و لە گەڵ کەسێکی دیکە دەست تێکەڵی هەیە. لە حاڵێکدا تەنیا دوو پیاو بە تاوانی هاوشێوە بەند کرابوون. لە حاڵێکدا ئەمە تاوانێکە کە بە هۆی ژنو پیاوەوە هاوبەش روویداوە، بۆ دەبێ ئەم جیاوازییە هەبێت ؟ ئەوە دەزانین کە ژنێك دەتوانێ مەحکووم بکرێ بە کاری ناشەرعیی (زنا)و حوکمەکەش لەسەری بەرێوەبچێ، تەنانەت ئەگەر روونیش بێ کە ئەم پێوەندییە جنسییەیشی لەسەر خواستی خۆی نەبوە، کاتێك تووشی هیچ لادانو هەڵەیەك نەبووە، بەڵکوو دەستدرێژی کراوەتە سەری، سەرەرای ئەوەش لە هەموو وڵاتاندا بۆ ئەم تاوانە زۆر بە کەمی پیاوان بە تاوانبار دەزانرێنو موحاکمە دەکرێن تەنانەت لەو کاتەشدا ژن لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێو بە هاوبەشی تاوان دەزانرێ. کەوابوو ژن بە تاوانبار دەناسرێ. کەسێکیش کاری ناشەرعی کردووە لە کاتێکدا دەستدرێژی کراوەتە سەری، لە باری جەستەییەوە زوڵمی لێکراوەو لە باری دەروونیشەوە زیانی وێکەوتووە. سەرەرای هەموو ئەوانەش تۆمەتی تاوان خراوەتە پاڵی و دەبێ لە گەڵ مەسەلەی بەردباران کردن (سەنگسار) دەست و پەنجە نەرم بکات.

دارێژەرانی ئەم یاسایانە کێن ژنان تۆمەتبار دەکەن کە هیچکات تاوانییان نەکردووە، و بە بەردبارنکردن مەحکوومیان دەکەن ؟

ئەم یاسادانەرانە پیاوانێکن کە بە کەڵك وەرگرتن لە پێگەی خۆیان یاسایەك دادەرێژن کە بۆخۆی تاوانە دژی مرۆڤایەتی،

بەڵام لەبەر ئەوەی کە پیاوان خاوەن دەسەڵاتن، قسەی ئەوان قسەی یاسایەو مافی ژنان پێشێل دەکرێ. لە حاڵێکدا دەبێ خۆیان بە هۆی نەبوونی هەستی مرۆڤدۆستانەو کارە جیاوازی دانانەکانیان بە ناوی یاسا موحاکمەو سزا بدرێن.

چ کەسێك دەنگ بە رەوایی کردەوەی ئەو پیاوانە دەدا کە ژنو خوشکەکانی خۆیان دەکوژن، بەو بیانووەی کە نامووسیان لەکەدار بووە ؟

ئەمە دابونەریتێك نییە کە ژنان دایان نابێو تەئییدی بکەنو ئەوە ژنانیش نین کە بەرێوەبەری یاساییەك بن مەرگ بۆخۆیان بەرەوا بزانن. ئابرووی بنەماڵە بیری پیاوانەیەو بە هۆی پیاوانێکەوە کە لە سەرووی حکومەتنو پاڵیان بە یاساوە داوە، برەوی پەیداکردوەو ئەگەر لە شوێنێکدا ژنێك بە ناوی بنەماڵەکەیەوە بکوژرێ، ئەوە پیاوەکانن کە دەبێ لێپرسینەوەیان لە گەڵ بکرێ. یاسای بەردبارنکردن، کوشتن بۆ پاراستنی شەرەف و ئابروو، کەمیی جەهیزیە ( ئەو برە کەلەپەلەی کە بووك لە ماڵی باوکییەوە لە گەڵ خۆی دەیبا بۆ ماڵی



زاوا )و هەر کەمو کۆرییەکی دیکە کە وەبەرچاوی بنەماڵەی زاوا بکەوێت، یاساییەك نییە کە لە هەر ولاتێکدا دارێژرابێ، کە زۆر بە ئاسانی ئەو ئیزنە بە پیاو بدا کۆتایی بە ژیانی مرۆڤێك (ژنێك) بێنێ.

ولاتی واش هەیە کە ژنان لە بواری دەروونیو پاراستنی جەستەییەوە لەهەر کاتێکدا دەخاتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەیکە یاسا پیاوسالارانەکان مافی دەسەلاتی هەر جۆرە کەڵك وەرگرتنێك لە جەستەی ژنی بە پیاوان داوە. یاسای ولاتانی رۆژئاوایی بە شێوەیەك دارێژراون کە ئەو پیاوانەی لە توندو تیژی جەستەیی دژی ژنان کەڵك وەردەگرن لە پێگەیەکی باشتردا دەبن. ئەگەر ژنێك نەتوانێ ئاسەواری لێدان لەسەر جەستەی خۆی نیشان بدا، نەتوانێ بەرگری جەستەیی لە خۆی نیشان بداو نەتوانێ هاتو هاوار بکاو بە شێوەیەك بیسەلمێنێ کە لەو دەستدرێژییەوە زیانی پێی گەیشتووە شانسێکی زۆر کەمی هەیە کە بە بێتاوان بناسێندرێ. بۆ نموونە زۆر کەم تاوانبار بوون، دەتوانرێ پیاوی دەستدرێژیکەر لە تاوان بێبەری دەکا. ئەگەر شاهید دانی پزیشك وەك هێرش کردن، شاهیدی عەینی یان بەڵگەیەك لە دەستدا نەبێ کە نیشانی بدا ئەم کارە بەبێ رەزامەندیی ژنەکە بەرێوە چووە، تا رادەیەك ئازادی پیاو دابین دەکات. تەنانەت لە هەندێك کاتیشدا کچە گەنجەکان لە یاسادا وەك کەسێکی ئارەزوو باز و شەهوانی دەناسرێن، و بە هۆی جوولەو هەڵسووڕانیان دەبێتە بیانوویەك بۆ پیاوی دەستدرێژیکەر کە خۆی لە بەرپرسایەتییەکان بدزێتەوە.

لە هەندێك کات لە ولاتانی رۆژئاوادا، پیاوێك کە ژنەکەی خۆی دەکوژێ، تاوانبار نابێ بە قەتڵی ئانقەست ( عەمد )و تەنیا بە قەتڵی نائانقەست دادگایی دەکرێ. بۆچی دەبێ وابێ ؟

لە بەر ئەوەی کە ژنەکە ئەوی تەحریك کردووەو زۆر بیانووگر بووە، یان بە شێوەیەك خۆی لە کوشتنی خۆیدا پاڵپێوەنەر بووە. بەڵام ئەگەر ژنێك لە بەر پاراستنو بەرگریکردن لەگیانی خۆی تۆمەتبار بکرێ بە کوشتنی مێردەکەی، زۆر بە زەحمەت دەتوانێ لە دژی کوشتنی بە ئانقەست پارێزگاری لە خۆی بکا. تەنانەت لە بەرگریکردن لە خودی ژنەکە ئەگەر بە کوشتنی نائانقەست تاوانبار نەکرێ، تەنیا کەمێك تاونەکە کەم دەبێتەوە و بە کوشتنی نائانقەست تۆمەتبار دەکرێ.

جیاوازیی نیوان ژن و پیاوێك کە بە کوشتنی نائانقەست مەحکوومن زۆر زۆرە. بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ ژن دەکەوێتە بەر ئازارو لێدان، شاهیدی ئەشکەنجەو ئازاری منداڵەکانی دەبێ، یان رووبەرووی ئازاری دڕندانەی ماڵەوەی خۆی دەبێ. بەڵام ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە پیاوێك کە ژنەکەی خۆی کوشتووە، وەڕاست ناگەرێ.

یاساکانی کوشتنی بە ئانقەست، کوشتنی نائانقەست، پاڵپێوەنەرو ئارەزووباز (شهوت انگیز)و لە خۆبەرگریکردن بە درێژایی مێژوو، بە هۆی دادوەرگەلێکەوە دارێژراوە کە هەر هەموویان پیاو بوون. تەنیا لە سەدەی بیستەم دایە کە ژنانی رۆژئاوا بەرەبەرە دەچنە دەزگای قەزاییو مافی پارێزەرییو پاشانیش پۆستی دادوەرییو بەرێوەبەری باڵا وەدەست دەهێنن.

بەدرێژای سەدان ساڵ ژنان لە دادگاکاندا موحاکمە دەکران بەبێ ئەوەی کە تەنیا ژنێك لە دادگا بەشدار بێ. لە دادوەرەوە بگرە هەتا هەیئەتی مونسەفەو پارێزەرو دانیشتوانی هەمیشەیی بەشدار بووی دادگاو هەر کەسێکی دیکەی کە لە دادگادا بەشدار دەبوو، هەر هەموویان پیاو بوون. ژنان لەلایەن پیاوانەوە مەحکووم دەبوون، دەبران بۆ پای سێدارە هەڵدەواسرانو هەر لە لایەن پیاوانەوە ملیان لێدەکرایەوەو بە هۆی پیاوانەوە لە سەر کورسی کارەبایی گیانیان لێدەستێندرا.

بەسەدان ساڵە ژنان خەبات دەکەن بۆ ئەوەی کە بە بەشێك لە مرۆڤایەتی بژمێردرێنو وەك مرۆڤ مافیان هەبێو وەك ژن مافی وەك یەکو یەکسانو رێزی بەرامبەریان هەبێ. ئەمە هەوڵێکی جیهانییە کە دەبێ هەر پیاوێکی ئازادیخواز تێیدا بەشدار بێ. هێندێك جار ژمارەیەکی کەم لەم بزووتنەوەیەدا بەشدارییان کردووەو بەڵام ئەو راستیەی کە ژنان هێشتا لە نابەرابەری ئازار دەبینن و لە بەرامبەر یاسادا مافی یەکسان و وەك یەکیان نیە، سەلمێنەری ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە پیاوان ئەم بەرپرسایەتییان قەبووڵکردووەو دەبێ ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەم پرسەدا بەشداری بکەن.

هیچ ولاتێك، هیچ کلتوورو شارستانیەتو کۆمەڵگایەك ناتوانێ بە بێ بەشداری ژنانو بێبەشکردن لە مافی وەك یەك، بەشێوەی دادپەروەرانە بەرێوەبچێ. تەواوی پیاوان دەبێ بەرپرسایەتییەکانی خۆیان دیاری بکەن، کاتێك لە دنیایەکدا دەژین کە ژنان لە بەرانبەر یاسادا خاوەنی مافی یەکسان نیەو نادادپەروەرانە دەکەونە بەر توندو تیژیو بە ناوی یاساوە مەحکووم بە مرگ دەکرێن .

تا ئەو کاتەی کە بە هۆی ئەو سیستەمە قەزاییو دادوەرییەی کە بە دەستی پیاوانە پێکهاتوە، ژنێك مەترسیی مردنو لە نێوچوونی لە سەر بێ، سەنگسارو بەردبارن بکرێ ئەوە پیاوان کە بەرپرسیارن . ئێمە وەك ژن بەرپرسایەتی خۆمان بە جیددی وەردەگرینو هەوڵ بۆ روونکردنەوەی بیرو راکان دەدەینو بۆ لەنێو بردنی زوڵمو ستەمو هەلاواردن دژی ژنان هەنگاو هەڵدەگرین، و ئێمەش دەبێ هەر بەو رادەییە داوا لە پیاوان بکەین کە بەرپرسایەتیی خۆیان بە جیددی وەرگرنو ئەوانیش دەبێ هەر ئەوە بکەنە پێوانەی کاری خۆیان. ئەمەش ئەرکی پیاوانە لەو پێوەندییەی کە لەگەڵ ژنان هەیانە لە دژیان توندوتیژی بە کار نەهێنن، کەڵکی خراپ لە جەستەیان وەرنەگرنو زوڵمیان لێنەکەن. ئەوە ئەرکی پیاوانە ئەو یاسایانەی کە بۆتە هۆی لەبەرچاونەگرتنی ژن وەك مرۆڤێکی کامڵو تەواو، لە نێو بەرێ. ئەوە ئەرکی پیاوانە کە هەوڵی گۆرینی ئەو سیستەمە دادوەرییو قەزاییە بدەن کە بە ناوی پارێزگاری لە یاسا پێداگری لە سەر کوشتنی ژنان دەکا. ئەوە ئەرکی پیاوانە کە پێش بە بەرێوە چوونی ئەو حوکمە زاڵمانەیە بگرن کە دەبێتە هۆی کوشتنی ژنان. کاتێك کە یاساکان کۆتاییەکەی مەرگو کوشتنی ژنانەو خەڵکی بەرپرس، بە ژن و پیاو دەزانن کە دەبێ ئەم یاسایە کۆتای پێ بێ.

****

# کارنەواڵی بەهاریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

رۆژی پێنج شەممە ١٣ی بانەمەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کەرنەواڵێکی بەهاریی، بە بەشداری زۆربەی زۆری ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و ژنانی نیشتەجێی کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبرد.

لەو کەرنەواڵە بەهاریەدا کە بە بەشداری مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە تێکۆشەری هەڵسووری نەتەوەکەمان‌و بە هاورێیەتی کاک کەماڵی کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو. سەرەتا لە لایەن خوشکە نازەنین قادری ئەندامی جێگری بەڕێوەبەریی بەخێرهاتنی هەموان کراو پاشان پەیامی سوڵح‌و ئاشتی‌و بەردەوامی لە خەبات لەلایەن بەڕێوەبەرانی کەرنەڤاڵەکەوە بۆ ئامادە بووان دووپات کرایەوە. هیوای ساتێکی خۆشی لەو کەرنەواڵە بەهاریەیدا بۆ ژنانی تێکۆشەری ناو بزوتنەوەی شۆرشگێری کورد دەربری، لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەی کەرنەواڵەکەدا ژنان‌و کچانی دێموکرات بە رەنگاورەنگی جل‌و بەرگەکانیان تێکەڵ بە رەنگی سروشتی بوون‌و بۆ ماوەیەک گەڕی شایی‌و دیلانی کەرنەڤاڵەکەیان گەرم‌و گوڕتر کرد. دواتر تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە برگەیەکی دیکەی ئەم کەرنەواڵە بەهاریەیدا، چەن پەیڤێکی پێشکەشی ئامادە بووان کرد، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە پاش پیرۆزبایی لێکردن لە پێکهاتنی ئەو کەرنەڤاڵە بەهاریەو پێشکەشکردنی سوپاس‌و ئەمەگناسی خۆیان‌و باقی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە زەحمەت‌و ماندووبوونی ژنان.

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە:**

قسەیەکی مەشهور هەیە کە دەڵێ:

## لە پشت سەری هەموو پیاوێکی گەورەوە، ژنێکی گەورە هەیە

خوشکانی بەڕێز هاورێیان‌و یاران، هاوسەنگەرانی تێکۆشەرانی شەهیدو تێکۆشەرانی ئێستاو تێکۆشەرانی ئایندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو کاتەتان باش‌و ئەو کارنەواڵە بەهارییەتان پیرۆز بێت. نامهەوێت قسەتان بۆ بکەم بەڵام لەمێژە لە دەرفەتێك دەگەرام کە ئاوا بە سەریەکەوە بتان بینم هەندێك سپاسی خۆم‌و هاوسەنگەرانم بە ئێوە رابگەیەنم. بۆیە لەو پەیوەندییەدا بەدڵەوە سپاس لە ئیبتکاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم کە ئەو ئیبتیکارەی بە خەرج داو ئەو کارنەواڵە بەهاریەی ساز کرد کە ئەمنیش بتوانم بێمە خزمەت ئێوە. زۆرجار پیاوەکان خۆیان لە خانمەکان دزیوەتەوە سەیرانیان ساز کردووە، ئەمرۆ تۆڵەی هەموو رۆژەکانتان لێ کردینەوە دەستتان خۆش بێت.

قسەیەکی مەشهور هەیە کە دەڵێ "لە پشت سەری هەموو پیاوێکی گەورەوە ژنێکی گەورە هەیە" ئەو قسە ئەگەر لەنێو هەموو میللەتان دا راستە لە نێو ئێمەدا زۆر زۆر راستە. شاراوە نیە کە بەداخەوە بە پێی هەلومەرجی سوننەتی عەشیرەتی کوردەواری هەرچی بێ کۆمەڵی کوردەواری وایە کە پیاوان زیاتر خوێندویانە،



زیاتر نەقشیان لە کاروباری سیاسیدا هەبووە، زیاتر لە خەبات تێکۆشان دا نەقشیان هەبووە بە تایبەتیش ناویشیان دیارە، بەڵام هیچ زیادمان نەگوتووە کە بڵێین خانمان لە هەموو ئەو شانازییانەی



کەبە پیاوەکان دراوە بەشدارن سەهمیان هەیەو لە راستیدا کۆڵەکەی ئەو سەرکەوتنانەن کە پیاوەکان بەدەستیان هێناوە، بەڵێ هیممەتی خانمەکان بووە کە پیاوەکان توانیویانە منداڵەکانیان بەجێ بێڵن، ماڵەکانیان بەجێ بێڵن، هەتا کارو کاسبیەکانیان بەجێ بێڵن، بەڵام خانمەکان بە هیممەتەوە منداڵەکانیان پێگەیاندوون نەیانهێشتووە بێنازیو بێ بابیان پێوە دیار بێو نەیانهێشتووە پیاوەکان، نە لە سەنگەردا، نە لە ئاوارەییو دەربەدەریداو نە لە زیندان دا خەمی ئەوەیان لەبەر بێت کە ئەگەر منداڵەکانیان لە پاش بەجێ ماوە منداڵەکانیان بێناز بن، بەڵام شانازی بۆ ئێوە خوشکانو خانمانی ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە تەنیا بەو وشە رازی نەبوون، کە ئێوە هاوسەری تێکۆشەران بوون، نەخێر ئێوە هەر لەو کاتەدا کە هاوسەری تێکۆشەرانن بۆخۆشتان تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانن ئێوەن کە لە هەموو خۆشیو ناخۆشییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵمان بوون لە پاشان بۆ خۆشتان ئیفتخاری پێشمەرگایەتی ئیفتخاری ئەندامەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان وەرگرتووەو مەسئولیەتەکانتان لەگەڵ ئێمە بەش کردووە، پیاوان لە هەموو جێیەكو بە تایبەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە ژنەکانیان قەرزدارن، ئێمە بەداخەوە ناتوانین ئەمرۆ پاداشی ئەو هەمووە فیداکارییە، ئەو هەموو زەحمەتەو ماندووبوونە بە ئێوە بدەینەوە، ئارەزووی ئەو رۆژە دەخوازم کە وەڵاتەکەمان ڕزگار دەبێت دەچینەوە نێو میللەتی خۆمان ئەو وەختی لە ئاپۆرای کۆمەڵانی خەڵکەوە تەجلیل لە نەقشی ئێوە دەکرێو ئێوە وەکوو سەنبولی فیداکاریو سەنبوولی تێکۆشان بۆ ئازادی میللەتی کورد بە خەڵك دەناسێنین، هیچ موبالیغە ناکەم ئەگەر پەیکەری مەفرەقین لە پیاوەکان دروست بکرێت حەق وایە پەیکەری زێڕین لەو ژنانە دروست بکرێت کە بوون بە پشتو پەنای پیاوەکان تا بتوانن ئەو ئەرکە بەجێ بێنن.

سڵاو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە نێو خۆی وڵات دەکەین.

سڵاو لەوانە کە بۆ ئێمە بوونە سەندو پاڵ پشتمانن، کەمەکەی لێرەیەو زۆرەکەی لە داخلە، ئێمە بە ئومیدی وانەوە ئەو خەباتە بەڕێوە دەبەین. ڕاستە ئێمە بۆ ئەوان ئومیدین، ئومیدی واقیعی ئێمە بەوانە نەك ئەوان بە ئێمە، ئارەزوو دەکەین هەلومەرجی سیاسی وەڵاتەکەمان وای لێ بێت پێش هەموو شتێك بە خەباتی خۆمان بە هەوڵو تێکۆشانی میللەتی کورد، کە ئێمە بچینەوە ئەو عەزیزانە لە باوەش بگرین، ئێمە ئەوان تەقویەت بکەین، ئەوان ئێمە تەقویەت بکەن، ئێمە ئەوان گوڵباران بکەینو ئەوان بە پێشوازی ئێمەوە بێن تا ئەو رۆژە بەختەوەریو سەلامەتیو خۆشیو سەرکەوتن بۆ هەموو ئێوە بە ئاوات دەخوازم. زور سپاستان دەکەم بۆ ئامادە بوونتان.

لێرەش دا قسەی سیاسیتان بۆ ناکەم ئەوەش هەر تەشەکوور بوو. با ئەو کارنەواڵەتان لێ تێك نەدەین، شایی بکەن، هەڵپەرن، شاد بن بۆ ئەوەی دوژمن تان کوێر بێت.

****

# کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان

## سەردانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە هەولێرو دارەتوو

ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندان هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان پێکهاتوو لە عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان‌و سکاڵا حەکیم زادە ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ژنانی ئەندام‌و غەیری ئەندامی پەنابەر لە باشووری کوردستان لە شاری هەولێرو دەوروبەری وەك بنەسڵاوە، دارەتوو، قوشتەپەو ناوشار کۆبوونەوەیەکی گشتی پێك هێنا لەو کۆبونەوەیەدا سەبارەت بە کارو چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات‌و ئەرکی ژنان لە قۆناغی ئێستای خەباتی ژنان لە جیهان‌و خەبات‌و خۆپێگەیاندنی ژنانی کورد بە تایبەتی باس کران لەو کۆبونەوەدا چەندین پرسیار لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسە کران‌و لەلایەن هەیئەتی ناوبراو وڵام درانەوە.

## پێکهێنانی کۆبوونەوەیەك بۆ پێشوازی لە ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن دا

بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٧ی مارس بۆ بە پێشوازی یەوە چوونی ئەم ڕۆژە، لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی کۆمیسیۆنی ئامووزش کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی بۆ ژنانی کەمپەکانی ئازادی، زەوی‌سپی‌و ئامێریە پێك هێنا کە بەشێکی زۆر لە ژنانی ئەم کەمپە حیزبی‌یەکان پێك هێنا کە بەشداریی چالاکانەیان تێدا کرد. لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەری کۆبوونەوە خاتوو سۆهەیلا قادری پاش ئەوەی چەند قسەیەکی لە بارەی ئەم ڕۆژەدا پێشکەش کردو بەخێرهاتن‌و پیرۆزباییشی لە ژنانی بەشداری کۆبوونەوەکە کرد. پاشان لە لایەن خاتوو سکاڵا حەکیم زادە ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان بە نوێنەری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان، پەیامی ٨ی مارسی خوێندەوەو پاشان باسێك کە لە لایەن خاتوو خەدیجە مەعزوور بەرپرسی ڕێکخراوە سنفی‌و دیموکراتی‌کەکانەوە ئامادە کرا بوو، پێشکەش بە ژنانی ئامادە بوو لە کۆبوونەوەکە کرا کە ئەم باسە هەر لەم ژمارەیەدا بڵاو دەکرێتەوە. بە دوای ئەم باسەدا پارچە شێعرێکی ناسك لە لایەن خاتوو سۆهەیلا قادری خوێندرایەوەو بە دوای ئەودا خاتوو عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان چەند وتەیەکی لە پێوەندی لەگەڵ ژنان‌و ئەرکەکانیان لە هەلومەرجی ئێستادا پێشکەش کرد.









لە کۆتایی ئەم بۆنەیەدا هێندێك پرسیارو موناقشە کردن لەسەر مەسەلەی ژن هاتە گۆرو وەڵام درایەوەو پاشان لە لایەن یەکیەتی ژنانی دێموکراتەوە پەزیرایی لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرا.

## بەڕێوەچوونی سمینارێك لە ژێر ناوی "پێکەوە یەك دەنگ بین بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا نامرۆڤایەتی‌یەکان"



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٥ی مارسی ٢٠٠٧ کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ لە "هۆڵی دیالۆگ"ی ڕێکخراوە دێموکراتی‌یەکان لە شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی "مافی ژنی کوردو مافی مرۆڤ" کۆنفرانسێك پێك هات لە ژێر دروشمی "پێکەوە یەك دەنگ بین بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا نامرۆڤایەتی‌یەکان"، کۆنفرانسەکە لەلایەن خاتوو فەریبا محەممەدی چالاکی بواری ژنان کرایەوە. خاتوو فەریبا ڕوونی کردەوە کە مەبەست لە پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسە، پێشوازی لە ٨ی مارس و پشتگیریکردن لە کەمپینی یەك میلیۆن ئیمزا کە پێکهاتووە بۆ گۆرینی یاسا نامرۆڤایەتییەکان‌و هەڵوەشاندنەوەیان. پاشان باسی کۆنفرانسەکە کە تەرخان کرابوو بۆ خاتوو ڕێواس فایەق سەرنووسەری گۆڤاری تەوارو چالاکی بواری ژنان. خاتوو ڕێواس فایەق باسێکی گشتی کردو لەسەر یاساکان‌و توندوتیژیان سەبارەت بە ژن‌و ژێرپێ‌خستنی مافی ژن ئاماژەی بە ڕۆڵی شەریعەتی ئیسلام کرد کە وەك سەرچاوەی یەکەمە بۆ یاسای باری کەسایەتی‌و هۆکاری سەرکییە بۆ ژێر پێ‌خستنی مافی ژن. لە بەشێکی دیکەی باسەکەی ئاماژەی کرد بەو هەوڵانەی کە دراوە بۆ گۆڕانکاری لە یاسای باری کەسایەتی‌و یاساکانی‌تر بۆ ئەوەی چی‌تر مافی ژن ژێر پێ نەخرێ. لە بەشێکی دیکەی‌دا باسەکەدا ئاماژەی بە ڕۆڵی دادوەری کرد کە ئایا تا چەندە سەربەخۆیەو توانیویەتی مافەکانی ژنان بپارێزێ‌و پاشان باسێکی کورت لە سەر هەندێ بێ‌مافی دیکەی ژن وەك نەبوونی مافی شاهیدی دان‌و کۆمەڵێك وردەباسی‌تر ناوئاخنی کۆنفرانسەکە بوون. لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بوار لە بەردەم ئامادەبووان کرایەوە بۆ گفت‌وگۆ کردن‌و ژمارەیەك لە ئامادەبووان بەشداری‌یان کرد بە ڕەخنەو تێبینی‌و پرسیار کردن کە لەلایەن خاتوو ڕێواسەوە وەڵام درانەوە. کۆنفرانسەکە کاتژمێر ٥ی ئێوارە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

پێویستە بگوترێ کە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان کە پێك هاتبوون بەڕێزان نەسرین حەداد ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و گەلاوێژ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری‌و کوێستان فتووحی‌و ئارەزوو نستانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون.

# بەشداری کردنی هەیئەتەکانی یەکیەتیی ژنان لە کۆڕو کۆبوونەوەکان

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە کۆڕی شێعر

ڕێکەوتی ١٥ی ڕەشەمەمە بە پێشوازیی لە ڕۆژی ژنان هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێکهاتوو لە: فەریبا وەیسی جێگری بەڕێوەبەری، شیلان ڕەبەتیو زێرین ئیراندوست ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بەشدارییان لە کۆڕێکی شێعر خوێندنەوەدا کرد کە لە لایەن ژنانی کوردستان لقی کۆیە ساز درا بوو.

ڕۆژی ١٧ی ئاوریلی ٢٠٠٧ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریان لە کۆڕێکی شێعر کرد کە لە هۆڵی نەجیبەخانو لە ژێر ناوی "ئێوارەیەکی شێعر باران"، بۆ ئەو گەنجو لاوانەی کە سپێدەیەکی تریان لە ئەنگوستە چاوی شەودایە، کرد. پێویستە بگوترێ ئەو کۆڕە بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاوێژی لقی کۆیە پێکی هێنابوو.

هەیئەتی یەکیەتیی ژنان بریتی بوون لە بەڕێزان گەلاوێژ حەسەن زادە ئەندامی بەڕێوەبەریو فەریبا وەیسیو نازەنین قادری ئەندامانی جێگری بەڕێوەبەریو مریەم عەبدالّیو سەفین قادری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، پەیامی پیرۆزبایی هەیئەتی یەکیەتیی ژنان لە لایەن بەڕێوەبەری کۆڕەکە سوهەیلا قادری خوێندرایەوە.

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە پێشانگای هەویر لە کۆیە

ڕۆژی ٩ی بانەمەری ١٣٨٦ پێشانگایەکی کاری هەویر بەسەرپەرستی خاتوو چیمەن بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە بۆ بەڕێزان خاتوو ژاڵەو درخشان پێك هاتو لەسەر بانگهێشتی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان نازەنین قادری ئەندامی جێگری کومیتەی بەڕێوەبەریو پەخشان فەلسەفی ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدارییان لە کردنەوەی ئەو پێشانگایە دا کرد، پێشانگاکە لە لایەن هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی سلێمانی کرایەوە.

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە کۆڕێك دا

ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەشەمەمە لەلایەن لقی کۆیەی یەکیەتیی ژنانی کوردستان کۆڕێك بۆ مامۆستا مژدە ڕەواندزی لە سەر پەروەردەی منداڵ پێك هاتو هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان پێك هاتوو لە: پەروین ڕەمەزانی ئەندامی بەڕێوەبەریو عیسمەت حەسەنپوور جێگری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانو مونیرە ڕەسوڵیو مریەم عەبدالّی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لەو کۆڕەدا بەشدار بوون.

## سەردانی مامۆستایانی قوتابخانەی ئازادی سەرەتایی لە یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەشەمەمە بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەی ئازادی سەرەتایی تێکەڵاو سەردانی بنکەی گشتی یەکیەتیی ژنانیان کردو لەلایەن هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانو خەدیجە پورمەند، سکاڵا حەکیم زادە ئەندامی بەڕێوەبەرییو عیسمەت حەسەنپوور، فەریبا وەیسیو زلەیخا جەشنی ئەندامانی جێگرو ڕاوێژکاری یەکیەتیی ژنان پێشوازییان لێ کرا.

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بۆ سەر گۆڕی بارزانی

ڕێکەوتی ٣ی ڕەشەمە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان هاوبەش لەگەڵ لاوانی دێموکرات سەردانی گۆڕی بارانی لە بارزان کردو بە دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕیبارزانیو پێشکەشکردنی پەیامی هەر دوو ڕێکخراو لەلایەن هاوڕێ ئارەزوو نستانی ڕێزیان لێگرتن. هەیئەتی یەکیەتیی ژنان پێك هاتبوون لە: خەدیجە پورمەند ئەندامی بەڕێوەبەریو زولەیخا جەشنی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانو خورشید ڕەسوڵی، سوراڵە وەیسی، ئامینە گادانیو سوری پیروان ئەندامانی یەکیەتیی ژنان.

## پێکهاتنیکۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئافرەتانی کورد بۆ (ئاشتیو یەکسانی) لە شاری هەولێر

ریکەوتی ٨ی مارسی ٢٠٠٧ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هاتوو لە هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هاوڕێ خەدیجە مەعزوور ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر لە هۆڵی ١ی شوبات لە دیوانی سەرۆکایەتی (ئەنجوومەنی وەزیران) بەشداریان کرد لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئافرەتانی کورد بۆ (ئاشتیو یەکسانی) کە لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (بەرێز مەسعود بارزانی)و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکای باکوور (KNC) و بە هاوکاری نووسینگەی وزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنانو ئافرەتان پێك هاتبوو، هاوڕێ عیسمەت لە بەشی دووی کاری کنفرانس واتە بەشی گفتگۆو پێشنیارو پرسیار وێرای پیرۆزبایی ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان هیوای سەرکەوتنی بۆ بەڕێوەبەرانو هەڵسووڕێنەرانی کۆنفرانسی بەناوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خواستو پێشنیاری ئەوەی کرد کە KNC هەوڵیزیاتری گرتنی کۆنگرەو کۆنفرانسی بۆ ژنی کورد بداو زیاتر ژنانو ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەتایبەت ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە.



### بەسەر کردنەوەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە کەمپی دێگەڵە

ڕێکەوتی ١٥ی ڕەشەمە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان پێك هاتبوو لە هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرس و خەدیجە پورمەندو زلەیخا جەشنی ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان سەردانی کومیتەی یەکیەتیی ژنانیان لە ناوەندی ای کوردستان کردو کۆبونەوەیەکیان بۆ ژنانی ئەندام و غەیری ئەندام لە کەمپی دێگەڵە لە ناوەندی‌حیزبی ١ی کوردستان بە ئامادە بوونی فرشتە بەهاری بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی ژنان لەو کومیتەیە پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەدا هەیئەتیی ناوبراو داوای هەرچی زیاتری کارو تێکۆشانی لە ریزەکانی یەکیەتیی ژنان دا کردو پێشنیاری هەرچی زیاتری خۆ پێگەیاندنی ژنانیان لە قوناغی ئێستا خەباتی ژنی کورد داکرد.

### لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا یادی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کرایەوە

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٤ی ڕەشەممە لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە ناوچەی کۆیە بەڕێوەچوو، یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بەرز گیرا.

لەو ڕێورەسمەدا ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کوردە خان پێشمەرگەی دێرین و قایمقامی کۆیە، چیمەن خان بەرپرسی لقی کۆیەی یەکیەتیی ژنانی کوردستان و شاندە هاوڕێکانیان، ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب و ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەشدار بوون.

ڕێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوەیی دەستی پێکرد. دواتر پەیامی یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی گەڕانەوەی تەندروستی بۆ مام جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عیراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی خوێندرایەوە. بەدوای ئەودا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە لە لایەن کاك عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب پێشکەش کرا. لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا بروسکەی پیرۆزبایی کوردەخان قایمەقامی کۆیە، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو عیسمەت نستانی بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا. لەبرگەو بابەتەکانی دیکەی ڕێورەسمەدا کۆمەڵێك پەیام، گۆرانی، سروود، پەخشان و شانۆ پێشکەش کران.

### بەشداری هەیئەتی ژنان لە کۆبوونەوەیەك دا

ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٦ زایینی لەلایەن یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە بانگهێشتنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەك لە ژێر ناوی "ژن و دەسەڵات" لە هۆڵی نەجیبەخان پێك هێنرا بوو. کە لەم کۆبونەوەیەدا هاوڕێیان خاتوو پەخشان فەلسەفی و خاتوو مهاباد مەعزووری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بەشداریان تێدا کرد.

### سەردانی هەیئەتێکی ژنان لە کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە بحرکە

ڕێکەوتی ٢ی بانەمەڕ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێك هاتوو لە خەدیجە پوورمەندو گەلاوێژ حەسەن زادە ئەندامانی بەڕێوەبەری و نازەنین قادری و زولیخا جەشنی جێگری بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان سەردانی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیان لە بحرکە کردو لەگەڵ ژنانی ئەندام و غیری ئەندام کۆبوونەوەو لەسەر بارودۆخی ئێستاو کارو چالاکی یەکیەتیی ژنان چەند باس و ڕاوێژ کران و لەلایەن بەشداران چەندین پرسیارو پێشنیار کران و وەڵامی پرسیارەکان لە لایەن هەیئەتی ناوبراو درانەوە.

### بەشداری کردنی هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە دووهەمین ئاهەنگی دەرچووانی ڕەوزە (مهد کودك)

ڕێکەوتی ٢٢ی بانەمەر هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هاتوو لە گەلاوێژ حەسەن زادەو پەروین ڕەمەزانی ئەندامانی بەڕێوەبەری و هوما فاتحی ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەشدارییان کرد لە دووهەمین ئاهەنگی دەرچووانی باخچەی ساوایانی "هەنگ". پێویستە بگوترێ باخچەی ساوایانی هەنگ دیاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆیە.

### بەشداری هەیئەتی یەکیەتی ژنان لە سێهەمین ساڵیادی ڕاپەڕینەکەی قامیشلوو

ڕێکەوتی ٢١ی ڕەشەمە لە سێهەمین ساڵیادی ڕووداوی قامیشلوو هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێموکرات پێك هاتبوو لە سوهەیلاقادری و رووناك خاتوونی بە پەیامی هاودەردی بەشداریان لە کۆڕی یاد کردنەوە لە شاری سلێمانی کرد

### کۆبوونەوەیەك لە ژێرناوی "خەبات بۆ یەکسانیی ژن و پیاو"





ڕۆژی ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٨٦ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە کۆبوونەوەیەکی بۆ بەڕێز کاك ئەحمەد عەویزی دانیشتووی وڵات لە سوئێد کە بۆ سەردان گەڕابۆوە کوردستان پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ژنانی دێموکرات بەشدارییان تێدا کرد، بەڕێز کاك ئەحمەد باسێکی پێشکەش کرد لە ژێر ناوی "خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو" و هەروەها ڕۆڵی ژنانی دێموکرات لەم پێناوەدا.

کاك ئەحمەد گوتی ئەم خەباتە ئەرکێکی گرنگەو دەبێ کاری زۆری بۆ بکەین ئەم خەباتە زۆر لە مێژە لە ئورووپا دەستی پێکردوەو ئێستاش درێژەی هەیە.

ئەگەر لە زۆر وڵاتان ژنان مافی یەکسانیان هەیە لەگەڵ پیاوان بەرهەمی خەباتی بەردەوامی ژنانە. ئێوە ژنانی دێموکرات ئەرکێکی گرنگتان لەسەر شانە، خەبات بۆ یەکسانیی و خەباتی نەتەوەیی.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان چالاکانە بەشدارییان لە باسەکەی بەڕێزیان داکرد.

# چەند هەواڵێکی پێوەندیدار بە ژنانی جیهان و ئێران و کوردستان

## جیهان

### فرانکفۆرتی ئاڵمان

ڕێنسانس نیوز:دویچەوێلە دەنووسێ: قازییەکی ژن لە دادگای ئیداریی فرانکفۆرتی ئاڵمان، لە دۆزێکدا کەلە نێوان پیاوێکی مەراکێشی (مەغریب)و ژنە ئەڵمانییەکەیدا دەستی پێکرد بوو، دارکاری ژنی ناوبراوی لە لایەن مێردەکەیەوە بە پەسەند دانا. قازی ناوبراو شکایەتی هاوڵاتییەکەی خۆی، کەلە ساڵی ٢٠٠١دا لە مەراکیش بە پێی ڕێکارەکانی قورئان شووی بەو پیاوە کردوە، ڕەت کردەوەو ئیدعای کرد کە لێدانی ئەو ژنە، لەبەر ئەوەی بووە بە خواستی خۆیو بە پێی قورئانی موسوڵمانان شووی بەو پیاوە کردوە، کە وایە ناپەسەند نیە.

بە پێی پێڕەوی یاساکانی وڵاتی ئەڵمان، لە کێشەی نێوان ژنو مێرددا، ئەگەر هەردوولا خوازیاری لێک جیابوونەوە بن دەبێ ماوەی ساڵێك بۆ پێداچوونەوەی بە بڕیارەکەیان چاوەڕوان بن. ئەو ماوەیە پێی دەوترێ شەرتی " مۆڵەتی یەك ساڵە". هەر بە پێی ئەو یاسایە، لە هەلومەرجێك دا کە یەکێك لە هاوسەرەکان کەوتبێتە بەر هەوڕەشی توندوتیژی ئەوی دیکە، قازی دەتوانێ ئەو شەرتە لە پرۆسەکە دەربازێو بە زوویی بڕیاری جیابوونەوەکە جێبەجێ بکا.

ژنە ئەڵمانییەکە لە داخوازیی خۆیدا لە دادگا داوای کردبوو کە لەبەر ئەوەی لە لایەن مێردەکەیەوە لێیدراوە ئەو شەرتەی دەرنەهاویشت.

ئەو بڕیارە لەلایەن چاودێرانو میدیاکانی ئەڵمانییەوە وەك جێبەجێ کردنی دارکاریی کردنی ژنان لە لایەن مێردەکانیانەوە لێك درایەوە. ئەم بڕیارە پشت بۆ سوننەتگەلێکی ئیسلامی کەلە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دا باوە دەبەستێو بەو پێیەش لێدانی ژنان لە لایەن شووەکانیانەوە بەڕەوا دەزانێ.

ئەڵمان یەکێك لەو وڵاتانەیە، کە برێك لە یاساکانی وڵاتانی ئیسلامی لەمەڕ پەیوەندیی هاوسەرەتیو لێك جیا بوونەوە، بۆ ئەو هاوڵاتییە موسوڵمانانەی کە لە ئاڵمان دادەنیشن، بە فەرمی دادەنێ.

## ئێران

### گەڵاڵەی خەبات دژی "بدحجابی"

بەرپرسی هێزە ئینتزامییەکانی تاران ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە لە وتووێژێکدا ڕایگەیاند گەڵاڵەیەکی بۆ خەبات دژی "بد حجابی" دارشتوەو لەو بارەوە گوتی: " گەڵاڵەی خەبات دژی (بدحجابی) لە سەرەتای مانگی بانەمەر دەست پێدەکەینو بە پێی ئەو گەڵاڵەیە کە لە قۆناغی یەکەم دا تەنیا ژنان دەگرێتەوە، هەر ژنێك شەڵواری تەنگ لەبەر بکا یا لەچکەی چکۆلە لە سەر نێ کە قژی دانەپۆشێ یا مانتۆی کورتو تەنگو یا هەر لیباسێك کە جەستەی ژن تێیدا بەرجەستە بێ، لە بەر بکا، بەرەورووی کاردانەوەی توند دەبێتەوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە ١٠٪ی ژنانی تاران (بدحجاب)ن کە لە چوار گرووپ پێك دێنو بریتین لە بێشوناس، نەخۆشی ڕەوانی، تووش بوو بە لادانی سێکسیو دۆڕاوی کۆمەڵایەتی.

### توندوتیژی لە دژی ژنان لە سنە بەردەوامە



دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە دووهەمی جۆزەردان بۆ جارێکی دیکە هێزەکانی ڕێژیم لە ژێر ناوی خەبات دژی (بدحیجابی) هێرشیان کردە سەر لاوانو بە تایبەت کچان.

ئەو توندوتیژیانە لەسەر لە بەیانیەوە دەستی پێکردو لە دوانیوەڕۆدا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. بە پێی ئەو هەواڵە هەر لەم پێوەندییەدا، هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر کچێك لە شەقامی شەشی بەهمەنو بە زۆریو بەشێوەیەکی دڕندانە ئازاریان داو شەڵاڵی خوێنیان کرد. ئەو کردەوەیەی هێزەکانی ڕێژیم بوو بە هۆی دەربڕینی نارەزایەتی لە لایەن لاوانو ڕێبوارانی ئەو شەقامەوە بەرگژیان داچوونەوە..

### ڕۆئیا تلووعی چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ هەڕەشەی لێکرا



بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان

کار بەدەستانی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی هاوسەری خاتوو ڕۆئیا تلووعی، چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ بانگ دەکەنە وەزارەتی ئیتلاعاتو لە ڕێگەی ئەوەوە پەیامی هەڕەشەئامێز ئاراستەی ڕۆئیا تلووعی دەکەن لەو پەیامە هەڕەشە ئامێزەدا هاتوە ئەگەر بێتوو ناوبراو دەست لە چالاکییەکانی خۆی لە بواری مافی مرۆڤ هەڵنەگرێو بەردەوام لە رادیۆو تەلەویزیونەکان دا دەرکەوێ، ئەوا وەزارەتی ئیتلاعات فیلمی دانپێدانانەکانی ناوبراو (یا ئەو شتەی کە فیلمی نهێنی پێدەڵێن) لە راگەیەنە گشتییەکان دا بڵاو دەکەنەوە. هەروەها کاربەدەستانی وەزارەتی ئیتلاعات ڕایگەیاندوە کە ئەوان ئادرێسی شوێنی نیشتەجێ بوونی ڕۆئیاو دوو منداڵەکەی لە دەرەوەی وڵات پێدەزاننو ئەگەر بەردەوام بێ لە چالاکییەکانی خۆی، ئەوا لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا ئەمنییەتی نابێ.

# دوو دەسکەوت بۆ ژنی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە مانگی مارسی ٢٠٠٧ی زایینی، دوو ژنی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو دەسکەوتی گرینگیان لە کارنامەی پڕشنگ داری ژیانی پڕبەرهەمیان دا تۆمار کرد:

زانکۆی بە ناوبانگو ناسراوی "استانفۆرد" لە ویلاتی "کالیفۆرنیا"ی ئەمریکا کە لە ٣ ساڵ لەمەوپێشەوە هەموو ساڵێك دەورەیەك بە ناوی "لە ویلایەتی" دەورەی فێرکاری ڕێبەرانی دێموکراسی لە جیهان دا" دەکاتەوەو ٢٥ کەس لە کەسایەتییە بەرزەکانی بواری سیاسەت، کۆمەلایەتی، ئابووری، چالاکییە مەدەنییەکانو... بۆ بەشداری لەم دەورەدا هەڵدەبژێردرێن، کە بۆ دەورەی ئەمساڵ "ڕۆئیا تلوعی" چالاك لە بواری بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و زیندانیی سیاسیی پێشوو وەك یەکەم کورد هەڵبژێردرا. لە پێوەندییەك دا لەگەڵ بەڕێز "تلوعی" لەم بارەوە پێی ڕاگەیاندین:

ئەم دەورە کۆتایی مانگی جولای ٢٠٠٧ دەست پێدەکا، مامۆستاکانی بە گشتی


سیمین چایچی

پرۆفسۆری ئەمریکایین، کە چالاکانی ناسراوو بەرچاو لە بوارەکانی سیاسەت (تەنیا وەزیرو سەرۆك وەزیری هێندێك وڵات)، کۆمەلایەتی، ئابووریو خەباتی مەدەنی بۆ ئەم دەورە هەڵ دەبژێردرێن. هەڵبژاردنەکەش لە لایەن لیژنەیەکەوە دەبێ کە بە رابردووی کارو تواناکانی ئەو کەسانەدا دەچێتەوە کە بۆ بەشداری لەم دەورەدا دەکرێن. دیارە دەبێ دوو ڕێکخراوی گەورەی جیهانیش پشتگیری لە پێشنیارکراوان بکەن. بۆ دەورەی ئەمساڵ ٨٠٠ کەس بە لیژنەی هەڵبژاردن پێشنیار کرا بوون کە تەنیا ٢٥ کەسمان دەست نیشان کراین.

****

ـ لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٥ی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ناوەندی "پێن ی کوردی"دا کە بنکەکەی لە وڵاتی ئاڵمانە کە بە مەبەستی بەهێزکردنی دەورو پێگەی ژنانی نووسەری کورد لە کۆمیتەی ژنانی پێن ی کورددا پێك هات، لەسەر پێشنیاری "بێریڤان دۆسکی" سەرۆکی پێشووی کۆمیتەی ژنان، خاتوو "سیمین چایچی" شاعیرو نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆی دەنگ وەك سەرۆکی نوێی ئەم کۆمیتەیە هەڵبژێردرا.

"سیمین" داوا لە ژنانی نووسەری هەر چوارپارچەی کوردستان دەکات بۆ ڕێکخستنی پێوەندی لەگەڵ "کۆمیتەی ژنانی ناوەندی پێن ی کوردی"دا بەهۆی ئەم ئادریس ئیمەیلەوە پێوەندیی پێوە بکەن:

Siimin30@yahoo.com

# باسێك لەسەر بارودۆخی بێهداشتیو پزیشکی لە شاری شنۆ

ئاسکە.ن

زۆرکات بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی بێهداشتی زۆر ڕووداوی دڵتەزێن ڕوو دەدەنو وەزارەتی بێهداشت هیچ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ڕووداوانە ناکاتو پشت گوێیان دەخا.

بۆ نموونە ماوەیەك لەمەوپێش ژنێك کاتی منداڵ بوونی دەچێ بۆ نەخۆشخانە بۆ بەشی منداڵ بوون، مامایەکی بێئەزموون بەبێ ئەوەی دوکتوری پسپۆر ئاگادار بکا دەیەوێ خۆی کارەکان ئەنجام بدا. ژنەکە لە کاتی لە دایك بوونی منداڵەکەی تووشی گرفت دەبێ، ئەو منداڵە بە هۆی مانەوەو گرفتی زۆر لەکاتی بوونیدا تووشی نارەحەتی نەفەس کێشان دەبێ، پاشان دەخرێتە ژێر چاوەدێری لەوێش دا بەهۆی کەمتەرخەمی کارمەندەکان منداڵەکە گیانی لە دەست دەدا.

ژنێکی دیکەش هەر بەو شێوەیە کاتی منداڵ بوونی دەچێتە نەخۆشخانە، بەلام کادرەکانی بەشی منداڵ بوون کلیلی درگای دیوی زایمانیان لێ ون بووە بەبێ ئەوەی ئیقدامێکی دیکەی بۆ بکەن بەهۆی مانەوەو پێڕانەگەیشتن، منداڵەکە گیانی لە دەست دەدا.

نموونەیەکی دیکە هەر لە شاری شنۆ کەسێکی ناشارەزا لە ناوەندی بێهداشتی "نەلۆس" کاری لەباربردنی منداڵ دەکا چەندین ژن لەبەر دەستی ئەو کەسەدا منداڵیان لەبار خۆیان بردوەو تووشی نارەحەتی بوونو هیچ لێپرسینەوەیەك نیە لەمبارەوە. هەروەها لە بەر کەمیی ئیمکاناتی بێهداشتیو لەشساغیو کۆن بوونی ئامێرەکانی پزیشکی لەو ناوەندانە گرفتی زۆر بۆ خەڵك دێتە پێش بە تایبەتی بۆ ژنان لە کاتی منداڵ بوون دا.

# کوشتن‌و خۆسووتاندنی ژنان لە شارەکانی کوردستانی ئێران بەردەوامە

## پاوە

ڕۆژی ١٣٨٥ /١١/٢ ژنێك بە ناوی نیاز فەرامەرزی خەڵکی شاری پاوە، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی ئاگر لە جەستەی بەردەداو خۆی دەسووتێنێ لەبەر ئەوەی برینەکەی زۆرکاری بووە، دەستبەجێ گیانی لە دەست دەداو ناوبراو لە گۆرستانی "تین" بە خاك دەسپێردرێ.

## بانە

ژنێك بە ناوی نەزیرە خەڵکی"نیروان" دانیشتووی بانە لە ٦ی مارس دا بە دەستی چوار برای بە ناوەکانی عبدوڵڵا، حەسەن، حوسین، کەریم ناسراو بە کوڕانی مام سایق نیروان دەکوژرێ.

نەزیرە مێردی مردوە ئەو حەزی لە کابرایەك کردوە کە بێکار بووە، براکانی بەم پێوەندیە نارەزایەتیان دربڕیوە. بەڵام وا هەست دەکەن کە خوشکەکەیان دەیهەوێ ڕەدوای کابرا کەوێ بەم هۆیەوە براکانی لە ماڵەوە زۆر بێبەزەیانە خوشکەکەیان دەخنکێنن.

ڕۆژی ١٣٨٦/١/١٣ لە گوندی "کۆخان"ی بانە کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بە ناوی بەهار خودا جو بە تەناف خۆی خنکاندوەو گیانی لە دەست داوە. هێشتا هۆکارەکەی نەوانراوە. پێویستە بگوترێ کە کاتی چوون بۆ سەیرانی ١٣ بەدەر بنەماڵەکەی زۆریان پێگوتووە، بەڵام لەگەڵیان نەچۆتە دەرو پاش ڕۆیشتنە دەری ئەوان خۆی کوشتووە.

## سنە

کچێك بە ناوی شەرمین زراع ڕەمشتی خەڵکی شاری سنە لە ڕۆژی ١٣٨٦ /١/١٣ هەتاوی خۆی کوشتوە ئەم خۆکوشتنە، بە هۆی ئەوە بووە، چونکە باوکی نارەزایەتی دەربڕیوە لە سەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ کوڕێك کە شەرمین خۆشی ویستووەو مارە براوی ئەو بووە.





ژنێك لە ڕۆژی ٢٤ی خاکەلێوە لە شاری سنە لە حەساری ماڵەکەی خۆی، ئاوری لە جەستەی خۆی بەر دابوو بە دوای تێپەربوونی نزیك بە سێ حەوتوو، ڕێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ گیانی لە دەست دا.

ئەو ژنە کە ناوی فەهمیەیە ٣٨ ساڵی تەمەنەو لەو ماوەیەدا لە ژێر چاوەدێری وردی پزیشکی دابووە بەڵام هەوڵەکان بۆ ڕزگار کردنی ئەو بێ ئاکام مایەوە. هەتا ئێستا لە هۆیەکانی خۆسوتاندنی ئەو ژنە زانیارییەك لە دەست دانیە.

## سەردەشت

تازە بووکێکی ٢٢ ساڵە بە ناوی "فرشتە ع" خەڵکی ئاوایی"سورە چۆم" سەر بە شاری سەردەشت بنزینی بە خۆی داکردو ئاوری لە خۆی بەردا. ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەردەشت کراو پاشان بە هۆی توندی سووتانەکەی بۆ نەخۆشخانەی ورمێ ڕاگواسترا. فرشتە ڕۆژی شەممە ٢٦ی ڕەشەممە بەدوای چەند ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ دا، تەسلیم بووو گیانی لە دەست دا. دەگوترێ ناوبراو کەمتر لە ٢ مانگ بوو زەماوەندی کرد بووو بەهۆی فشاری رووحی‌و دەروونی کەلە کێشەی بنەماڵەیی تووشی هاتبوو، خۆی سووتاندوە.

ڕێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕ لە گوندی ئاغەلانی سەردەشت ژنێك ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. بە پێی زانیارییەکان ئەو ژنە کە ناوی نەجیبە سۆفیزادەیە بەم هۆیەوە تووشی سووتانێکی زۆر بووەو بۆ نەخۆشخانەی ورمێ ڕاگوێزراوە بەڵام دوای حەوتوویەك گیانی لە دەست داوە. هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە بە دروستی روون نەبۆتەوە

## مەهاباد

سەرلە بەیانی ڕۆژی ٨ی جۆزەردان لە گەڕەکی پشت سیلۆی مەهاباد کچێك بەناوی سەکینە ڕەسوولزادە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو گیانی لەدەست دا. هۆکاری ئەم خۆکوژییە دژایەتیی بنەماڵەکەی لەگەڵ پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ناوبراو لەگەڵ خۆشەویستەکەی دابووە.

# تۆماس هۆبز

**فەلسەفەی سیاسیی هۆبز لەسەر ئەم بنەمایە داڕێژراوە كە تەواوی مرۆڤەكان بە شێوەی سروشتی خاوەنی مافی یەكسانن. بەڵام لە راستیدا ئەم مافی یەكسانی بریتییە لە هێزی یەكسانی هەركام لە تاكەكانی مرۆڤ بۆ لە ناوبردنو كوشتنی ئەویتر.**

وەرگێڕانی بۆ كوردی: رەسوڵ سوڵتانی



تەنیا لە رابردوودا نەبووە كە مرۆڤ لە مافو پێداویستییە گشتییەكان بێبەش بووەو ئەم بێبەشییە تەنیا بۆ رابردوو ناگەڕێتەوە. هەروەكی دیتمان جان جاك روسۆ سەرەتا بەشی هەرەزۆری بنەماو پرەنسیبە سەرتاییەكانی خۆی لە مەڕ ئازادیو مافی یەكسانی، بە شێوەیەكی چڕپڕو تێرو تەسەل هێنایە گۆڕێو دواتر ئافرەتانی لەم پرەنسیپو یاسایانە هەڵئاواردو بێبەریی كردن. جۆن ستوارت میل وێڕای باوەڕ بە رەسەنایەتیی تاكو هەزری ئازادیخوازانەی خۆ، یەكێكە لە گرینگترین فەیلەسووفانی سیاسیی لیبراڵو ئازادیخواز، كە راشكاوانە باسی بنەماكانی ئازادیو یەكسانیی مافی ژنانی كردووە. بەر لەوەی بچینە سەر بیروڕای ستوارت میل لەمەڕ فیمینیزمو یەكسانیخوازیی مافی سیاسی كۆمەڵایەتی بۆ ژنان، پێویستە كورتە ئاوڕێكی رۆشنگەرانە لە هێندێ روانگەی بیرداڕێژانی ئازادیخواز بدەینەوە لەمەڕ نیوەی كۆمەڵ واتە ژن. ئەگەرچی ئیمانوێل كانتو فریدویش هیگڵیش دەیاتوانی لەو باسەی ئێمەدا بەشێك لە مەبەستەكەمان بپێكن.

## تۆماس هۆبز:

فەلسەفەی سیاسیی هۆبز لەسەر ئەم بنەمایە داڕێژراوە كە تەواوی مرۆڤەكان بە شێوەی سروشتی خاوەنی مافی یەكسانن. بەڵام لە راستیدا ئەم مافی یەكسانی بریتییە لە هێزی یەكسانی هەركام لە تاكەكانی مرۆڤ بۆ لە ناوبردنو كوشتنی ئەویتر. بە واتایەكی دیكە، هۆبز لە بەشی سێزدەهەمی كتێبی لێڤیاتان Leviathan دا سەبارەت بە رەوشی سروشتیی مرۆڤەكانەوە دەنووسێ: " سروشتی مرۆڤەكان لە باری جەستەییو فیكرییەوە وەك یەك ساز كراون هەڵبەت لەوانەیە یەكێك لە جەستەدا تۆكمەترو بەهێزترو لە باری هزرییەوە هۆشیارتر لەوانی دیكە بێ. بەڵام كاتێك هەموان دێننە بەرچاو، جیاوازییەكی بەرچاویان تێدا بەدی ناكەین كە بە پێی ئەم جیاوازییە یەكێك بیهەوێ لایەنێكی پێ باشترو بەهێزتر بێ و كەسێكی دیكە نەتوانێ وەها ئیدعایەكی هەبێ. چونكی لە بواری هێزی جەستەییەوە تەنانەت لاوازو بێهێزترین كەس ئەوەندەی هێزی دەبەر دایە كە بتوانێ كەسێكی ئیجگار بە دەستوبردو ئازا ـ لە كاتێك دا ئەویش لە بەردەم وەها هەڕەشەیەك دابێ ـ بە پیلانێكی نهێنی یا بە هاودەستی دەگەڵ كەسانیتر، بكوژێ (١) لەم پەیوەندییەدا هۆبز باوەڕی وایە كە ئافرەتانیش خاوەنی مافی یەكسانن (لەگەڵ پیاوان) (٢) ئەو نكوڵی لەم بۆچوونە دەكا كە پێی وایە، پیاوان بە شێوەی سروشتی وەك " رەگەزی بەهێزتر" دەسەڵاتداری منداڵەكانیانو هەروەها ئەوەش كە مرۆڤەكان بۆ كوشتنی یەكتر خاوەنی هێزی وەك یەكنو لەم بارەوە دەڵێ: "چونكە خودا بۆ زاوزێ كردن یارمەتیدەرێكی بۆ پیاوان دیاری كردووە، كەواتە دەبێ هەردووكیان دەسەڵاتێكی یەكسانو وەك یەكیان بەسەر منداڵەكانیان دا هەبێو منداڵیش وەك یەك گوێڕایەڵی هەردووكیان بن، بەڵام ئەوە شتێكی مەحاڵەو ناكرێ، چونكە كەس ناتوانێ گوێڕایەڵی دوو سەرپەرشتیار (ئاغا) بێ. ئەگەرچی كەسانێك بە مافی پیاوی دەزانن كە وەكوو رەگەزی باشترو بەهێزتر چاوەدێریی منداڵ بكا بەڵام تەواو لە هەڵەدان، چونكە جیاوازی لە تواناو ژیرێتیی ژنو پیاودا هەمیشە بەو رادەیە نیە كە بكرێ لە رێگەی ئەم جیاوازییەوە بێ هیچ كێشەیەك مافی دەسەڵاتو چاودێریی بەسەر منداڵدا دیاری بكرێ" (٣)

هەروەها هۆبز ئەم راستییە بەڵگەنەویستە پشت ڕاست دەكاتەوە كە" تا ئەو كاتەی منداڵ لە منداڵدانی دایكی دایەو لە دایك نەبووە" لە راستیدا دایك "سەرپەرشتیاری" سەرەكیو سروشتیی ئەوە. (٤)

هۆبز سەبارەت بە دەوری زاڵی باوكانو

**روون و ئاشکرایە ئەو یەکسانیەی نێوان مرۆڤەکان کە هۆبز وەك بنیاتنەری مافی سیاسیی تاکەکەس دەیویست بە شێوەی لۆژیکی پێی بگا دەگەڵ ئەو بیروڕایەی سەبارەت بە سروشتی بوونی بنەماڵەی باوك مەزن لە کۆمەڵگادا، یەکی نەدەگرتەوەو وەدیهاتنی ئەستەم بوو.**

دەسەلاّتداریّتیی ئەوان بەسەر خێزان دا کە لەلایەن حکوومەتەکانەوە پاساو دەدرێ‌و پاکانەی بۆ دەکرێ‌و دەڵێ: حکوومەتەکان ئەو کاتەی لەسەر چاودێری‌و سەرپەرشتیاری کردنی منداڵ کێشەیەك دەکەوێتە نێوان دایك‌و باوکانەوە، بە پێی یاسا مەدەنییەکان کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکەن‌و زۆربەی جاران بڕیارەکە بە قازانجی باوکان تەواو دەبێ، لە بەر ئەوەی باوکان پێکهێنەری حکوومەتەکانن نەوەك دایکان(٥) دیارە لە بەڵگە هێنانەوەدا هۆبز هێندێ کەموکورتیی هەیە، بۆ وێنە ئەگەر بە ڕای هۆبز یەکسانیی شتێکی گرینگە، چۆناو چۆن تەنیا نیوەی رەگەزی مرۆڤ واتە پیاوان دەبنە خاوەنی ئەم پێگەو دەسەلاّتەی کە بتوانن دەولەت دامەزرێنن‌و یاسا گەلێك بچەسپێنن کە بە هۆی ئەوانەوە بتوانن زاڵ بن بەسەر نیوەی دیکەی کۆمەڵدا واتە ژنان؟

بە واتایەکی دیکە ئەگەر ژنان مافی سروشتیی خۆیانە کە سەرپەرشتیاری منداڵەکانیان بن ئەدی بۆچی پیاوان " لە حاڵەتی سروشتی‌دا" باوکسالارن‌و یاساکان بە قازانجی ئەوان دادەنرێن؟

هۆبز لە کتێبی هاووڵاتی Deceive و لێڤیاتان دا، پاش لێدوانێکی زۆر لەسەر ئەوەی‌کە بە شێوەی لۆژیکی دایك‌و باوك مافی خۆیانە سەرپەرشتیاری منداڵەکانیان بن (چاودێریی بکەن) وەك دەزگایەکی تەواو باوك مەزن باس لە بنەماڵە دەکاو دەڵێ: "لە راستی‌دا هەر بنەماڵەی پیاوێکی هەیەو منداڵەکانیشی دەگەڵ خزمەتکارەکانێن‌و بەمجۆرە باوك ئاغایەکە، کە مافی ئۆتۆریتەودەسەلاّتکردنی هەیە".(٦) دەبینین کە لەم وتارەدا پیاو لە راستی‌دا مەزنە باوکێکە، کە مافی چاودێری‌و دەسەلاّتکردنی پارێزراوەو هۆبز وەك یەکەی سەرەتایی کۆمەلایەتی‌و سیاسی، باسی لێ کردوە. لە تیۆریی سیاسی هۆبزدا، بێ‌هیچ هۆیەکی "رەزامەندی دەر"و بێ‌هیچ شیکردنەوەیەك مافی دایك، پشت گوێ دەخرێ‌و باسی لێناکرێ. ئەگەرچی ئەو مافی دەسەلاّتی سەرەتایی‌و سەرەکیی بەسەر خۆی‌و منداڵەکانی‌دا هەیە. تەنیا جارێکی دیکە ئەویش ئەو کاتە هۆبز بەشێوەیەکی کورت، لەسەر یاسا گشتی‌یەکان دواوە، هەمیسان باسی ئافرەتی کردۆتەوە. ئەو لەوێدا دەڵێ: بنەماڵەی باوك مەزن وەك دەزگایەکی سروشتی پێویستە هەبێ کە لەوێدا، "یاساکانی سروشتی باوکیان کردۆتە گەورەو سەرپەرشتیاری تەواو دەسەلاّتدار (رەها) بۆ خاوو خێزانەکەی". (٧) هۆبز بۆ هەڵدانی ئەو مەتەڵە زۆری هەوڵ داوە هەولێك کە لە لایەکەوە دەسەلاّتی نایەکسان بەسەر بنەماڵەدا بە کردەوەیەکی ناسروشتیی نێوان ژن‌و پیاو لە قەڵەم بداو ئەم کێشەو گرفتانە، نەك بە ناخۆشی بەڵکوو بە رەزامەندی چارەسەر بکا، لە لایەکی دیکەوە باوەڕی بە بنەماڵەی باوك مەزن هەبێ‌و مەزنایەتی‌و گەورەیی رەهای پیاو بەسەر ژن‌و منداڵەکەی‌دا بە مافێکی سروشتی بزانێ. ئەم دژوازییانە هێندێ گرفتی لە فەلسەفەی هۆبزدا هێناوەتە گۆڕێ. چونکە ئەو ئامادە نەبووە بە شێوەی واقعی‌و لێبڕاوانە باس لە یەکسانیی ژن‌و پیاو بکا ئەگەر کۆڵەکەی باوەڕەکانی ئەو لەسەر بنەمای رەسەنایەتیی تاك دامەزرابایە، دەبوایە ئەو مافی تاکە کەسیی ژنێك دەگەڵ پیاوێك بە یەکسان لە قەڵەم بداو هەر وەکی پیاوە بێ‌هێزەکان لەگەڵ زۆردارەکان یەکسانن ژنانیش ئەگەر وایدابێن بی‌هێزو لاوازیش بن دەبووایە خاوەنی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بوایەن بەو جۆرە بۆچوونی هۆبز لە مەڕ پێویست بوونی دەسەلاّتی پیاوان‌و زاڵبوونیان بەسەر بنەماڵەو کۆمەڵگادا بووە هۆی ئەوەی کە ئەو نەتوانێ دەرەنجام‌و ئاکامی دڵخوازو لۆژیکی لە لێدوانەکانی خۆی وەرگرێ. لە راستیدا دەکرێ بڵێین هەنگاوی مەترسیداری هۆبز لە سیستەمە سیاسیەکەیدا ئەوە بوو کە دانی بە مافی یەکسانیی مرۆڤەکان دا هێناو توانی سەرنجەکان بۆ لای بێبەشیی ژنان لە مافە سیاسی ـ کۆمەلایەتییەکانیان لە کۆمەڵگادا رابکێشێ. (٨) بەلاّم باوەڕمەندی بە یەکسانیی مافی مرۆڤەکان کە هۆبز بانگەشە کاری بوو دژوازییەکی روونی هەیەلەگەڵ باوەڕمەندی بە دەسەلاّتداریّتیی پیاو لە بنەماڵەدا. روون‌و ئاشکرایە ئەو یەکسانیی‌ەی نێوان مرۆڤەکان کە هۆبز وەك بنیاتنەری مافی سیاسیی تاکەکەس دەیویست بە شێوەی لۆژیکی پێی بگا دەگەڵ ئەو بیروڕایەی سەبارەت بە سروشتی بوونی بنەماڵەی باوك مەزن لە کۆمەلگادا، یەکی نەدەگرتەوەو وەدیهاتنی ئەستەم بوو. گرفتی بنەڕەتیی فەلسەفەی سیاسی هۆبزو هەروەها گریمانە رادیکاڵەکەی ئەو لە پەیوەندیی دەگەڵ مەسەلەی ژن دا دەگەڕاوە بۆ ئەم بۆچوونەو لە هەناوی ئەو روانینە دایە.

سەرچاوە: کتێبی ژن لە روانگەی فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاواوە

نووسینی: سوزان مولێر ئۆکین

وەرگێرانی بۆ فارسی: ن. نوری‌زادە

****

# لە تووڕە بوون خۆبپارێزن

وەرگێڕانی بۆ کوردی:شاناز کاکەئازەر

### مرۆڤی تووڕە هیچکات براوە نیە

تووڕەبوون وەکوو خۆشی و غەم و پەژارە، یەکێک لەو هەستە سروشتیانەی مرۆڤە. تووڕەبوون دڵەراوکەیەکە کە کاتێک بیردەکەینەوە غەدرێکمان لێکراوە لەگەڵی رووبەروو دەبین.

کاتی تووڕەبوون، لەش رێژەیەکی زۆر لە هۆرمۆنەکان بەرەو مێشک دەنێرێ کە ئاڵوگۆڕ بەسەر شێوەکاری لەش دا دێنێ. ئەو ئاڵوگۆڕانە دەتوانن لێدانی خێرای دڵ، هەناسەبسواری، چوونەسەری زەختی خوێن، ئارەقەکردن و لەرزین بن. ئەو ئاڵوگۆڕانەی جەستە رێگەیەکە بۆ ئامادەبوون بەرەو حاڵەتی " شەڕیا هەڵاتن " ئەو حاڵەتانە بە تاك هێزو وریایی زۆرتر دەدەن تا بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، رابکا و یا بۆ ماڤ، یا ئەمنیەتی خۆی شەڕ بکا، دوای بەسەرداهاتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەش، بە سانایی ناتوانێ لە دەستیان رزگار بێ. تووڕەبوون لەگەڵ هەست گەلێکی وەك: ترس، دڵێشە یا نائومیدی پەیوەندییەکی چڕوپڕی هەیە. بەڵام هێندێك کات تەنیا هەستێکە کە ئامادەین دەری‌بڕین، بۆ نموونە کێوێکی سەهۆڵین بێننە بەرچاو، لە ئاستی ئاودا تەنیا بەشێکی چووك لەو کێوە سەهۆڵینە کە دەبینن و ئەو بەشە دەتوانێ تووڕەبوونی ئێمە بێ. بەشی زۆری کێوەسەهۆڵینەکە لە ژێر ئاودایە و ئەوی تر پاش ماوەی هەستەکانی ئێمەیە کە لەگەڵ تووڕە بوون پەیوەندی‌یان هەیە، یانی ترس، شەرم، پەژارە، کەسەر و...

ئەوکات ئەگەر تووڕەبوون، ساتێك سەبر کەن و لە خۆتان بپرسن: " بۆچی تووڕەم؟ " ئایا لە شتێك دەترسێم؟ ئایا مافم پێشێل کراوە؟ ئایا کەسێك بە قسە یا کردەوە وەشەرمی هێناومەتەوە؟ ئایا هەستەکانی منیان خەوشدار کردوە؟ ئایا رێز لە ویستەکانم ناگرن؟ ئایا منیان وەبیر ئەزموونێکی دیکە لەو شێوەیە هێناوەتەوە؟

هەموو خەڵك لە پیر و لاو بگرە تا ژن و پیاو، هێندێك کات تووڕە دەبن، زۆربەی خەڵك لەسەر ئەو بڕوایەن کە پیاوەکان، بە تایبەت پیاوە گەنجەکان، زۆرتر لەگەڵ ئەو هەستە رووبەروو دەبن، بەڵام ئەو باوەڕە جگە لە ئۆستورەیەك چی تر نیە و لەوانەیە لەو بابەتە سەرچاوەی گرتبێ کە شێوازی دەربڕینی هەستەکانی ژن و پیاو پێکەوە جیاوازی‌یان هەیە. پیاوەکان بەردەوام ئەو پەیامە وەردەگرن کە دەبێ جیددی و تووڕە بن و هەستگەلێکی وەك: ترس، دڵ ئێشان، تەریك کردن یا هەستە ناخۆشەکانی دیکە دەرنەبڕن، چونکە نیشانەی پیاوەتی نیە. لەباتی فێری ژنان دەکەن کە تووڕە بوون خسڵەتێکی ژنانەیە. لە ئاکام دا ژنان تووڕەبوونی خۆیان لە خۆیان دا رادەگرن یا لە بەرچاوی ناگرن، لە حاڵێك دا کە پیاوان تووڕەدەبن و ئێزن دەدەن دەوروبەر لەو هەستەیان ئاگادر بن.

### ئایا دەربڕینی تووڕەیی بەسوودە؟

بە پێچەوانەی ئەو نەزەرە نێگەتیڤەی کە لە بارەی تووڕەبوون دا هەیە، ئەو هەستە دەتوانێ لە ژیان دا بەسوود و کارامە بێ. چونکوو دەتوانێ یارمەتیمان بدا تا مەسەلەکانی فریا کەوتن و خێرایی کۆنترۆڵ بکا تا گیروگرفتەکان چارەسەر بکەین، ترس و ململانێکان دەربڕین، هەستەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین و... هەروەها بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی کۆمەڵگا و گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. هەڵبەتە شێوەی دەربڕینی ئەو هەستە گرنگی هەیە. بە شێوەیەك کە نابێ بە خۆتان، یا بە خەڵکی یا بە سامانیان زیان بگەیەنێ.

بەڵام ئەگەر بەردەوام تووڕە دەبن،



لەوانەیە تێگەیشتبن کە دەربڕینی ئەو هەستە دەتوانێ بۆ پاراستنی دۆستایەتی، هاوسەر، بنەماڵە یا هاوکارانی کێشە ساز بکا و لە کۆتایی دا ئێوە و خەڵکی دیکە خەمناك و بەپەرۆش بکا و ببێتەهۆی تەنیایی و کەسەر. تووڕەیی دەتوانێ ژیانی لە ژێر رکێفی خۆی بگرێ. ئەگەر کەسێك ورەی نزم بێ و بەسەر ژیانی خۆیدا زاڵ نەبێ، هێندێك کات لە تووڕەیی کەڵك وەردەگرێ هەتا شێرازەی ژیانی لە دەست نەچێتە دەرو دەوروبەر حیسابی بۆبکەن. لە کاتێکی وادا تووڕەبوون هەستی هێزوتوانا بە تاك دەبەخشێ بەو هۆیەوە، ئەو کەسە کارێك دەکا کە نارەحەتی و زویر بوون پێك بێ. هەروەها پاراستنی دۆستایەتی و پەیوەندی‌یەکانی تر تووشی گیروگرفت دەبێ و لە کۆتاییدا تاك وێڕای هەستی شەرم و گوناح دەمێنێتەوە، ئەو هەستانەش بە نۆبەی خۆیان بڕوا بەخۆبوون نزم دەکەنەوە، تووڕبوون و تەنیایی زیاتر دەکەن.

**گیروگرفتــەکانی تەندروســتی بەرهــەمی تووڕەبوونە**

کاتێك تاك بۆ ماوەیەکی زۆر تووڕەدەبێ ئاڵوگۆڕەکــانی هۆرمــۆنی لــەش هــەروا درێژەیان دەبێ و لە لەش دا بێ کەڵك بوون پێك دێنن و هێندێك گیروگرفت بۆ لەشساغی دروســت دەکــەن. لــە گیروگرفتــە کــەم خایەنەکان دەتوانین بە ژانەسەر، نارەحەتی گەدە، بێ خەوی،( یا گیروگرفتی خەو، لە خــەو راپــەڕین )، ترســی زۆرو هەســت بــە دڵەراوکە، برینــەکانی جەســتەی بەرهــەمی لەش یا... ئاماژە بکەین.

لە گیروگرفتە درێژخایەنــەکان دەتــوانین جەڵــدەی مێشك، راوســتانی دڵ، خــەمۆکی، خۆکوژی، بەکارهێنانی ئــەلکوڵ یــا ســیگار و لە ئاکام دا تــووش بــوون بــەو نەخۆشیانەی کە تووڕەبوون پەیدا دەبن نێو ببەین.

**رزگار بوون لە تووڕەیی**

هــەموو رۆژێ چــەند رووداو کــە دەبیــنین هۆی تووڕەبوونی ئێمــە دوویــات دەبنــەوە. بۆیە نــاتوانین لــە هەســتی تــووڕە بــوون خۆ بپارێزین، بــەڵام دەتــوانین بــۆ دەربڕینیــان شێوازی دیکە بــە کــار بهێــنین. هەڵبــژاردەی بــاش ئەوەیــە کــە بــۆ چارەســەری گرفــت یارمــەتیت بکایــا لــە کــاتی تووڕەبــوون دا کردەوەی شیاوت هەبێ.

**ئێستا سەرنج بدەنە ئەم خاڵانەی خوارەوە**

* هەست بە تــووڕەیی بکــەن ـ بزانن کــە تووڕەبــوون دڵەراوکەیــەکی سروشــتیی‌یە، چونکە لە سەر ئەو بڕوایەن کە غــەدرتان لــێ کراوە یا بەهەر شێوەیەکی دیکە مەترسیتان لەسەر بووە.

* هۆکــاری ســەرەکی تووڕەبــوون بدۆزنەوەــ چ کەســێك، لەبەرچــی یــا چ کارەساتێك بۆتە هۆی تووڕەبوونتان؟ لەبەر ئەو هۆیە، کەی بۆ یەکەم جار تووڕەبوون؟ ئایــا مەســەلەیەك ئێــوەی ترســاندووە یــا هەســتەکانتانی خەوشــدار کــردوە؟ ئایــا هەســتی ئێــوە ناگەڕێتــەوە ســەر رووداوە کۆنەکان؟

* بــە یارمــەتی شــێوە گــەلێك، هــۆی تووڕەبوون لە بــەین بــەن. لەســەر هۆکاری تووڕبــوون چــۆن دەدوێــن؟ وێــڕای لەبــەرچاوگرتنی حــەق و مافــەکانی خۆتــان و دەوروبــەرتان چ رێککــەوتنێك دەتــوانن دەســتەبەر بکــەن؟ ئەگــەر لــە روانگــەی بەرامبەرتان بڕواننــە مەســەلەکە یارمــەتیتان دەکا؟ پێرستێك لــەو کارانــەی کــە دەتــوانن بیان کەن بێننە سەر کاغەز و یەکێك لــەوان بۆ جێبەجێکردن هەڵبژێرن. ئەگــەر نــاتوانن هــۆی تووڕەبــوون دیاری بکــەن، وا باشــترە لەگەڵ پزیشك یا پسپۆر بیروڕا بگۆڕنەوە.

**هەستی تووڕیی لە خۆتان دوورکەنەوە**

* راهێنانــەکانی جەســتەیی ـ بهێڵن ئــەو هەستە بەڕاکردن، مست هاویشتن، ئێرۆبیك و وەرزشــەکانی تــر وردەوردە لــە لەشــتان بچێتەدەر.

* بگرین یــا بــە دەنگی بــەرز لــە قــەراغ دەریا هاوار بکــەن ـ بــەو کــارە ئیــزن دەدەن تووڕەیی لە ناختان بچێتە دەر و یا یارمــەتی دەدا تــرس، رەنجــان یــا غــەمی خۆتــان دەربڕن.

* نامە بنووسن ـ لــەو شــتانەی کــە ئێــوە تــووڕە دەکــەن پێرســتێك ئامــادە بکــەن، مــاوەی چــەند رۆژێــك لــە خۆتــانی دووربخەنــەوە، دواتــر دووبــارە بیــان خوێننەوە.

ئەگەر لە ژیانتان دا ترسی زۆر هەیە، بە ئاســانی تــووڕەدەبن، پەیوەندی‌یــەکی پێچــەوانەی تــری هەیــە. ئەگــەر زۆربــەی کاتــەکان تــووڕەن، ئەگــەری زیــاتر هەیــە هەست بە تــرس و دڵــەراوکێ بکــەن. کەوایە بیر لەو شتانە بکەنــەوە و ئــەنجامیان بــدەن کە سوکنایەتیتان پێ‌دەبەخشێ.

**تووڕەبوون لە ناو ببەن**

* چەند هەناسەی قووڵ هەڵکێشــن. ئــەو کارە پــەیام بۆ مێشك دەنێرێ کــە قــەیران تــەواو بــووە و وەزعیــەت دەتــوانێ ئاسایی ببێتەوە.

* تاکوو ١٠ بژمێرن. ئەو کارە یارمەتیتان دەدا تا کۆنترۆڵتان بەسەر خۆتان دا هەبێ و پێش ئەوەی‌کە قسە یا کارێك بکــەن ببێتــە هــۆی پەشــیمانی دەســت لــە تووڕەبــوون هەڵگرن.

* شێواز گەلێکی بۆ بەدەستهێنانی هێمن بوونەوە فێربن وەك مێدیتێشن یارای زەینی.

* بۆ پیاسە و بایسیکل سواری بچن بــێ ئــەوەی کــە مەبەســتێکتان هــەبێ بــۆ ئــەم لاوئــەولا بــڕۆن و لــە دەوروبــەرتان چــێژ وەرگرن.

* بە ئاوی گەرم خۆتان بشۆن

* گــوێ لــە موسیقا رابگــرن، چــێژی لــێ وەرگرن تا هێور ببنەوە.

**تووڕبوون هەستی هێز و توانا دەدا**

کــەوا بــوو تــاك کردەوەیــەکی دەکا کــە دەبێتــە هــۆی رەنجــان و دڵ ئێشــانی دەوروبــــەر. هــــەروەها پاراســــتنی پەیوەندی‌یەکان و دۆستایەتی‌یەکان چەتوون دەبێ و لــە کۆتــایی دا تــاك لەگــەڵ هەســتی شــەرم و گونــاح بــەجێ دەمــێنێ. ئــەو هەستانەش بەنۆبــەی خۆیــان بــروا بــە خــۆ بوون نزم دەکەنەوە، تووڕەبــوون و تــەنیایی زیاد دەکەن.

**توندوتیژی کردەوەیەکی وەرگیراو**

رێگایــەك کــە هەرکــەس بــە یارمــەتی ئــەو تووڕەبــوونی خــۆی دەردەبــڕێ، زۆرتــر لــە دەوروبــەری خــۆی فێــر بــووە. ئەگــەر منداڵــەکان لــە شــوێنێکی گــەورە بــن کــە توندوتیژی ببینن و ئەزموونی لێ وەربگرن، جێی سەرسووڕمان نیە کەوا بیر بکەنەوە کە توندوتیــژی شــێوەیەکە بــۆ دەربــڕینی تووڕبوون. هەرچەندە لە دەوروبەری خۆمان توندوتیژی زیاتر ببینن، بۆمــان ئاسایی‌ترە، ئەگــەر هاوڕێیانتــان کەســانێکی تــووڕەن، لەوانەیە ئێــوەش خــووی پــێ‌بگرن و بۆتــان ئاسایی بێ. دیتنی توندوتیژی لە تلفزیۆن یا کایەکانی کامپیوتێریش بەو شێوەیەن.

هــەواڵی خــۆش ئەوەیــە کــە هــەر " کردەوەیــەکی وەرگــیراو " دەتــوانێ لــە پاشکەوتی فێربووەکان بەری‌یەدەر. ئەگەر بتــان هــەوێ، دەتــوانن شــێوازێکی نــوێ بــۆ کۆنترۆڵی هەســتی تووڕبــوون بدۆزنــەوە، بــە رێکــو پێکــی راهێنانیــان لەســەر بکــەن تــا کــردەوەی نــوێ جێگــەی خوویــەکانی کــۆن بگرێتەوە.

ترجمە: کارۆلین سەحاکیان

خانوادە جوان شمارە١٠٢

****

# شمشیر

وەرگێڕ لە ئاڵمانی‌یەوە: سادق هیدایەت

وەرگێران بۆ کوردی: ئاڵەشین

لە گەڵ دوو کەس لە هاوالآنم بڕیارمان دابوو کە ڕۆژی یەکشەممە بچین بۆ سەیران. بەڵام من لەخەو دابووم‌و بە پێچەوانەی عادەتی هەمیشەییم درەنگ هەستام‌و لە کاتی دیارکراو تێپەڕی‌بوو. هاواڵەکانم کە دەیان زانی کەسێکی خۆش قەولم، لە نەهاتنی من سەریان سوڕ مابوو، هاتن بۆ ئەو ماڵەی کە لەوێدا دەژیام. تۆزێك چاوەڕێ بوون‌و لە دوایی‌دا لە پلیکانەکان هاتنە سەرێ‌و لە دەرکەیان دا. وەخەبەر هاتم، بەپەلە لەسەر جێگەوبان هەستام‌و بیرم لە هیچ نەدەکردەوە جگە لەوەی کەلە زووترین کات دا بۆ ڕۆیشتن خۆم بپێچمەوە.

جل‌و بەرگەکانم لەبەر کرد‌و دەرکەم کردەوە. هاواڵەکانم دیار بوو بە دیتنی من جەغ بەستوو‌و حەبەسابوون، هاواریان کرد: "ئەو شتەی پشت سەرت چییە؟"

کاتێك کە لە خەو هەستابووم، وام هەست دەکرد کە شتێك پشت سەرم دەگرێ‌و ناهێڵێ سەرم بۆ پشتەوە هەڵێنمەوە. دەستم بۆ پشت ملم برد. هاواڵەکانم بڕێکیان پێ‌سەیر بوو، ڕاست لەو کاتەدا کە من دەمەویست دەسکی شمشیرەکە لە پشتە سەرمەوە بگرم، هاواریان کرد: " هێواش، ئاگات لە خۆت بێ، خۆت بریندار نەکەی!"

لێم نزیك بوونەوەو چاویان پێدا گێرام‌و بردیانمە ژوورێ‌و لە کن کومۆدی لیباسەکە کە دەرکەکەی ئاوێنەی پێوە بووو هەتا پشتوێنەکەم لیباسیان لەبەردا نەهێشتم‌و رووتیان کردمەوە.

شمشێرێکی گەورە! شمشێرێکی کۆنی شەڕکەرەکانی زەمانی زوو لە پشتەسەری من هەڵچەقیبوو، بەڵام بێ‌ئەوەی کە هۆکارەکەی مەعلووم بکرێ. تیغەکەی ڕاست بە نێوان گۆشت‌و پێستم دا ڕۆیشت بووە خوارێ بێ‌ئەوەی کە جێگەیەك بریندار بکا. هەمیسان لەسەر پشتەملیشم ئەو شوێنەی کە شمشیرەکەی تێ‌هەلچەقیبوو دیار نەبوو. هەواڵەکانم خاترجەمیان کردم کە جێ دمی شمشێرەکە بێ ئەوەی کە خوێنی لێ بێ بۆخۆی کراوەتەوە. لە دواییدا چوونە سەر سەندەڵی‌یەك‌و شمشیرەکەیان بە هێواشی‌و میلیمیتر بە میلیمیتر هێنا دەرێ. تەنانەت تکە خوێنێك نەهاتە دەرێ.

جێگەی دمی شمشێرەکە، کە وەك درزێك وابوو وێك هات‌و لەسەر ئەو پێستە ویشکە جگە لە درزێکی باریك، کە ئەویش بە ئاستەم دیار بوو هیچی دیکەی لێ‌نەما. هاواڵەکانم بە پێکەنینەوە، شمشیرەکەیان بۆ لای من ڕادێراو گوتیان: " هانێ بیگرە، ئەوەش شمشیرەکەت!" بە هەردووك دەستەکانم هەڵم سەنگاند، ئەسلەحەیەکی پڕبایەخ بوو کە ڕەنگە خاچ پەرەستەکان لە سەردەمانی پێشوودا کەڵکیان لێ‌وەرگرتبێ. کێ بەو شەڕکەرانەی زەمانی زووی ئیجازە دەدا کە لە وڵاتی بەرینی خەودا کەمین بێننەوەو بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسایەتی‌یەك بکەن، شمشمیرە رووتەکانیان لە خەودا لە لەشی بێ‌تاوانەکان هەڵچەقێنن؟

ئەگەریش ئەو برینانەی ئەوان قووڵ‌و گران نیە، بێ‌شك دەلیلی ئەوەیە کە شمشێرەکانیان لەسەر لەشی زیندووان دەخزێ‌و هاوالآنی وەفادارو ئەمەگناس لە پشت دەرگان‌و لە دەرکە دەدەن.

سەرچاوە: کتاب مسخ

نووسەر: فرانتس کافکا . مترجم صادق هدایت

انتشارات نگاه . تهران

چاپ دوم ١٣٨٤

# شێعرو پەخشان



زەحمەت نەبێ
دەرکەکان داخەن‌و....
داوێنی ئەوانەی کە هێشتا پاکن
بە حەفت ئاو بشۆرنەوە
مەگەر نازانن
ژنێ تفی لە یاسا کردوەو
بێشەرمانە باسی عەشق!!!
ئەشا... لامەزهەبە
بزەیەکی لە سەر لێوە
چمانێ کرووری جنێو...
هۆ... هۆ... لەش سێنەکان
وەرن شەقی تێهەڵدەن‌و
بەدەنگی بەرز نەفرینی کەن...
بەرز... بەرز... بەرز
با نێرەتیتان بە گوێ کەس نەگا
وەرن ئاژاوەیە
نەجمنەوە ژن‌و کچتان دەرناچێ
یەك بە یەك، عاشق ئەبن
ئینجا پێکەکانتان
بە لەزەتی
زیندوو چاڵکردنی
کام ژن ئەنۆشن؟
گرێ پووچکەی، پیاوەتیان
چۆن با ئەدەن؟
وەرن بەسەر ماڵان دا بگەڕێن
نامیلکەکانی بسووتێنن
با کەس بە ئەو مانیفستە ڕانەیەت!!
مەترسن، دەرکەکان داخەن
ورتە ورت... لە تەنیاییدا
بێسانسۆر قسەی دڵتان بکەن:
مانەوەمان
لە سێقە سەری ژنێکەوە
کە تف لە نەریت ئەکاو...
جەسوورانە باسی عەشق!!!
مارسی ٢٠٠٦

# شمشاڵی مارس

حەلیمە ڕەسووڵی

ئەو هۆنراوەیە لە ٢٤ی ڕەشەممە سالرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

لە ساتە غەمبارەکان دا
نازانم ژانی ئەتۆو بووکەکانی ئەم شارە
بەسەر چاوی سوور هەڵگەراوی
هەتاودا چۆن ڕەها بکەم
لەسەر سینگی نەخەوتووی شەو
ساڵەهایە گەرووی ژنان
سترانی مەینەت دەچڕن
من نازانم لە کام بەهار
غەزەلەکانیان سەوز بکەم
من دەزانم برژانگی ژاکاوی سروشت
هەموو ڕۆژێ لێوی هەنیسک دەمژێ
لە ئاسمانی هەناسەدا شەپۆلی غەم دەلاوێنێ
بۆ کوێ بەرم ئەم هەنیسکە
لە دەربیجەی کام ئەوین دا چۆکی دادەم
من نازانم خەون دەبینم ساڵەهایە خەون دەبینم
ئەمشەو دیسان خەون و ڕاستی
هەنگاوی بیریان دەتەنیم
قەفەسێکی زەردم بینی
بەدەستی خۆی چوارچێوەکەی خۆی تێك شکاند
ئەو دەی نەڕاند
هەستن بڕۆن ئێوە ژانە کرمۆڵەکان
ئاخەکانتانم تۆقاندۆ
هەستن برۆن... جێژوانتان سەغڵەتانە.... شمشاڵی
مارس بێوچانە... شمشاڵی مارس بێوچانە



# تابلۆیەکی جوان

ئەدیبە رانسوری

ئەم پەخشانە لە ٢٤ی رەشەممەی ١٣٨٥ لە شەستو یەکەمین سالرۆژی یەکیەتیی ژنان دا پێشکەش کراوە.

تابلۆیەکی جوان لە هۆنراوە، لە ئینسان، لە پانۆرامای دەسپێکی ژیانێکی بە هەقیقەت ناسکو بە نووسراوە لە پێنووسو ونبوو لە هێمایەکی سێحراوی، هاتنەکایەی پێکدادانی دوو شێوە تێڕوانین لە ئاسۆی گەورەترین بیرکردنەوە، بۆ تەکمیلی تراژدیا تفتو تاڵەکانی ژیان... ! بۆ جەنگاوەرانی وون. بۆ ئافرەتی ئاسمانە شینەکانی پیاو..!بۆ چەواشەکاری بەشێکیانو بۆ تەواوکەری بەشێکی‌تر لە خۆیان بۆ لە دایکبوونی جۆرێکی‌تر لە هەست. ئێمە هاتین کەبێین کە بلێین هەین هەموو وەك یەك نەمانی دونیایەکی پاتریاڵ، دونیایەکی رەشو مەرگی ساتەکانی بەخەڵات بۆ هێناین، مەرگی ئەو مێتۆدەی کە ئیقەی وەك کۆیلە پێشکەش بە پیاو دەکرد.

٦١ ئەستێرەمان بە دیاری بۆ ئەو کۆمەڵگەیە هێنا کە دەمێکە دەیان شەستو یەك جار ئێمەی چەوساندەوە ئێمە دەنگی بەرزو نەپچراوین ئێمە بەرز وەك چیاو شاخین ئێمە ئافرەتین، ئافرەتین، ئافرەتین.




# پێناسەی تۆ!

تروسکە صادقی

پێناسەی تۆ!
تێم مەڕوانە!
هیچ وڵامێك
نە لە تاپۆی بۆشایی مێشك خوێندنی من!
قەسیدەیەك
نەسووتانی تەنیایی لەش!

تێم مەڕوانە!
بێ تواناترم کە من لە پێناسە کردنی تۆ!
خاڵی‌ترم لە سەرابی تار تاری دەستی شێعرت
من ناتوانم نەتۆرێنم، وشە وشە
لە هەر سەتری لەدایك نەبووی زمانم!
من ناتوانم نەتۆرێنم!
تێم مەڕوانە!!!....

# ئەو کاتەی گوڵ دەکوژرێ

بەمەرگی پەپوولەیی عه شقی (دوعا) پێشکەش

کاوە حوسێن



ئەی خوا چەن زەلیلە مرۆڤ ، بە مەرگی زەردەخەنە پێئەکەنێ.

ئەی مەرگ چەن دڵتەنگی، کاتێ ژیان بەبەرچاوتەوە ئەکوژرێ.

ئای لە بچووکی مرۆڤ چەن نەزانە، ئای لە گەورەیی تۆ، پێکەنینت بەعەقڵی بچووکی ئەو دڕندانەدا دێت. بەزەیت بە بێعەقڵیاندا دێتەوە. تۆ ویستت بەعەشقی پاک و خۆشەویستیت مرۆڤە دڵپیسەکان فێری میهرەبانی بکەیت، ویستت شەیتانە دڵبەردەکان بکەیتەوە بە عەبدی خودا، بەڵام ئەفسووس هەزار ئەفسووس تۆ پێ ڕانەگەیشتی وانەیەک لەمرۆڤ بوونمان پێ بڵێتەوە، ئاخر کوا دڕەندە گوێ لەوانەی خۆشەویستی تۆ ڕائەگرێ، ئاخر ئەو دڕندانە دەبوو مێهرەبانی لە سەگەوە فێر بان ئەوەنیە سەگیش دڵی نایە بە جوانی و ناسکی تۆی ئافرەت بوەڕێ لە ئاستی تۆ هەموو دڕەندەیەکیش شەرمەزارەو سەر دائەخات پێیان حەیفە ڕێزت نەگرن. چونکە تۆی ئافرەت خودای گەورە ڕیزی لێ گرتووی، ئەوەتا خودای گەورە تۆی ئافرەتی هێنایە بوون تا ژیان بە ئێوەوە جوان بکات، هەر بە جوانی تۆی ئافرەتیشەوەیە بانگی مرۆڤەکان دەکات بۆ بەهەشت، بەڵام جخار مرۆڤەکان دەیانەوێ ئەم بەهەشتی ژیانەشت لێ بکەن بە دۆزەخ.

ئەوان هەرچیەیەک بن مرۆڤ نین دڕندەن، بەڵام چۆن دڕندەیەک، دڕەندەیەک کە تا ئێستاش ناوی نیە. دڕەندەیەک بە نەفرەت کراو لە لای مرۆڤ لە لای خوداش.

دڕندەیەک هەمیشە هەڵپە ئەکات بۆناشیرین کردنی جوانییەکانی ژیان، دڕندەیەک کە هەمیشە لەزەت وەرئەگرێ لە ڕنینەوەی پرچی گوڵەکان.

بنوو بێخەم بنوو تۆ بەشەهید بوونت بووی بەڕۆمان، بووی بەچیرۆک، بووی بە نموونەیەک بۆعەشق، بۆخۆشەویستی، بۆژیان...

دوعا گیان! تۆ ویستت بەشەهید بوونت بەو دڕندە عەقڵ نەخۆشانە بڵێی ڕاستە مرۆڤ دوای ئەوەی بەردباران ئەکرێو ئەکوژرێ، دەمرێ، بەڵام هەمیشە رووحی زیندووە بۆ عەشق، بۆ خۆشەویستی، بۆ ژیان.

من دڵنیام بە ئێستاشەوە دڵت نایە دوعای شەڕ لەو دڕندە دزێوانە بکەیت، چونکە بەزەیت بە عەقڵی نەخۆشیانا دێتەوە.

خۆزگە ئەو دڕندە عەقڵ کورتانە، هۆشیان بەقەد تاڵێک لەدرێژی سمێڵیان درێژ دەبوو، دڵنیابە ئەوسا خۆیان لەبری تۆ نەعلەتیان لەبێ عەقڵی خۆیان دەکرد.

ئەوان بەدوای پاراستنی شەرەف کەوتوون ، بێئاگان لەوەی خۆیان بێ شەرەفترین کەسن.

ئاخر کام یاساو کام ڕێسا ڕێگای داوە مەرگ ڕاوی پەپوولە بکات، ئەگەر یاسای ژەنگ گرتووی ئەوان نەبێت کە هەزار سەدە لەعەقڵی ژەنگ گرتوویان کۆنترە.

ئاخر کام ویژدان ڕێگای داوە بەڕۆژی ڕووناک بە بەرچاوی عەشقەوە خۆشەویستی ئاوەها بەردەباران بکرێ.

نا تۆ نەمردووی، ئەوان مردوون .

چونکە ئەوان بەخیلیان بەتۆ ئەبرد ، نەیان توانی وەکو تۆی گوڵ لە پێناوی عەشقا بمرن.

دوعا گیان! دڵنیابە ئەو دڕندانە بەم ڕەفتارە دزێویان بە پێنووسی پڕ ڕقوتوورەیی ودڕندانەیان بە خەتێکی ڕەش لەسەر ڕووی سپی ژیان نووسیان ئێمە ڕسواین.

# ژان

حەلیمە

پێشکەشە بە دوعاکان



کام ئەرخەوان، کام باڵندە، کام رەشەبا، کام زریانە
ئازاری نیگای کازیوە
بە هەناسەی رەهای رووبار دەناسێنێ؟
دوای هەڵوەرینی دوو لێوەت
کامە پێنووس دەمی تاوان دەخنکێنێ؟
هەزاران جار، هەزاران سات
بە قامووسی بێبەزەیی روو ڕەشانی درندەخوو
رق دەرشێنم
تف لە زاتی چڵکاویان
من هەڵقرچانت دەبینم
چیرۆکی دارووشانی تۆ
تەزووی چەوساوەی شەقامیش دەتاوێنێ
چ داخاوی دەرشێمەوە
چ ژاناوی رێگە دەبرم
کامە گریان؟
ترپەی دڵی نوشتاوەی هەور
بە باوەشی پیرەزەوی دەناسێنێ؟
لە باکووری تەرمی مەمکت
زەرمەی شەقو پێلاقەی شەوپەرەستان
پەیکەری فرمێسک دەنێژێ
کامە رێبوار لە کام سووچی یاخیبوونا
کوژرانی خۆر لە لاپەڕەی جەللادێك دا دادەچێنێ
چ داخاوی دەڕشێمەوە.....
دڵنیا بە زریکەی هەستم لەگەڵ سێبەری بوونت دا ئاوێتەیە

# ڕۆندك

ڕەسووڵ سوڵتانی (هۆزان)



لە دیدەم خوێن ئەبارێ رووباری سوورە ڕۆندك
دەبێ بڕژێتە خوارێ لە چاو مەجبوورە رۆندك
شنەی ئەم خۆشەویستییە ژیانی دا بە شێعرم
بەلەز رۆیشتو ئێستا هەواری دوورە رۆندك
لە دوای ئەم کۆچە چاوم کەسی تری نەدیون
لەپێشی هەڵچنیون دیوارو شوورە رۆندك
نیگا و هەنگاوی هیوام شل نابێ بەو دەهۆیە
لە شەو زستانی تاڵی ئەویندا نوورە رۆندك
وشەم رازاوە بەژنی بە ناوی بەرزی عەشقی
لە گەردنی شێعردا گوڵو بەرموورە رۆندك

***

چلۆن عاشق بگاتە کۆتایی ڕێی ئەوینت؟
کە نیشتمانی عەشقم زۆر بێسنوورە، رۆندك
غەزەل ناتوانێ وێنەی بزەی سەوزت بکێشێ
لە ئەم تاوانە گەورەی هۆزان ببوورە، رۆندك
دڵی لێوڕێژ لە عەشقم لە لێدان با نەوەستێ
لە هەودای بسکی نەرمو رەشت بیدوورە، رۆندك
کوڵی خەم هەڵ دەرێژێ قەڵەم بۆ دەفتەری رووت
هەوارو نیشتمانی بزەم خاپوورە، رۆندك

٣٠ی بانەمەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی

# منداڵەکانتان بۆ چوون بۆ باخچەی ساوایان ئامادە بکەن

وەرگێرانی بۆ کوردی: چریکا

**بۆ ئەوەی منداڵە چکولەکانتان بۆ رووبەروو بونەوە لەگەڵ راستی ژیانی‌و چوون بۆ باخچەی ساوایان ئامادە بکەن، پێویستە ئەم رێگا بەسوودانە بەکار بێنن:**

ـ لە پێشدا باخچەی ساوایان (رەوزە) بە منداڵەکانتان بناسێنن. لەهەر هەلێك کەڵك وەرگرن بۆ ئەوەی باخچەی ساوایان بە منداڵەکانتان نیشان بدەن کەلەوانەیە بەم زووانە پێ‌بنێنە ئەو شوێنە.

بەم جۆرە زۆر پێش ئەوەی منداڵەکانتان بچنە باخچەی ساوایان، لەگەڵ ئەو شوێنە ئاشنای بکەن. کەوایە لە رۆژی یەکەم دا منداڵەکانتان لەچوون بۆ ئەو شوێنە نوێیە ترسێکیان نابێ.

**. ئەو کەسانە بە منداڵەکانتان بناسێنن کە قەرارە لەگەڵ ئەو کەسانە سەروکاریان ببێ.**

دەبێ لەسەر ئەو باوەڕە بن منداڵەکانتان پێش ئەوەی بچنە باخچەی ساوایان لەگەڵ مامۆستاکانیان ئاشنا بن، ئەگەر منداڵەکانتان تەنیا لەگەڵ کەسێك لەو شوێنە نوێیە ئاشنایی هەبووبێ، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ترس‌و نیگەرانی‌یەی کە رۆژی یەکەم لەبوونی لە باخچەی ساوایان دا هەیەتی برەوێتەوە. ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە منداڵەکانتان بۆ خۆتان نەیانبەنە باخچەی ساوایان‌و بە سرویس بەرێیان بکەن، پێش ئەوەی کاتی بەرێ کردنی هاتبێ لەگەڵ شۆفیری سرویسەکە ئاشنای بکەن یا پێشتر منداڵەکان بۆ باخچەی ساوایان ببەن‌و لەگەڵ دامودەزگای ئەو شوێنەو کارگێڕەکانی ئاشنای بکەن. لێرەدا پێویستە هەموو کارگێڕانی باخچەی ساوایان دەم بە پێکەنین بن‌و هەڵسووکەوتیان خۆمانە بێ‌و لە منداڵان نزیکتر ببنەوە، لەبەر ئەوە دەورووبەری باخچەی ساوایان نابێ ترس‌و وەحشەت لە دەروونی منداڵەکان دا پێك بێنێ.

**. بۆ منداڵەکانتان هاورێ بدۆزنەوە:**

ئەگەر بکرێ هەوڵ بدەن منداڵەکانتان لە باخچەی ساوایانێك دا ناونووسی بکەن کە چەند کەس لە منداڵانی خزم‌و جیرانەکانتان لەو شوێنەدا ناونووسیان کردبێ، بەم جۆرە منداڵەکانتان لە کاتی بوونیان لە باخچەی ساوایان دا هەست بە غەریبی‌و نائاشنایی ناکەن‌و لە پەنا هاورێکانیان دا هەست بە ئارامی دەروون دەکەن.



دەرچووانی ساڵی دوهەمی باخچەی ساوایانی هەنگ

سەعات‌و بەرنامە جۆراجۆرەکانی باخچەی منداڵان بۆ منداڵەکانتان شی بکەنەوە پێش ئەوەی باخچەی ساوایان دەست بەکار بکا، دەبێ لە سەعات‌و بەرنامە جۆراجۆرەکانی ئەم شوێنە ئاگادار بن‌و لە سەر ئەوە بە تەسەلی لەگەڵ منداڵەکانتان بێننە گۆڕ. دیارە نابێ چاوەڕوانیتان لە منداڵەکانتان هەبێ هەموو بەرنامەکان لەبەر بکەن. تەنیا باشتر دەبێ ئەگەر تا ڕادەیەك لە بەرنامەکان ئاگادار بن تا تووشی ترس‌و نیگەرانی نەبن.

**. هێندێك رێنوێنی منداڵەکانتان بکەن:**

دەست پێکردنی باخچەی منداڵان بەو مانایەیە کە گۆڕان لە ژیانی منداڵان دا پێك دێ‌و قانونێکی نوێ دەچێتە نێو رەفتارو کردەوەکانیان لە کاتی بەڕێوەبردنی بەرنامە ئامووزشی‌یەکان دا، کە دیارە ئەوە منداڵان تا رادەیەك تووشی ترس‌و دڵە خورپێ دەکا.

دەبێ بۆ یارمەتیکردن بە منداڵەکانتان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووکەوتیان لە باخچەی منداڵان دا رێنوێنی بەسوودو بەکەڵکیان بدەنێ، وەك:

ـ زۆر باش گوێ بۆ قسەی مامۆستاکانت ڕاگرە.

ـ لەگەڵ منداڵەکانی باخچە شەڕ مەکەو ئەوانت خۆش بوێ.

ـ لەکاتێ کە مامۆستاکەت قسە دەکا تۆ لەگەڵ ئەم‌و ئەو قسە مەکەو خەریکی شتی لاوەکی مەبە.

ـ دەبێ هان بدرێ ئەو پەڕی هەوڵ‌و کۆششی خۆی بەکار بێنێ تا منداڵێکی ژیر بێ‌و بۆ فێربوون هەوڵی زۆر بدا.

*
*
*

# دەرمانی قەڵەوی

وەرگێرانو ئامادە کردنی: حەلیمە رەسووڵی

زۆربەی ژنانو پیاوان لە قەڵەوی دەترسنو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ دەدەن خۆیان لاواز بکەن بەو هۆیە کە قەڵەوی سەرەڕای ئەوەکە رواڵەتو لەشی مرۆڤ ناشیرین دەکا زیانیشی هەیە بۆ مرۆڤ تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەکا ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوتان پێشنیار گەلێکن بۆ خۆ دەربازکردن لە قەڵەوی. ئەو مرۆڤانەی کە حەزیان لەخۆ لاواز کردنە پێویستە کە لە کەڵك وەرگرتن لە هەر جۆرە دەرمانێکی شیمیایی خۆبپارێزن چونکە بە گشتی هەموو دەرمانێك ماوادێکی زیانهێنەریان بۆ لەش تێدایە. رەنگە کەڵك وەرگرتن لەو دەرمانانە تا رادەیەك کێشی لەش بێنێتە خوارێ ( هەڵبەت بۆ ماوەیەکی کاتی) بەڵام زیانەکانی دواتر لەسەر لەشی مرۆڤ خۆ وەدەر دەخا. ئەو شێوانەی کە ئێمە لێرەدا باسی دەکەین بۆ بەرگری لە قەڵەوی پارێز کردنو وەرزش کردنە مەبەستمان لە پارێز برسێتی نیە. هەروەها کاتێکیش دەڵێن وەرزش مەبەستمان ئەوە نیە کە رۆژێ جارێك لە چیایەکی بەرز سەرکەوین.

خواردنی بەجێ دەتوانێ ماندوویی لەش لە ناو بەرێو هێز بخاتە بەر تەواوی سلولەکانی لەش بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ لەو خواردنانە کەڵك وەرگرن کە لەشساغیمان بپارێزێ.

جۆرەکانی خواردنی رۆژانە بەش بەش، دابەش دەکەین.

١ـ خواردنە پرۆتۆئینیەکان
٢ـ کاربۆهیدراتەکانو نیشاستە
٣ـ ڤیتامینەکان
٤ـ چەورییەکان
٥ـ قەندەکان
٦ـ خواردنە هێز بەخشەکان

ئەو خواردنانەی ناومان بردن بریتین لە سەوزییەکان وەك کاهوو، هەروەها شێلمو.... ئەو خواردنانە پێویستنو کاتێك بەجێو بە رادەی پێویست کەڵکیان لێ وەرگیرێ ئەوە ئەو کات لەش ساغیمان پارێزراوە بەڵام ئەو خواردنانەی کە دەبێ پارێزیان لێ بکەینو بەرادەی کەم کەڵکیان لێوەرگرین ئەوانەن:

١ـ نانی سپیو ئەو شتانەی کە بە ئارد ساز دەبن.
٢ـ گۆشتە چەورەکان
٣ـ ترشیاتی تیژو پڕ لە سرکە (ئەو خواردنە کاری هەرسکردن وەپاش دەخات)
٤ـ شیرینی
٥ـ برینج (بە تایبەت بە شەودا لە خواردنی خۆ ببوێرن)
٦ـ چاییو قاوە (لەم سەدەیەدا باوەکە بۆ حەسانەوەو زاخاوی مێشك پەرداخێك چایی یان قاوە دەخۆنەوە کە بە داخەوە کاریگەری باشی ئەو خواردنەوەیە زۆر نزم ترە لە کاریگەری خراپی ئەو)

بەڵام لەم خواردنانەدا زۆر کەڵك وەرگرین کە بریتین لە شیر، جۆرەکانی سەوزیو میوەی تازە.

بەڵام با بزانین چۆن خواردن بخۆین کە زیاتر کەڵك لە ڤیتامینەکان وەرگرین.

١ـ زۆر بەسپاییو لەسەرخۆ پارو بجوون بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئاوی دەم بە باشی تێکەڵ بێ
٢ـ رادەی کەڵك وەرگرتنی خواردنی ئاسایی‌تان بێتە خوارێ
٣ـ رادەی کەڵك وەرگرتن لە میوەو سەوزی بەرنەسەرێ
٤ـ مابەینی دووجار چێشت خواردن بەلانی کەمەوە دەبێ ٥ تا ٦ کاتژمێر بێ
٥ـ خواردنی نانی شەوتان زوو بێ بۆ ئەوەی کە کاتێك دەچنە جێگاوە زگتان قورس نەبێ

بەشی دووهەمی بەرگری لە قەڵەوی جوڵانەوەی جەستەییە. ئەو جۆرە وەرزشەی کە پێشنیاری دەکەین وەرزشێکی بێ کەرەسەیە کە دەبێ بەیانیان بەر لە نان خواردن بەرێوە بچێ.

١ـ لەسەر کورسی‌یەك دابنیشنو دەستتان لەسەر کەلەکە دابنێننو هەوڵ بدەن بۆ لای چەپو راست بنوشتێنەوە
٢ـ لەسەر پشت بخەونو لە کاتێك دا کە قاچی راستەتان راکێشاوەو قاچی چەپەتان بنوشتێتەوەو بە هاوکاری دەستەکانتان قاچتان بەرنەسەر سینگتانو قاچەکەی دیکەشتان بە هەمان شێوە ببەنە سەر سینگتان
٣ـ لە کاتێك دا کە راوەستاون قاچەکانتان ٧٠ سانت بکەنەوەو خۆدانەوەێنو دەستی راستتان لەسەر گوێزنگی قاچی چەپتانو دەستی چەپتان لەسەر گوێزنگی قاچی راستتان دانێن.



گرینگترین جوڵەی وەرزشی کە پێشنیاری دەکەین هەڵکێشانی هەناسەی قووڵە جا چ بەیانیان چ شەوانەو هەوڵ بدەن لە ماوەی شەوو رۆژدا هەرکات پێتان کرا سی‌یەکانتان پڕبکەن لە هەوای خاوێن هەروەها پێشنیارێکی دیکە ئەوەیەکە تا ئەو جێگایەی بۆتان دەکرێ بە پێیان بە رێگادا بڕۆنو لە کاتی رێگا رۆیشتن دا سەرتان هەڵێنن، سینگتان بەرنەپێشێو زگتان بەرنەژورێ.

ئەگەر ئەو پێشنیارانە بخەنە بەرچاو کەڵکیان لێوەرگرن بێگومان ئاکام گەلێکی باشیان دەبێ.

*
*
*

# بژیوی بە شیری دایك

**وەرگێرانی لە فارسی‌یەوە: سەید جەلال ساڵحی**

**پێشەکی:**

دوبارە بوونەوەی هەستی شیردان بە منداڵ لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم لە نێوان دایکان‌و پزیشکەکان دا هاتەگۆڕ، بە شێوەیەك کە سەرکەوتوو نەبوونی شێوازەکانی دیکەی بەخێوکردنی منداڵ‌و هەرچی زیاتر تێگەیشتنی کۆمەڵ لە قازانجەکانی شیری دایك بوونە هۆکاری دووبارە هاتنەگۆڕی ئەم هەستە. لە نێو کتێب‌و تارو بابەتەکان دا ئاماژە بە مەترسی‌یەکانی شیردان بە شووشەو مەمکە دەکرێ‌و ئامارەکانیش بە ڕوونی جیاوازیی ڕادەی مردنی ئەو منداڵانەی شیری دایکیان پێ‌دەدرێ‌و ئەوانەشی کە بە پێچەوانەن، دەردەخەن. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا گرینگی‌و قازانجی شیری دایك دەزانن، بەڵام بەداخەوە دەبینین هێندێك لە دایکان لە شیر پێدانی منداڵدا سەرکەوتوو نین‌و گرینگترین هۆیەکانی ئەم کارەش ئاسانتر بوونی شیرپێدان بە شووشەو مەمکەو کەم تێگەیشتن لە قازانجەکانی شیری دایکە.

٦٨٪ی ژنانی تاران لە وڵام بە پرسیارێك سەبارەت بە هۆی درێژەنەدانی شیری خۆیان بۆ بەخێو کردنی منداڵەکەیان. لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بزاندرێ ڕادەی شیری دایکێك لە بارە، چوونەسەری کێشی منداڵەکە بە پێی ئەو خشتە زەمەنی‌یەیە کە لە کاتێکی تایبەتی‌دا دیاری دەکرێ.

**قازانجە تەندروستی‌و دەرمانی‌یەکانی شیرپێدان بۆ دایك**

١ـ شیردانی دایك دەبێتە هۆی گرژبوونی منداڵدان‌و زوو گەڕانەوەی بۆ حاڵەتی یەکەم، کەوابوو خوێن ڕێژی‌یەکانی دوای منداڵبوونیش کەم دەکاتەوە.

٢ـ شیردان بە درێژەدەری فیزیولۆژیکی زگ پڕی‌و منداڵبوون دەژمێردرێ‌و تووشبوون‌و شێرپەنجەی مەمك‌و هێلکەدانەکان لەو ئافرەتانەی کە دوای زگ پڕی شیردەدەن کەم دەکاتەوە، بینراوە.

٣ـ بەم هۆیە کە بەشێکی زۆری وزەی دایك لە دەورانی شیردان دا لە چەوری‌یە کۆبووەکان دابین دەکرێ، لە ئاکام دا شیردان یارمەتی دابەزاندنی کێشی ئەو دایکانەی کەلە دەورانی زك پڕی‌دا چۆتە سەرێ، دەکا.

٤ـ شیرپێدان دەتوانێ تا ئەندازەیەك پێشگیری لە دووگیان بوونی‌تر بکا.

**قازانجەکانی شیرپێدان بۆ کۆرپە:**

١ـ شیری دایك هەموو پێکهاتەکانی خواردنی منداڵ تا شەش مانگی دابین دەکا. خراپ نیە بزانین کە هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی منداڵ‌و پێداویستیی خواردنی منداڵ شیری دایکیش ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ. جۆری خۆراکی دایك لە چۆنیەتیی شیری کاریگەریەکی ئەوتۆی نیەو تەنانەت ئەو دایکانەی کە لە خۆراکێکی باش بەهرەمەند نین، شیرەکەیان چۆنایەتی‌یەکی باشی بۆ کۆرپەکەیان هەیە.

٢ـ شیری دایك بەدوور لە هەر جۆرە پیس بوونەو هەر کاتێکیش بتهەوێ لە بەردەست دایەو بە کەمیش حەساسیەت لە ساوا شیرەخۆرەکان دا دیتراوە.

٣ـ خواردنی شیری دایك دەبێتە هۆی چوونە سەریی ڕادەی زیرەکیی منداڵ‌و کەمبوونەوەی سەرهەڵدانی نەخۆشی‌یە چڵکی‌یەکانی هەناسەدان، زکچوون‌و ڕشانەوە.

٤ـ شیری دایك کۆئەندامی بەرگری منداڵ بەهێز دەکا بەتایبەت ژەك (آغوز) کە وەك یەکەمین کوتان، کۆرپەکە لە بەرامبەر نەخۆشی‌یەکان دا دەپارێزێ. مەترسیی تووشبوون بە چڵکەکانی هەناسەدان‌و زۆربەی نەخۆشی‌یە چڵکی‌یەکان لەو منداڵانەی کە شیری ویشکیان دەدەنێ، لانیکەم دوو بەرابەرە.

٥ـ ئەو کۆرپانەی کە لە ڕێگای مەمکی دایکیانەوە بەخێو دەکرێن، بێجگە لە هەست کردن بە، هەست دەکەن کە ئاوڕیان لێدەدرێتەوە. کەوابوو حاڵەتی شادی‌و خۆشحاڵی‌یەکی تایبەتیش ئەزموون دەکەن.

ئەم هۆیانەی خوارەوە بەڵگە نین بۆ ناتەواوی شیری دایك:

١ـ چووکە بوونی مەمك.

٢ـ نەبوونی شیری تەواو لە خزم‌و قەوم‌و خێش دا

٣ـ پێشینەی نەبوونی شیر لە شیرپێدانەکانی پێشوودا

٤ـ بەناودا چوون یان زەق بوونی گۆی مەمك

٥ـ باش نەخەوتنی کۆرپە



٦- مژینی قامکەکان لە کۆرپەدا

دابەزینی ڕێژەی خۆراکی کۆرپە بە شیری دایک لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەگرتن دا هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی بەدخۆراکییە توندەکان. ئەم تێکچوونەی کە زیاتر لە ١٨ مانگی یەکەمی ژیانی کۆرپەکە کە مێشکی لە حاڵی گەشەکردنی خێرا دایە دەبیندرێو، هەڕەشە لە کامڵبوونی زەینی کۆرپەکە دەکاو ئەمە، زەرەری ئابووری قەرەبوونەکراو لە بواری هێزی مرۆییەوە لە وڵاتان دەدا.

**کات و چۆنیەتیی شیردان:**

١- بژیوی شیری دایک، دەست بەجێ یان ئەو پەڕەکەی نیو کاتژمێر لە دوای منداڵبوون یان دوای بەهۆش هاتنەوەی لە نەشتەرگەری (ئەو دایکانەی کەلە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە (سزارین) منداڵیان دەبێ) دەست پێ بکا (واتە دەست بەجێ یان نیو کاتژمێر دوای عەمەلیات شیر بە کۆرپەکەیان بدەن). هەرچەند بژیوی بە شیری دایک زووتر دەست پێبکا، شانسی سەرکەوتنی لە شیرپێدان زیاتر دەبێ.

٢- بژیوی کۆرپە بە شیری دایک بە ژەک دەست پێبکەن کە ڕەنگی زەردەو زۆریش وزەدەرەو ماددەی بەرگریکەری تێدایەو لەگەڵ ئەوەی ڕێژەکەی کەمە، بەڵام پێویستییە خۆراکییەکانی کۆرپە لە یەکەمین ڕۆژەکانیدا دابین دەکا.

٣- بەر لە هەر شیرپێدانێك دەستەکانتان بە ئاوو سابوون بشۆن، بەڵام ڕۆژێ جارێك حەمام کردن یان شۆردنی مەمکتان بە ئاوی شیلەتێن باشەو لە ئەلکۆڵو سابوون بۆ شردنی مەمك کەڵك وەرمەگرن.

٤- بارودۆخێکی لەبارو ڕاحەت بە مەیلی خۆتان بۆ شیرپێدان هەڵبژێرن. دەبێ شانەکانو قەفەزەی سینگی شیرخۆرەکە کە ڕووبەڕووی مەمکی دایكو لووتیشی ڕێکی گۆی مەمکی بێ. سەرنج بدەن جیاواز لە گۆی مەمك ئەو خەرمانە قاوەیی ڕەنگەی دەوری مەمکیش دەبێ بچێتە ناو دەمی شێرەخۆرەکەوە.

٥- ماوەی کاتو کەڕەتەکانی شیرپێدان بە پێی ویستو ئیرادەی کۆرپەکە خۆیەتی. بە هۆی ئەوەی کە شیری دایك بە ئاسانی هەزم دەبێ، کۆرپە زوو برسی دەبێو داوای شیر دەکا(ئەمە هۆی ناتەواوی شیری دایك ناگەیەنێ). لە بردنە دواوەی سینگ بە شێوەی کتوپڕی لە دەمی شیرخۆرەکە خۆ ببوێرن.

٦- باشتر وایە هەر ژەمێك، شیری مەمکێك بدەن بە کۆرپەکەو سینگ تان بە تەواوی بەتاڵ کەنەوە، چونکە سەرەتای شیرەکە چەوری کەمترەو لە کۆتایی شیرپێدانەکەدا چەورییەکە زۆرتر دەبێو کۆرپەش بۆ گەشەکردن پێویستی بەم چەوری هەیە. لە کاتێك دا کۆرپەکە بە مەمکێك تێری خوارد بۆ ژەمێکیتر شیری مەمکەکەی تری بدەنێو کاتێکیش کە زانیتان هەر ئەو ژەمە تێری نەخواردوە، شیری مەمکەکەیتری بدەنێ.

٧- تا شەش مانگی لە پێدانی قەنداو، شیری حەیوانیو شلەکانیتر خۆببوێرن، چونکە تەواوی پێویستییەکانی کۆرپە بە شیری دایك دابین دەبێ. لەگەڵ ئەوەش دا ئاوێتەی شیری دایك لەگەڵ پێویستییەکانی کۆرپەکەدا دەگۆڕێ.

٨- لە تەواوی کاتەکانی ڕۆژداو بە تایبەت لە شەودا شیر بدەن بە منداڵەکەتان، چونکە دەردانی شیر شەوانە زیاترە.

٩- بیرکرنەوە لە شیرەخۆرە، چاولێکردن، کەڵك وەرگرتن لە خاولی گەرمو خاو بۆ ماوەی پێنج تا دە خولەك لە سەر مەمکەکانو یان داماڵینی سینگەکان یارمەتی بە ڕەوان بوونی شیر دەکا.

١٠- کۆرپەی نەگەیشتوو، کێشی کەمو یان نەخۆش پێویستییەکی زیاتری بە شیری دایك هەیەو پێویستە بە مەودایەکی کەمتر لە یەك شیر بە منداڵ بدرێ. بە هیچ شێوەیەك نابێ لەکاتی نەخۆش کەوتنی کۆرپەدا شیری لێ ببڕدرێ.

١١- ئاسوودەییو ئارامی ڕووحیی دایكو پشوودانی تەواو، هەروەها پشتگیری ڕووحی لە لایەن هاوسەرەوە ڕۆڵێکی تەواویان لە دەردانو دەڵاندنی ڕێژەی شیردا هەیە.

**شیردانی ئەو دایکانەی کە کارمەندن:**

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون، توێژی ژنانی خوێندەوار، زیاتر خوازیاری شیرپێدانن بەڵام درێژەنەدانی ئەم کارە دوای شەش مانگی لەنێو ژنانی کەم داهات، بێکارو ئەو کەسانەی خوێندەوارییان لە خوارەوەیە، زیاتر لە گرووپەکانی ترە:

ڕاپرسییەك کە لە بابەت بژیوی بە شیری دایك لەنێو ژنانی پەنابەری ئێرانی، ئەفغانیو باشووری ئاسیا کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژین، نیشاندەری ئەوەیە کە دایکان زۆر زوو دەست لە شیرپێدان بە کۆرپەکانیان هەڵدەگرن تاکوو بتوانن درێژە بە پیشەکەیان بدەن، چونکە:

١- ئابووری بنەماڵە زۆر گرینگە.

٢- شوێنە پیشەییەکان، دایکانێك کە پێویستییان بە چاوەدێری لە منداڵ هەیە، وەرناگرن.

٣- ماوەی مۆڵەتی دوای منداڵبوون زۆر کەمەو هێندێك جار هەر نیە.

**ئەگەر کار دەکەن:**

١- لە هەموو ماوەی مۆڵەتی منداڵبوون دا تەنیا شیری خۆتان بدەن بە کۆرپەکە.

٢- دوای گەڕانەوەتان بۆ سەر کار، ماوەی شیرپێدانەکە لە عەسرو شەوانەدا زیاتر کەن.

٣- لە مەرەخەسی چەند سەعاتەتان بۆ شیرپێدان بە منداڵەکەتان کەڵك وەرگرن.

٤- شیرەکەتان بدۆشن، بەتاڵ کردنی بەردەوامی مەمکتان یارمەتی بە زۆرتر بوونی شیر دەکا.

٥- شیرە دۆشراوەکە بۆ کۆرپەکە هەڵگرن بۆ کاتێك کە لێی دوورن.

٦- بە شووشە مەمك شیری دایك مەدەن بە کۆرپەکە، بەڵکوو بە پەرداخ یان بە کەوچك پێی بدرێ. شیری دۆشراوی دایك شەش تا هەشت کاتژمێر لە گەرمایی نێو ماڵدا (شوێنی فێنك)و تا ٤٨ کاتژمێر لە نێو یەخچاڵو ٣ مانگیش لە فریزێردا بۆ هەڵگرتن دەبێ.

سەرچاوە:

گۆڤاری"درد" ژمارە ١١

# کاریگەریی وەرزش و جووڵەکانی ئێروبیک بۆ تەندروستی

وەرگێرانی بۆ کوردی: حامد خانزادی



**کاریگەریی وەرزش و جووڵەکانی ئیروبیك و لەشجوانی بۆ تەندروستی تاکەکان**

هەموو خەڵك چ لە ئێران و چ لە جیهان دا لە سەر ئەو باوەڕەن کە وەرزش لە هەر جۆرێك بێ بۆ خوشحاڵی و تەندروستی کاریگەرو بەکەڵکە. زۆربەی خەڵك وەرزشیان پێخۆشە بەڵام بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر زۆربەیان لەبەر کەمی کات، سەرقاڵ بوونی زۆر، تەمبەڵی و... ناچن بە لایدا. دەبێ هەموو خەڵك ئاگادار بکرێنەوە کە وەرزش کردنی قورس و راهێنانی سەخت نیەو حەتمەن پێویستی بە شوێنی شیاو، کاتی زۆرو وزەی زۆر نیە، بەڵکوو دەتوانێ لە شەقام، باغی گشتی، ماڵ، شوێنی کارو... دەسپێکی ئەو کارە بێ.

جووڵەکانی ئیروبیك (بێ ئاسن) یا جووڵەکانی لەشجوانی بە هالتێر، دەمبێڵ و... یا ئەو وەرزشانەی کە پایەی هەموو وەرزشەکانن نەك هەر لە هۆڵی وەرزشی دا بەڵکوو لە ماڵ و شوێنی کاریش بۆ ماوەی ١٥تا ٢٠ خولەك ئەنجام بدرێ. زۆرانبازێك، یا یاریزانێکی تۆپی پێ و وەرزشکارەکانی رشتەکانی دیکە دەبێ ئەو دوو جۆرە هەڵبەتە بە شێوەی نیوە شوغڵی لە لابەلای راهێنانەکانیان ئەنجام بدەن. تەنانەت فرۆکەوانەکانی جێت دەبێ رۆژانە کاتژمێرێك جووڵەکانی لەشجوانی بە ئاسن ئەنجام بدەن و ماسولکەکانی مل، شان، سینگ و لاقەکانیان بەهێز بکەن تا لەکاتی خێرایی زۆرو هەڵفرینە مانۆرپییەکان، بە هۆی نەگەیشتنی خوێن بە مێشك و سەر کە دەبێتە هۆی کوێر بوونی کاتی ئەو ماسولکانە بە یارمەتییان بداو ببێتە هۆی گەیاندنی خوێن، لە ئەنجامدا تووشی گیروگرفت نەبێ.

**ئێرۆبیك چییە؟**

ئێرۆبیك یانی چالاکییەك کە ماسولکە گەورەکان دەیکەن، لانیکەم ١٢ خولەك بەحاڵەتی هاوریتم و تایبەت بە مەرجێکی کە خێرایی راهێنانی لەتاقەت دابێ و پێویستیی لەش بە کەڵك وەرگرتن لە ئۆکسیژن بۆ ماوەیەك زیاتر دەبێ، ئەو چالاکییە ئەنجام دەدرێ. ئێرۆبیك لە چالاکییە خێرایەکانە. یانی چالاکییەکی کە خێرایی راهێنانی زیاتر، بەڵام ماوەی راهێنان کەمترە.

لەروانگەی پزیشکییەوە، ئەو وەرزشە سیستەمی دڵ، ئارەقە، هەناسە فێر دەکاو بەخێرایی بە گەڕانەوەی توند ئوکسیژن دەگرێ و بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی لەش دەنێرێ، هەناسەهەڵکێشانی یەك ریتم لە زارو لوت بەردەوام ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی گۆڕینەوەی باشتری ئوکسیژن و دیئوکسیدی کەربۆن، کۆنترۆڵی قەندی خوێن، کۆنترۆڵی زەختی خوێن و کەمکردنی کێشی زیادەی لەش و گەیشتن بە کێشی دڵخوازی خۆت.

ئێرۆبیك کەرەسەیەکی بەکەڵکە بۆ بەرگری کردن لە خەمۆکی، بێتاقەتی، چۆن هۆرمۆنی ئەندرۆفین لەلەش دا دروست دەکاو دەبێتە هۆی هێنانی شادی، ناوەندییەتی (تمرکز) زەین و بردنەسەری داهێنانی فکری.

**لەش جوانی (کار بە ئاسن و دەزگا)**

هالتێر، وەزنە، دەمبێل، دار، کێش و سیستەمی کێشان لە چالاکییەکانی قورس و بە هێواش ناودەبرێن کە بێ پسانەوە لە راهێنانی رۆژانەی ئێرۆبیکن.

لە روانگەی پزیشکییەوە، ئێرۆبیك باشترین رێگەی بەرگریکردن لە خراپ بوونی ئێسکە، چونکە کاری کەلیسیۆمسازی لەسەر ئێسکەکان ئەنجام دەداو بۆ زیاد بوونی هێزو خۆڕاگریی ماسولکەکان کاریگەری هەیە. هەروەها رۆڵی گرنگی لە پێکهێنانی باوەڕ بەخۆ بوون لە جەستە هەیەو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مەترسیی بۆش بوونی ئێسك و نەزمی هاوئاهەنگی لەش دەبێ. ئەگەر بنەماڵەیەك چەند کەسی کات یان داهاتی رۆیشتن بۆ هۆڵی وەرزشییان نیە دەتوانن بە ئامرازی کەم بە شێوەی گشتی و پێکەوەو بۆ ماوەی لانیکەم ٢٠ خولەك یا زیاتر لە ماڵدا راهێنانەکانی ئێرۆبیك و لەشجوانی ئەنجام بدەن.

**فاکتۆرەکانی تەمەن**

هەر تەمەنێك بۆ دەسپێکی لەشجوانی و ئێرۆبیك شیاوە بە مەرجێکی کە بە شێوەی دروست ئەنجام بدرێ. ئێرۆبیك بۆ تەمەنگەلی جۆراوجۆر لە مێرمنداڵ هەتا گەورەساڵ و تەنانەت منداڵانی دەگمەن بە کەڵکە و بەو هۆکارانەو حاڵەتی ئاهەنگی کە خۆی هەیەتی لە فێربوونی جووڵەکان دا یارمەتی بە خەڵك دەدا. راهێنانی لەشجوانی لە ١٥ ساڵی بەدواوە دەتوانی دەست پێ بکەیت لەبەر ئەوەی کە منداڵان پێش باڵغ بوونیان نابێ ئەو وەرزشە قورسە ئەنجام بدەن. لەباتی ئەوە بۆ ئەو تەمەنە باشترین وەرزش جووڵەکانی ئێرۆبیکە.

بەڵام بۆ ژنانی سەرووی٤٠ ساڵ باشترین

وەرزش، راهێنان بە ئاسنە. هەڵبەت بۆ ئەو تەمەنانە کە بڕیاری دەسپێکی راهێنانیان بە ئاسن هەیە باشتر وایە بە بیروڕا لەگەڵ پزشکی تایبەت و تاقیکردنەوەی پتەوی ئێسکو نەواری دڵ، ئەو وەرزشە دەست پێ بکەن. لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانە هێندێك بەتەمەنترنو دەبێ وریای پێکهاتەکانی نەرمی خۆیان بنو بە زیادبوونی تەمەن، لە ئاسنی سووکتر کەڵك وەربگرن.

**لەش جوانی (بەدەنسازی) لە ژنان دا (کار بە ئامێر)**

ژنان رایان وایە ئەگەر بە ئامێری راهێنانی قورسو لەشجوانی بکەن، لەشیان ماسولکاوی دەبێ. لەو بارەوە دەتوانین بڵێین کە ئاستی ماسولکاوی بوون و سرنج راکێشی ئەو وەرزشە لە نێوان ژنانو پیاوانو خەڵکی دیکە جیاوازی هەیە. چونکە لەشی ژنان بەهۆی جیاوازیی هۆرمۆنی، دژکردەوەی جیاواز بەو راهێنانە نیشان دەدا. چۆنکە هۆرمۆنی تێستوسترۆن رۆڵی دیاریکراوی لە بەهێز کردنو چاك بوونو ئەستووربوونی ماسولکەکان دا هەیە. لە ژیان دا، ئەو هۆرمۆنە کەمە، لە ئەنجام دا ژنان دەتوانن بە پلانی تایبەتو راهێنان بە ئاسن ماسوولکەکانی خۆیان توندتر بکەنو پێش گەیشتن بە تەمەنی پیریو ئاسەواری پیری باشترین وەرزش بۆ ژنان، راهێنانی لەشجوانی (کار بە ئامێر)ە. لەبەر ئەو ئاماژانەی کە بە لایەنە باشەکانی کرا، راهێنانە قورسەکان باشترین رێگا چارەن بۆ بەرگریکردن لە بۆش بوونی ئێسك.

لەلایەکی ترەوە پێشنیار دەکرێ کە ئەنجامدانی ئەو راهێنانە وەرزشیانە دەبێ بەرنامەی خواردنی لەباری لەگەڵ بێ تا ئەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە.

رۆڵی وەرزش لەکەمکردنی چەوری لەش چیە؟

بەوەرزش، HDL کە باشترین جۆری چەوری لەشە زیاد دەبێو LDL کە خراپترین جۆری چەورییە کە لە لەش دایە کەم دەبێتەوە.

سەرچاوە:

رفعت شمس مداح

خانواده جوان شماره ١٠٢

❊❊❊❊

# خەریکە ئەم کارەساتە ترسێنەرانە بە لای هەمووانەوە ئاسایی دەبێ

**کوێستان**

لاپەڕەی هەر رۆژنامەو گۆڤارو سایتێکی کوردی چاو لێ دەکەین چەندین هەواڵی تاڵو دیمەنی سووتانو بەردبارانی ژنان رامانده‌چڵەکێنێ. بەداخەوە خەریکە ئەم کارەساتە ترسێنەرانە بە لای هەمووانەوە ئاسایی دەبێ، لەبەر ئەوەی بەردەوام چاومان بەو هەواڵانە دەکەوێو گوێمان دەبێ.

- "ژنێك ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا"، "تەرمی ژنێکی نەناسراو لە چۆڵاییەکانی.... دۆزرایەوە"، "باوکێك کچەکەی خۆی وەبەر گوللە دا"، "پیاوێك ژنەکەی خۆی کوشت"، "کوڕێك ئەویندارەکەی خۆی کوشت". چەند بەئازارن ئەم هەواڵانە!

**چەند تاڵو دڵتەزێنە هەڵوەرینی گوڵی روخساری غونچە**

رۆژی ١١ی بانەمەڕ لاوێکی مەهابادی بە ناوی "هەباس"، ئەسیدی باتری ماشێنی بە سەروچاوی غونچەی تازە لاودا کرد کە دوو ساڵ بوو یارو ئەویندارى یەکتر بوون. غونچەی چارەڕەش بۆ هەمیشە چاوێکی لە بینینو روخساریشی لە جوانی بێبەریی دەبن.

ئەمە بە تاوانی ئەوە بوو غونچە بە هەباسی گوتبوو: "با واز لە یەکتر بێنین، منو تۆ بۆ یەکتر نابین".

من نازانم غونچە لەبەرچی ئەو هەڵوێستەی گرتبوو. کێ دەڵێ ئەمەشیان هەر لەترسی ئەوە نەبووە تا ئەویش چارەنووسی وەك چارەنووسی "دوعا"ی ١٧ی ساڵەی بەعشیقەو "بەناز"ی ١٩ ساڵە، ئەو کچە کوردەی لە ناودڵی "لەندەن" دا کوژرا، لێ نەیە، کە ئەمیان لە لایەن خێڵو عەشیرەتەکەیو ئەویان لە لایەن باوكو مامیەوە لە سەر خۆشەویستی بە شێوەیەکی دڕندانە گیانیان لێسەندرا. بەهەر حاڵ گرنگە بمانزانیایە غونچە بۆچی لە دڵدارەکەی تۆرابوو، بەڵام گرنگتر لەوەش ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەیە کە هەباس بەرامبەر بە غونچە نواندوویەتی. ئەمجارەیان لوتکەی رقو کینەو شەرەفو غیرەتی پیاوەتی!! بە شێوەیەکی دیکە دژی ئێمەی ژن خۆی نیشان دا. ئەم کارەساتانە: بەردباران، چۆقۆ لێدان، سووتاندن، خنکاندن، گوللە لێدانو ئەسید پێداکردن، رووی لە هەموومانە.

چ پێناسەیەك هەیە بۆ ئەو هەموو کارەساتە شەرماوییانە کە بەسەر ژنان دێن لەلایەن پیاوانی ئەم کۆمەڵەوە، جگە لەوەی بڵێین هەموو ئەوانە تاوانێکی یەکجار گەورەو شەرماویین پیاوان بەرامبەر بە ژنان ئەنجامی دەدەنو روخساری مرۆڤایەتیی پێ لەکەدار دەکەن.

ئەم هەموو کوشتو کوشتارە لە پێناو چیدا؟! لە پێناو سەرفیرازیی نەتەوە بندەستەکەمانە؟ یان لە پێناو شەرەفو غیرەتی پیاوانی کورد دایە؟!

تف لەو غیرەتەی شەرەفو ناموس لە کۆیلەیەتی مرۆڤەکان دا دەبینێتەوە.

***

هەر یەك لە ئێمە ژنانو پیاوان دەتوانین بۆ جوانترکردنی روخساری کۆمەڵگەکەمان تێبکۆشینو دەتوانین لە هەر ئاڵوگۆڕێك پێشوازی بکەین بەو شەرتە ئەو ئاڵوگۆڕە بۆ ئینسانیترکردنی ژیان بێ.

بەڵام کام جوانترو کام ئینسانیتر؟ ئەوەی "هەباس" لە شاری مەهاباد بەسەر غونچەی هێنا؟

کوا ویژدانێکی زیندوو، کوا کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤ، هەموو یەکدەنگو یەك هەڵوێست ئەم تاوانانە شەرمەزار بکەنو لە بەرامبەر هاواری ئەم هەموو ئازارەی ژنان دا گوێیان کەڕ نەکەنو بێنە ولام. ئەگەر چارەیەك بۆ ئەم هەموو کوشتو کوشتارە نەبینرێتەوە، کۆمەڵگاکەمان تراژیدییەکی ترسناك چاوەڕوانیەتی.

## گۆڤـاری ژنـان

پێشوازی دەکا لەهەر چەشـنە لێکۆڵینـەوەو وەرگێـڕانو بابـەتێکی ئـــەدەبیو هونـــەری کـــە لـــە روانگەیـــەکی پێشـــکەتنخوازانەو دێموکراتانـەوە دەڕوانێتـە مەسـەلەکانی پێوەندیـدار بـە ژنـان لـە کوردستان، ئێرانو جیهان.

لـە خوێنـەرانیش دەخـوازێ لـە هـەر جێیـەك کـە هـەن، بـبن بـە هەواڵنووسو پەیامنێری ئەو گۆڤارەو لە نـاردنی هـەواڵو راپـۆرتو وێنەی تایبەت بە ژنانو کارو تێکۆشانی ژنانی کورد دریغی نەکەن.

Women

No: 17
June 2007

A periodical published
by Democratic Women's
Union of Iranian Kurdistan



دیزاین: ایوب شهابی راد